دابینکردنی مافە نەتەوایەتییەکانی گەلی کورد
لە چوارچێوەی ئێرانێکی دێموکراتیکی فیدراڵدا

# کوردستان

ژمارە ٤٥٥
دووشەممە ٣٠ی ڕێبەندانی ١٣٨٥
١٩ی فێوریەی ٢٠٠٧
١٥٠ تمەن
www.kurdistanmedia.com

ئۆرگانی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران

## ڕوونکردنەوەیەك لە کۆمیسیۆنی چاپەمەنیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانەوە

لە ڕۆژنامەی "کوردستان"، ژماری ٤٥٤، ڕێکەوتی یەکشەممە، ١٥ی ڕێبەندانو لە چاپی ڕاگەیەندراوی دەفتەری سیاسیدا بەبۆنەی کۆتاییهاتنی نۆهەمین پلینۆمی کومیتەی ناوەندی، لە پێوەندی لەگەڵ وەرگیرانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە UNPOدا بە هەڵە نووسراوە کە ئەو ڕێکخراوەیە سەر بە ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکانە کە دروستەکەی بەم جۆرەیە، ئەو ڕێکخراوە، ڕێکخراوێکی نێونەتەوەیی سەربەخۆیە. بەم جۆرە لەگەڵ داوای لێبووردن ئەم هەڵەیە ڕاست دەکەینەوە.

کۆمیسیۆنی چاپەمەنیی
حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران
١٣٨٥/١١/٢٤ (١٣ی فێوریەی ٢٠٠٧)


لە کۆبوونەوەی سەرۆکایەتیی UNPOدا وتەکانی هاوڕێ عەبدوڵڵا حیجاب، ٤


وتووێژ لەگەڵ دوکتور خوسرەو عەبدوڵڵاهی ٥

ئینشعابەکانی نێو ڕیزەکانی حیزب، ... ٨


کێشەی نەتەوەیی و ڕێگەچارە دێموکراتیکەکەی ١٠


تێڕوانینی ژن بۆخۆی لە ڕوانگەی ڕەخنەوە ١١

# داخوا بڕیارنامەی ١٧٣٧ ، شوێندانەر نیە؟

دەرکردنی بڕیارنامەی ١٧٣٧ لە لایەن ئەنجومەنی ئاسایشی ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکانەوە، ئاکامی گوێ نەدانی کۆماری ئیسلامی ئێران بە داخوازی کۆمەڵگای جیهانییە.

ئەم بڕیارنامەیە کە بە یەکدەنگیو کۆدەنگی ئەنجومەنی ئاسایشی ڕێکخروای نەتەوە یەکگرتووەکان، دەرچووە، لە ڕاستیدا دژکردەوەیەکە لە هەمبەر دژایەتیکردنی ڕێژیمی ئێران، لەگەڵ ویستو داخوازییەکانی کۆمەڵگای جیهانی، کە ئەو ڕێژیمە بە "مستەحەقی" سزا دەزانێ. ئەحمەدی نەژاد سەرکۆماری ئێستەی ڕێژیم بڕیارنامەی ناوبراوی بە ورتکە کاغەزی بێ ڕمێنو مەراش لە قەڵەم دا. ئەگەرچی ئەم بڕیارنامەیە تەنیا بۆ "تەحریم"ی هاوکاری ناوکی دەگەڵ ئێران سنووردار کراوە. بەڵام، هەرئەوەکە ئەنجوومەنی ئاسایش وەك بەرزترینو سەلاحییەتدارترین ئۆرگانی بڕیاردەری جیهانیی، چالاکییە گۆماناوییەکانی ناوکیی ڕێژیمی دژی بنچینەی سوڵحو تەناهی لە جیهاندا بە حەساب دێنێ، خۆی لە خۆیدا ئێعتێباری ئەم ڕێژیمەی زیاتر بردۆتە ژێر پرسیارو بۆتە هۆی زیاتر تەریك خستنەوەی ڕێژیمو، هەروەها کاریگەری چاوەڕوانکراوی لە وەزعی بازاڕ پێك هێناوە، لە لایەکی دیکەشەوە نرخی پێداویستییەکان لە بازاڕی ئێراندا بە شێوەیەکی بەرچاو چۆتە سەرو، لەو لاشەوە نیشانەگەلی ناکۆکی لەسەر چۆنیەتی کۆنتاکتی ڕێژیم لەمەڕ کێشەی ناوکیی لە نێوان دەسەڵاتدرانی ڕێژیمدا هەست پێدەکرێ. لە هەموو سەیرتر ئەوەیە کە، سەرکۆماری چاونەترسی ڕێژیم! لە دژکردەوە بە دەرکردنی بڕیارنامەی ١٧٣٧دا، سەرەڕای ئاگاداربوون لە ئاکامەکانی ئەو بڕیارنامەیە، بەڵێنی ڕێوڕەسمو جێژنی ناوکییو ڕاگەیاندنی سەرکەوتنێکی نوێی ناوکیی لە ڕۆژی ٢٢ی ڕێبەندان ئەمساڵی بە خەڵکی جیهان دا! بەڵام ٢٢ی ڕێبەندان گەیشتو ئەوەیکە هەر ئەحمەدینەژاد بۆ لای نەچوو پێشکەوتنە ناوکییەکان بوون. ٢٢ی ڕێبەندانی ئەمساڵیش، هەروەك ساڵانی پێشوو بە زۆری خەڵکیان ڕژاندە سەر شەقامەکان تاکوو دروشمی "انرژی هستەای حق مسلم ماست" بدەنو، دوو ڕۆژ دواتر سرتەسرتی ئەوە بوو کە ڕێژیم دەیهەوێ پاشەکشە لە پیتاندنی ئورانیۆم بکاو گەڵاڵەی پێشنیاریی پێشووی رووسیە قبووڵ بکا. بڕیارنامەی ١٧٣٧ی ئەنجوومەنی ئاسایش یەکەمین قۆناخو سووکترین بەرخوردی ئەو ئەنجوومەنیە لەمەڕ کێشەی ناوکی ئێران کە ڕێژیمی دەگەڵ پێکوڵو کێشە ڕووبەڕوو کردۆتەوە. ئەوە لە کاتێکدایە کە، گوێ نەدانی ڕێژیم بە ویستی کۆمەڵگای جیهانی ئەگەری دەرکردنی بڕیارگەلی دیکەی بە دواوە بێو ئێران دەگەڵ گیروگرفتی زیاتر بەرەوڕووکاتەوە. وێدەچێ کە ئەحمەدی نەژادو هاوبیرەکانی ئەمڕۆکە ئیدی تا ڕادەیەك گەیشتوونەتە ئەو قەناعەتە کە بڕیارنامەی ئەنجومەنی ئاسایش ورتکە کاغەز نیە!

❊❊

## هێرشی هێزەکانی ڕێژیم بۆ سەر خەڵکی بێدیفاعی کوردستان، کوژاوێك و چەند برینداری لێ کەوتەوە




**"کوردستان میدیا"**ئێوارەی ڕۆژی پێنجشەممە، ١٣٨٥/١١/٢٦، هێزە دژیگەلییەکانی ڕێژیم لە هێرشێکی کوێرانەدا بە لۆدێرو بۆڵدزێر مەیدانی شۆڕشی مەهابادو دوکانەکانی دەوروبەری ڕووخاند. خەڵکی شۆڕشگێڕو چاونەترسی مەهاباد لە کاردانەوەدا پەلاماری هێزە سەرکوتکەرەکانی ڕێژیمیان داو لە تێکهەڵچوونی نێوان خەڵكو هێزەکانی ڕێژیم دا، بەهۆی دەستڕێژی ڕاستەوخۆو بێبەزەییانەی بەکرێگیراوانی ڕێژیمەوە لاوێکی ١٧ تەمەن ساڵە ، بەناوی "بەهمەن مورادی"، کوڕی عەزیز، کوژراو هەروەها چەندین کەسیش بریندار بوون. شایانی باسە هێزە سەرکوتکەرەکانی ڕێژیم لە سەرەتای تێکهەڵچوونەکەدا بە باتۆمو هاویشتنی گازی فرمێسکڕێژو هەروەها تەقاندنی فیشەکی ساچمەیی کەوتنە گیانی خەڵکی بێدیفاعی مەهاباد، بەڵام کاتێك بەم شێوەیە لە سەرکوتی خەڵك دا سەرنەکەوتن هانایان بۆ هێزی یارمەتیدەر برد. هەروەها لەو هێرشە بێبەزەییانەیەدا سەرجەم ئەموالی دووکاندارەکان لەلایەن بەکرێگیراوانی ڕێژیمەوە بەتاڵان براوە. تێکهەڵچونی نێوان خەڵکی خەباتگێڕی مەهابادو هێزەکانی ڕێژیم تا نیوەشەوی پێنجشەممە لەسەر هەینی، ١٣٨٥/١١/٢٧ درێژەی کێشاوە.

بەپێی هەواڵێکی دیکە ڕۆژی هەینی، ١٣٨٥/١١/٢٧، نزیکەی ٢٠٠٠کەس لە هێزەکانی ڕێژیم لە شارە دوورو نزیکەکانی مەهابادەوە، بەڕێی ئەم شارە کراون. ئەم هێزانە بەبیانووی گەڕان بەدوای شتومەکی قاچاخدا کەوتوونەتە پشکنینی ماڵەکان لە گەڕەکەکانی پشت تەپ، باغی شایەگانو...داو بە لۆدێروبولدزێر هێندێ لە ماڵەکانیان ڕووخاندوە. بەپێی دوایین هەواڵەکان تا ئێستا زیاتر لە ٥٠ دووکانی خەڵکی مەهاباد، پاش تالانکران، لەلایەن هێزەکانی ڕێژیمی کۆنەپەرستی ئاخوندییەوە بە لۆدێرو... ڕووخێندراون ...

بۆ لاپەڕەی ٣

## دیداری شاندێکی پایەبەرزی حیزب لەگەڵ شاندێکی پارتی ئازادیی کوردستان دا




کاتژمێر ١١:٣٠ی پێش نیوەڕۆی ڕۆژی دووشەممە، ڕێکەوتی ٢٣ی ڕێبەندان، هەیئەتێکی ڕێبەرایەتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران به سەرۆکایەتیی بەڕێز کاك مستەفا هیجری، سکرتێری گشتیی حیزب، سەردانی پارتی ئازادیی کوردستانی کردو لەلایەن هەیئەتێکی بەڕێوەبەرایەتیی پارتی ئازادیی کوردستان بە سەرۆکایەتیی بەڕێز عەلی قازی، سەرۆکی پارتی ئازادیی کوردستانەوە پێشوازی لێکرا .دوو هەیئەتەکە لە دیدارێکی ٣ کاتژمێرەی دۆستانەدا مەسەلەکانی پێوەندیدار بە ڕەوشی ناوچەو ئێرانو کوردستانیان تاوتوێ کردو پێیان لەسەر درێژەی پێوەندییەکانی نێوان هەردوولاو پتەوکردنیان داگرتەوە.

## کونگرەی ئەمریکا گەمارۆکانی ئێران توندتر دەکاتەوە

**بی‌بی‌سی:** کومیتەی پێوەندییە دەرەوەییەکانی مەجلیسی نوێنەرانی ئەمریکا گەڵاڵەیەکی بۆ پەرەپێدانی گەمارۆکانی ئێران پەسەندکرد. ئەم گەڵاڵەیە بە مەبەستی پێش گرتن بە بەشداری ڕێکخراوە ماڵییەکان، بانکەکانو کۆمپانیا بیانییەکان لە گەڵاڵە سەنعەتییە نەوتیو گازییەکانی ئێران پەسەندکراوە. ئەم گەڵاڵەیە بەرهەمەگەلی پێترۆشیمیو گازی سروشتی ئێران لە پێرستی گەمارۆکان دادەنێ. هەر لەم پێوەندییەدا دەوڵەتی ئەمریکا دەستی بەسەر



دارایی سێ کۆمپانی ئێرانی بە نێوەکانی "کالای الکتریك"، "کاوشیار" و "صنایع انرژی پیشگام"داگرت. ئەم کۆمپانیانە بە تاوانی یارمەتی بە "پەرەپێدانی چەکە ناوکیو کۆمەڵکوژ"ەکان لە لایەن ئەمریکاوە گەمارۆیان کەوتۆتەسەر. هەر لەم پێوەندییەدا جێگای ئاماژەیە کە دەوڵەتی ژاپۆن ڕۆژی هەینی ڕابردوو ڕایگەیاند کە دەست بەسەر دارایی ئەو کەسو گرووپانە کە پێوەندییان بە بەرنامە ناوکییەکانی ئێرانەوە هەیە، دادەگرێ.

## تەقینەوەکانی بەلووچستان دەیان کوژراو برینداریان لێکەوتەوە




ڕۆژی چوارشەممە، ٢٥ی ڕێبەندانی ٨٥، ماشینێکی بە مین چێندراو لەسەر ڕێی ئوتوبووسێکی سوپای پاسداران لە زاهێدان تەقییەوە، بە وتەی بەرپرسانی ڕێژیم ١١ کوژراو ٣١ برینداری لێکەوتەوە. گرووپێکی بەلوچ لە ژێرناوی "جندالله" ئەو تەقینەوەیان گرتە ئەستۆ.

جێی ئاماژەیە بە گوێرەی هەواڵ چەند کاتژمێر پاش بەخاك ئەسپاردنی تەرمی کوژراوەکانی ڕۆژی چوارشەممە، شەوی هەینی ٢٧ی ڕێبەندان، تەقینەوەیەکی دیکە لە زاهێدان، ناوەندی سیستانو بەلوچستان ڕوویدا.

سەرچاوە: "رادیو فردا"

# نامەی ٨٧ خوێندکاری کورد لە زانکۆکانی ئێران بۆ سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران

**بە سڵاوێکی شۆڕشگێڕانە!**

**بەڕێز مستەفا هیجری، سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران!**

سەرەتا وێڕای دەربڕینی داخ و کەسەر بۆ ئینشعاب لە نێو ریزەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، کۆمەڵگای خوێندکاری وێڕای مەحکووم کردنو بە شەرم زانینی ئەو کردەوە، لەم کاتە ناسکو چارەنووس سازەدا کە ناوچەو ئێرانو کوردستانی پێدا تێپەڕدەبێت، نەک لە خزمەت بەرژەوەندیی جووڵانەوەی گەلی کورددا نیە، بەڵکوو زەرەرێکی قەرەبوونەکراو دەدا لە خەباتی رزگاریخوازانەی کوردو، هیچ شتێکی دی زیاتر لە دڵخۆشی بۆ دوژمنانی گەلی کوردو ناحەزانی حیزبی دێموکرات لەو جیابوونەوەیەدا نابینین. هەرجیابوونەوەو ئینشعابێك لە نێو هەرکام لە لایەنە سیاسییەکانی کوردستان، لەم کاتە ناسکو حەساسەدا، تەنیا ئیرادە بە دوژمنانی نەتەوەی کورد دەدات بۆ هەرچی زیادکردنی سەرکوتو زەبروزەنگی خۆیان لەبەرامبەر کۆمەڵانی خەڵك دا، بۆیە ئینشعابو جیابوونەوە لەم کاتەدا بە باوەڕی ئێمە، بە تەنیاهێشتنی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستانە لە مەیدانی موبارزەداو هەست بە مەسئولییەت نەکردنە لەبەرامبەر ئەو ئەرکەی کە لەسەر شانتاندایە، کۆمەڵگای خوێندکاریی (جامعە دانشجویی) داوا لەسەرجەم ئۆپۆزیسیۆنی کورد بە گشتیی دەکات کە بە هەست کردن بە مەسئولییەتەوە، بە دەنگێکی یەکگرتوو هەوڵ بۆ دیفاع لە مافەکانی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان بدەن.

بەڕێز مستەفا هێجری:

رەنگە بۆ زۆرکەس شتێکی ئاسایی بێت کە لە کاتێکی ئاوەهادا، کۆمەڵگای خوێندکاری یان هەرکام لە چینو توێژەکانی خەڵکی کوردستان، لە حیزبی دێموکرات دیفاع بکەن یان رەخنە بگرن، بۆیە هەڵوێستی لەو شێوە لە هەرکاتێکدا یان بۆ هەرکەس یان لایەنێك نابێت، بەڵکوو گەر بە چاوێکی ژیرانەوە چاو لە ناوەڕۆکی مەسەلەکە بکەین، بۆ هەرکەس دەردەکەوێت، کە هۆکارەکانی چیە؟

ئەگەر بێن حیزبی دێموکرات "تعریف" بکەین، ئەڵێین:

زانکۆیەکە، کە لە سەرتا بڕیار درا کە دەرسەکانی نیشتمانپەروەری، مافی گەل ـ دیفاع لە نیشتمان، ئازادیو ... [ی] تێدا بوترێتەوە، لەبەردەستی دێموکراتترین، ئاشتیخوازترینو خۆشەویستترین رۆڵەکانی سەدەی (٢٠)م، زانکۆیەك پڕ لە مامۆستاو قوتابیی خۆشناوو نیشتمانپەروەر، پەروەردە بووو پەروەردەکەری بیرو باوەڕو فیکرێکی مودێڕنو خاوێن.

بۆیە لێرەدا دەردەکەوێت کە دیفاع کردن لە شەخس نیە، بەڵکوو بوونی نەتەوەیەکە، دیفاع لە زیندووڕاگرتنی دەنگی نەتەوەیەکی بەشخوراوەوە، دیفاع لە مینبەرێکو "بلندگو"یەکە، کە دەنگی بێبەشی خۆم بە گوێی گەلانی دیکە دەگەیەنم. بۆیە ئەڵێین: ئەم نامەی ئێمە: بەدەنگەوە هاتنی هەزاران رۆڵەی شەهیدەـ دەنگی ئەو کەسانەن کە وەك قەڵایەکی پۆڵایین کە لە رۆژەتاریکەکانی خوێنخۆرترینو بێویژدانترینو نەزانترین، "فرعون"ەکانی ئێمرۆدانو، بۆ هەڵاتنی خۆرو رووناکی چاولەڕێن.

**بەڕێز هیجری!**

کۆمەڵگای خوێندکاریی (جامعە دانشجویی) کورد بۆ رێزگرتن لە پرنسیپە دێموکراسییەکان و بۆ سەقامگیرکردن و هەروەها بۆ فێربوون، فێرکردنی ئەزموونە دێموکراسییەکان بە کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان بە قبووڵکردنی شەرعییەتی کونگرەی (١٣)ی حیزبی دێموکرات، وێڕای ئینتقادو رەخنەی زۆرو بەجێ لە بەڕێزتان، و بە پێی باوەڕی قووڵی کۆمەڵگای خوێندکاریی بە ماناو نێوەڕۆکی دێموکراسی، پشتیوانیی خۆی بۆ حورمەتو شەرعیەتی کونگرەی (١٣)ی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران رادەگەیەنێتو ئامادەیی خۆمان بۆ یارمەتیی فیکریو مەعنەوی بە رێبەرایەتیی حیزب رادەگەیەنین و داوا لە بەڕێزتان دەکەین بە لەبەرچاوگرتنی ئوسووڵە دێموکراسییەکان، بە دڵێکی ئاوەڵاوە رەخنەو ئینتقادەکانو پێشنەهادەکانی کۆمەڵگای خوێندکاریی بۆ هەرچی باشتر بەڕێوەچوونی کارەکانی حیزب، کە لەم خاڵانەی خوارەوەدا دێن لەبەرچاوی بگرن.

**بەڕێز هیجری!**

هەروەك هەموومان دەزانین بەدوای شەهیدبوونی دوکتور قاسملووی رێبەرو مامۆستای گەورەی گەلی کورد، خۆشەویستو مەحبووبی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان بە گشتی، لاوانو خوێندکاران بە تایبەتیو دوای شەهیدبوونی دوکتور شەرەفکەندی، چێهرەی راستگۆو قاتێعو وەفادار بە کوردستان، خەباتی گەلی کورد بە گشتیو حیزبی دێموکرات بە تایبەتی [لەگەڵ] شتی لاوەکیو بێناوەڕۆك رووبەڕووبوو.

رووبەڕووی زۆر بەرنامەو پلانی داسەپاو لە هەر لایەنێکەوە بوو، دەنگی حیزبی دێموکرات، بە هەوڵو هیمەتی دوو رێبەری شەهید سنوورەکانی بەزاند، دەچوو تا لە نێو کۆڕو کۆمەڵی نێودەوڵەتی، جێگەیەك بۆ خۆی وگەلی کورد پەیدا بکات، بەڵام بە بەرنامەو پلانی داسەپاوی زۆر کەس لەناوخۆو دەرەوەی حیزب، رۆژ لە دوای رۆژ تووشی (سقوط)ی سیاسی، بە تەواو مەعنا بووو لە ماوەی (١٠) [ساڵی] رابردوودا توشی زۆر قەیرانی ناوخۆیی بوو.

هێندێ لە رێبەرانی حیزب بێ ئەوەی کە لە فیکری دۆزینەوەی میکانیزمێکی باشتردا بن، رۆژ لە دوای رۆژ دیاردەی دزێوو ناشیرینی وەك جەناحو جەناح بازی، ناوچەگەراییو ... لە نێو ریزەکانی حیزب دا تەقویەت دەکراو رێبەرانی حیزب، دوژمنی ئەسڵیو موبارزەی راستەقینەیان لەبیر کردبوو تا ئەوەی کە بە ئیستلاح (ناودارانی حیزب) حیزبیان تووشی ئینشعابێکی دی کرد.

بۆیە کۆمەڵگای خوێندکاری لە نامەیەکی جیاوازدا بۆ بەڕێز حەسەنزادە داوای روونکردنەوەو تەوزیحی شەفافو ئوسووڵی بۆ کۆمەڵگای خوێندکاری دەکات.

**بەڕێز هیجری!** کۆمەڵگای خوێندکاری وێڕای رەخنەو ئینتقادی زۆر لە بەڕێزتان، دەڵێت لە ماوەی (١٠)ساڵی رابردوودا وەك ئەندامێکی راستگۆو خاوەن رابردوویەکی خاوێن، نەتانتوانی یان تێنەکۆشان بۆ لە ناوبردنی کێشەکانی حیزب، تا ئەوەی کە رۆحی هاوکاریو پێکەوە کارکردن لە ناو حیزبدا هێدی هێدی لە ناوچوو و حیزب تووشی ئەو قەیرانە بوو.

**بەڕێز هیجری!**

کۆمەڵگای خوێندکاری، بۆ سەرخستنی کاروباری حیزبو بۆ زیندووکردنەوەی رۆحی هاوکاریو پێکەوە کارکردن، پێشنیارو تێبینییەکانی خۆی، بۆ حیزبو بۆ شەخسی بەڕێزتان کە لەم چەند خاڵەی خوارەوە دێن، دەخاتە بەردەستی بەڕێزتان، هیوادارین کە بە لەبەرچاوگرتنی بەرژەوەندییە نەتەوایەتییەکانو هەست بە مەسئولییەت کردن تا ئەو جێگایەی کە ئیمکانی هەیە لە بەرنامەو کاری حیزبیدا کاری پێبکەن، ئێمە هیوادارین کە بەم شێوەیە هەنگاوێکمان هەڵگرتبێت بۆ پڕکردنەوەی مەودای نێوان حیزبو کۆمەڵانی خەڵك بە گشتیو لاوانو خوێندکاران بە تایبەتی و زەمینە خۆشکەر بێت بۆ بەشداری کردنی سەرجەم کۆمەڵانی خەڵك، لە راپەڕاندنی کارەکانی حیزب داو هەوڵ بدەین بە بەشداری کردنی هەموولا، حیزب بگەڕێتەوە بۆ ناودڵی کوردستان.

١ـ گەڕانەوە بۆ نێو کۆڕو کۆمەڵی نێوخۆییو نێودەوڵەتی بە قۆدرەتو هێزێکی زیاتر لە رابردوو، یەك لەوانە ـ گەڕانەوە بۆ نێو رێکخراوی نێودەوڵەتیی (ئینتێرناسیونال سوسیالیست).

٢- بایەخدان بە لاوانو پەروەردەکردنی ئەندامانی حیزبو قەرەبووکردنەوەی ئەو دواکەوتنەی حیزب لە بواری کادێرپەروەریدا.

٣ـ بایەخدان بە لاوان وبەشدارکردنیان لە کاروباری حیزبدا بە تایبەتی لە پۆستەکانی سەرەوە بە مەبەستی راهێنان بۆ داهاتووی حیزبو هەروەها ئیستفادە لەو کەسانەی کە لە ئێرانەوە هەڵدێنو دانانیان بە پێی ئێستێعدادو توانایی لە جێگەی شیاودا.

٤ـ بردنەسەری رادەی هووشیاریی ژنان لە بوارەکانی، کۆمەڵایەتی، سیاسی، فەرهەنگیو ... قەرەبووکردنەوەی ئەو بێبایەخییە کە لە ساڵانی رابردوودا دەرحەق بە ژنان کراوەو وادارکردن و بەشداریکردنیان لە کاروباری حیزب بە شێوەیەکی چالاكو زیندوو.

٥ـ وەڵامدانەوە و رووبەڕووبوونەوە، بە شێوەیەکی مەنتیقیو هاوچەرخ لەگەڵ رەوتی رۆژدا، لەبەرانبەر ئەو کەسانە یان ئەو لایەنانەی کە بێحورمەتی یان سووکایەتی بە رێبەرانی نەتەوایەتیی کورد دەکەن کە هەرکەسێك ئەو چاوەڕوانییەی هەیە لە حیزبی دێموکرات، وەك حیزبێکی نەتەوایەتی لە کوردستان، بۆ دیفاع لە گەلو وڵات.

٦ـ بەرزو زیندو راگرتنی فەلسەفەی، فیکری دوکتور قاسملووی نەمر، تەئکیدکردنەوە لەسەر کەسایەتی

زانستی، سیاسی، فەرهەنگیو کۆمەڵایەتیی ئەو رێبەرە مەزنەو ناساندنی هەرچی زیاتری بە لاوان و زیندووڕاگرتنی یادی شەهیدانی حیزب بە گشتیو رێبەرانی شەهید بە تایبەتی.

٧ـ گرتنی هەڵوێستی شیاوو بەجێ، لە کاتو ساتی خۆیدا لەبەرانبەر ئەو ئاڵوگۆڕانەی کە لە داهاتوودا، چاوەڕوانیی لێدەکرێ بێنە پێش بۆ حیزبو گەلو خۆئامادەکردن بۆ داهاتوو.

٨ـ قسەو وتووێژەکان (شەخسی ـ حیزبی) لەیەك جودا بکرێنەوەو هەر وتووێژێك بە ناوی حیزبەوە دەبێ بە هەماهەنگیی سەرجەم ئەندامانی رێبەرایەتی بێ، تا حیزبو بڕیارەکانی حیزب تەئسیری موسبەتیان هەبێت لەسەر ئاڵوگۆڕەکانی نێو کۆمەڵگای کوردستان.

٩ـ دیاری کردنی کەسانێکی شیاو، وەك نوێنەری سکرتێری گشتی بۆ کاروباری لاوان و ژنان لە ناوخۆو دەرەوەی وڵات بۆ راپەڕاندنی کاروباری تایبەت بە لاوانو ژنان بۆ زیاتر ئاشنا بوون لەگەڵ ویستو داخوازییەکانی ژنانو لاوانو بۆ باس کردنو گەیاندنی گیروگرفتەکانی ئەو کەسانە بە سکرتێری حیزب تا بە هاوکاریی هەموو سعی کەین باشترین میکانیزم بەکاربێنین بۆ کەم کردنەوەی گیروگرفتەکانی تایبەت بەو کەسانە.

١٠ـ تەئکیدکردن لەسەر پەرەپێدانی سیاسەتەکانی حیزب لە بەرانبەر کۆماری ئیسلامیدا لە شارەکانی کوردستان کە هەڕەشەی سڕینەوەی ناسنامەی کوردبوونیان لێدەکرێت، وەك (باکووری کوردستان، ماکو ـ باشووری کوردستان، کرماشانو ئیلام) تا ئەوەی کە لە داهاتوودا کەرکوکێکی دی بۆ کوردستانی رۆژهەڵات دروست نەبێ، بۆیە پێویستە سەرکردایەتیی کورد بە گشتیو رێبەرانی حیزبی دێموکرات بە تایبەتی لە فیکری بەرنامەو پلانێکی باشدا بن بۆ ئەو کاتە.

١١ـ بایەخی هەرچی زیاتر بە زاراوەکانی دی زمانی کورد لە دەزگا رەسمییەکانی حیزب بۆ زیاتر خزمەت کردن بەو زاراوانەو دەوڵەمەندکردنی هەرچی زیاتری شێوەی دیالکتیکی سیاسیی حیزبی دێموکرات.

١٢ـ دەوڵەمەندکردنی هەرچی زیاتری تەلەفزیۆن، رادیۆ، رۆژنامەو گۆڤارەکانی حیزب لەبواری ناوەڕۆکی وتارو بەرنامەی باشو بەسوود، نوسراوەو....

١٣ـ دەعوەتی شەرافەتمەندانە لەو کادیرو پێشمەرگانە کە دەرچوون، تا بگەڕێنەوە بۆ نێو حیزب (ئەوانەی نەگەڕێنەوە تووشی بێحورمەتی یان سووکایەتیو بە حیزبو رێبەرایەتیی گەلی کورد بوون).

**بەڕێز هیجری!** کۆمەڵگای خوێندکارانی کورد هیوادارە حیزبی دێموکرات بە بەرنامەی باشو بە هێزێکی تەواومەعنا بگەڕێتەوە بۆ نێو کۆڕوکۆمەڵی نێوخۆییو نێودەوڵەتی بە هەوڵو هیمەتی هەموو کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان تێبکۆشین بۆ وەدەستهێنانی مافە زەوتکراوەکانی گەلی کورد.

کۆمەڵگای خوێندکارانی کورد لە زانکۆکانی ئێران

سڵاو لە گیانی پاکی شەهیدان
سڵاو لە زیندانییانی سیاسی
سڵاو لە قاسملووی زانا
سەرکەوێ خەباتی نەتەوایەتیی خەڵکی کوردستان

تێبینی: ئەرکی گەیاندنی ئەم نامەیە بە ئەستۆی هاوڕێی جێگەی متمانە و باوەڕی کۆمەڵگای خوێندکاریی، هاوڕێ، کاك کامەرانی ڕەسوولیە لە وڵاتی سویس کە بەڕێزیان بە مەسئولیەتەوە بە ئەستۆی گرتوە.

ناوی ئەو کەسانەی کە نامەکەیان ئیمزاکردوە لە ئارشیوی "کوردستان"دا پارێزراوە.

*

*

## روونکردنەوەی سکرتاریای "حدکا" لەسەر نامەی ٨٧ خوێندکاری کوردی زانکۆکانی ئێرانو وەڵامی سکرتێری گشتیی "حدکا" بە نامەکە

٨٧ خوێندکاری کورد لە زانکۆکانی ئێران لە پێوەندیی لە گەڵ جیابوونەوەی تاقمێك لە کادرو پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و ڕەخنەکانی خۆیان سەبارەت بەو جیابوونەوەیەو مەحکوومکردنیو، لە هەمان کاتدا پشتیوانیی خۆیان لە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، کۆمەڵێك ڕەخنەو پێشنیاریان بۆ سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران ناردوەو داوایان کردووە کە وەڵامی نامەکەیان بدرێتەوە.

لەو نامەیەدا ئاماژە بەوە کراوە کە لەو پێوەندییەدا نامەیەکیشیان بۆ مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەن زادە ناردووەو هێندێك ڕەخنەشیان ئاراستەی ناوبراو کردووە.

لە بەر گرینگیی نامەکەو هەروەها، بە لەبەرچاوگرتنی ئەو راستییە کە ناوەڕۆکی ئەو نامانە دەتوانێ قسەو پرسیاری ژمارەیەکی زۆر لە خەڵکی دڵسۆزو دێموکراتپەروەری کورد لە کوردستانی ئێرانو لە گۆشەو کەناری جیهان بێ، سکرتاریای حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە باشی زانی ئەو نامەیەی بۆ بەڕێز سکرتێری گشتیی حیزب نووسراوەو وڵامەکەی بڵاو بکاتەوە.

هیوادارین جێگای سوود لێ وەرگرتن بێ.

**حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران ـ سکرتاریا**
**١٣٨٥/١١/٢٥ (٢٠٠٧/٢/١٤)**

---

### بۆ ٨٧ خوێندکاری کورد لە زانکۆکانی ئێرانو باقیی ئەو خۆشەویستانەی کە ناوەڕۆکی نامەکە قسەی دڵی ئەوانیشە

**بە سڵاوو حورمەت!**

**بەڕێزان!**

نامەکەتانم بەدەست گەیشت، رەخنەو پێشنیارەکانتان کە هەڵقوڵاوی هەستی بەتینی نیشتمانپەروەریو دڵسۆزی بۆ نەتەوە بەشخوراوەکەمان بوو، منی زیاتر لە رابردوو بە دوارۆژی روونی رزگاری هیوادار کرد. چ پەیامێك لەوە هیوابەخشترە کە کۆمەڵێك لە رۆڵەکانی وشیاری گەلەکەمان لەو هەلومەرجەدا کە کەسانێك ـ هەرچەند کەم ـ تۆوی بێهیوایی لە دڵی خەڵکەکەماندا دەچێننو دەیانەوێ وا نیشان بدەن، یان وا حاڵی بوون کە بە جیابوونەوەی کۆمەڵێك لە کادرو پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران خەبات بۆ رزگاری بە کۆتا هاتووە هاودەنگ لە گەڵ دەیان هەزار لە رۆڵەکانی دێموکرات پشتی حیزبی خۆیان دەگرنو بەرەو پێشکەوتن هانی دەدەنو کەموکووڕییەکانی بە گوێیدا دەچپێنن. ئێمە ئەو رەخنەو پێشنیارانە بە باوەشی ئاوەڵاوە وەردەگرین، چوونکە لەو باوەڕەداین کە رەخنە بە واتای رەسەنی خۆی، داینامۆی حەرەکەتو بەرەوپێش چوونە. بێجگە لەوە، ئێوەن خاوەنی راستەقینەی حیزبی دێموکراتو رەخنەگرتنو پێشنیارکردن ئەرکی ئێوەیە، بۆیە کەس بۆی نیە لەو رەخنانە دڵگران بێ.

هاوڕێیان، قسە زۆرە بەڵام لەم مەجالەدا بە کورتی لەگەڵتان دەدوێم:

کۆنگرەی سێزدەهەمی حیزبەکەمان راست بۆ ئەو مەبەستانە پێکهات کە ئێوە لە پێشنیارەکانتاندا ئیشارەتان بە بەشێکی کردووە، نوێبوونەوە، مەجال رەخساندن بۆ لاوانو ئامادە کردنیان بۆ بەدەستەوە گرتنی رێبەرایەتیی حیزب، یارمەتی وەرگرتن لە هێزی ژنان، نوێکردنەوەی راگەیاندنی حیزب، ئاڵوگۆڕ لە پێکهاتەی حیزب بە شێوەیەك کە وەڵامدەری ئەم سەردەمە بێتو ..... بەڵام بەداخەوە هەر لە یەکەم هەنگاوی دوای کۆنگرەوە کێشەی ناوخۆیی بەرۆکی پێگرتینو هیچ مەجالێکی بۆ بەدیهێنانی بەرنامەکانی کۆنگرە، کە ویستو داخوازی بەجێی بەدەنەی حیزبەکەمان بوو، نەهێشتەوە، کە ئەوە بۆخۆی "مثنوی هفتاد من کاغذ شود".

رێبەرایەتیی حیزب کە لەو ماوەیەدا هەوڵێکی زۆری دا کە ئەو هاوڕێیانە لەجیاتی بەهانە پێگرتن کار بکەنو دەنگی زۆربەی خەڵکیان قبووڵ بێ، تەنانەت ئێمە ئامادە بووین کە کۆنگرەی چواردەهەم زۆر زووتر لە کاتی خۆی پێك بێنین بۆ رازی کردنی ئەوان، بەڵام قبووڵ نەکراو ئەوە رووی دا کە بێجگە لە خۆیانو دوژمنانی گەلەکەمان کەس نەیدەویست.

ئێستا کە ئەو کێشەیە نەماوە، کاتی ئەوە هاتووە کە بە جیددی کار بکەینو بەرنامەکانی کۆنگرە بێنینە دی. ئەوەتا لە یەکەم هەنگاودا لە پلینۆمی نۆهەم دوو ژنی شیاو وەك ئەندامی موشاویری کومیتەی ناوەندی دیاری کرانو هەنگاو بە هەنگاو و بەپێی ئیمکان باقی وەعدەکانی کۆنگرە کە پێشنیارەکانی ئێوەش لەخۆ دەگرێ جێبەجێ دەکەین. چوونکە رێبەرایەتیی حیزب باوەڕی بە پێکهێنانی ئەو ئاڵوگۆڕانە هەیەو لە بەرانبەر کۆنگرەدا خۆی بە "متعهد" دەزانێ.

لەو پێناوەدا چاوەڕوانیمان لە ئێوەو هەموو دڵسۆزانی حیزبی دێموکرات هەیە کە هەروا لەگەڵمان بن، بە رەخنەکانتان یارمەتیمان بدەنو، بە پشتیوانیی بێدرێغتان وەك هەمیشە بەرەو سەرکەوتن هێزمان پێببەخشن.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران هی هەمووماناە، هی گەلی کورد لە کوردستانی ئێرانە، بۆیە بەتوانای هەمووماان بەرەوپێش هەنگاو دەنێ.

هەر بژین بۆ حیزبو گەلەکەمان.

**هاوڕێتان ـ مستەفا هیجری**
**١٣٨٥/١١/٢٥ (٢٠٠٧/٢/١٤)**

---

**برووخێ ڕێژیمی کۆنەپەرستی کۆماری ئیسلامیی ئێران**

## چالاکیی تەبلیغاتیی ئەندامان و لایەنگرانی نهێنیی حیزب لە شارەکانی کوردستان

### سەقز

ئەندامان و لایەنگرانی نهێنیی حیزب لە گوندی قەبەغلۆوی ناوچەی گەورکی سەقز، شەوی ٢٢ لەسەر ٢٣ی ڕێبەندان، بە مەبەستی دەربڕینی ناڕەزایەتی لە سیاسەتەکانی ئەم دواییانەی ڕێژیم واتە گوشار خستنەسەر لاوانی ئەم گوندە لە لایەن بەکرێگیراوانییەوە، لە ٢٨ەمین ساڵڕۆژی شۆڕشی گەلانی ئێران دا، دەستیان دایە کاری تەبلیغیی و دیوارەکانی نێو گوندیان بە دروشمی حیزبی ڕازاندەوە.

دروشمەکان بریتی بوون لە: سڵاو لە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران! ـ مەرگ و نەمان بۆ جاشەکان! ـ "مرگ بر جمهوری اسلامی"!



### ناوچەکانی مەریوان و سنە

لە ڕۆژانی ١٨، ١٩ و ٢٠ی ڕێبەنداندا، ئەندامان و لایەنگرانی خەباتگێڕ و ماندوونەناسی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە چالاکییەکی تەبلیغاتیی بەربڵاودا دروشمی حیزبیی و نەتەوەییان لەسەر دیوار و ڕێگا سەرەکییەکانی ئەم گوندانەی خوارەوەدا نووسیوە:

سوورسوور، مروارید، لاین، کانییشە، وزمانیەی عۆلیا، میانە، دەربەندی عەزیز، کازماوا، کانیی هەڵگە، بلووجە، بان سەی نسارو بان سەی خۆرەتاو، کومائین، کۆڵەدەڕە، دارهەمرۆ، قەڵا کومائین، نۆسرەت ئاوا، گڕگڕی سەرۆ و خوارۆ، قەڵاگا، حاجیاوا، زاغانی سەرۆ، میراواو خێراوا.

هەروەها ماوەیەك لەمەوپێش لە سنە لە چالاکییەکی تەبلیغاتی دیکەدا ڕاگەیەندراوی دەفتەری سیاسیی "حدکا"یان بەبۆنەی کۆتاییهاتنی سەرکەوتووانەی پلینۆمی نۆهەمی کومیتەی ناوەندییەوە، لەم شوێنانەی خوارەوەدا بڵاوکردەوە:

گەڕەکەکانی چوارباخ، سیرووس، نمەکی، حەمامی چینیی و ژاندارمێری،

هەروەها شەوی سێشەممە لەسەر چوارشەممەی حەوتووی ڕابردوو لە گوندی هوویە لە کاتێك دا بەکرێگیراوانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی خۆیان بۆ بەڕێوەبردنی ڕێوڕەسمی ٢٢ی ڕێبەندان ئامادەکردبوو، ئاڵای ئەم ڕێژیمە دژیگەلییەیان هێناوەتە خوارەوەو بە نووسینی دروشمی حیزبیی و بڵاوکردنەوەی تراکت، ئەرکی تەبیلغیی خۆیان بەجێگەیاندوە.

ڕۆژی ٢٢ی ڕێبەندانی ١٣٨٥، ئەندامان و لایەنگرانی تێکۆشەری حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە گوندی "پایگەلان"ی ژاوەرۆی سنە، لە چالاکییەکی تەبلیغاتیدا داروديوارەکانی ئەم گوندەیان بە نووسینی دروشمی نەتەوەیی و دژی ڕێژیم ڕازاندەوە. بەشێك لە دروشمەکان بریتی بوون لە: مەرگ بۆ ئاخوندو جاش، بڕووخێ ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی، سەرکەوێ کوردو کوردستان و بژی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران.

### نەغەدە

ئەندامان و لایەنگرانی نهێنیی حیزب لە شاری نەغەدە، ڕێکەوتی ١٦ی ڕێبەندان، دەستیان دایە کاری تەبلیغیی و بە بڵاوکردنەوەی زیاتر لە ٢٠٠ CD ی فیلمە حیزبییەکان و وێنەی شەهیدانی ڕێبەرو شەهیدانی ناوچەی نەغەدە، دڵی خەڵکیان شادکرد.

ئەو شوێنانەی کە کاری تەبلیغییان تێدابەڕێوەچووە بریتین لە: گەڕەکی حاجی خدر ، سەرقەڵا، مەیدانی فووتباڵ، گەڕەکی فەرهەنگییان، گەڕەکی ١٦ دەزگا،و دەوروبەری مزگەوتی "بیلالی حەبەشی"و شەقامی باڵخچی.

### کامیاران

ئەندامان و لایەنگرانی حیزب لە شاری کامیاران، لە چالاکییەکی تەبلیغیدا، وتەو ئامۆژگارییەکانی شەهیدانی ڕێبەریان بە درگاو دیواری زۆربەی گەڕەکەکانی شاردا چەسپاندو جارێکی دیکە ئەو ئامۆژگارییانەیان بە بیری خەڵك هێنایەوە.

ئەو گەڕەکانەی کە کاری تەبلیغییان تێدا بەڕێوە چووە بریتین لە: تەواوی قوتابخانەکانی شار، زۆربەی مزگەوتەکانی شار، شەقامی ١٢ میتریی و زۆربەی کۆڵانەکانی شار، شەقامی بەهەشتیی و زۆربەی کۆڵانەکانی، شەقامی پیرمحەممەدو کۆڵانەکانی، کۆڵانی پاساژی "میللەت"و ترمینالی مەریوان.

## بەشداری‌نەکردنی خەڵکی کوردستان لە ڕێپێوانی ٢٢ی ڕێبەندان



ئەوساڵێش یادی ٢٨ ساڵەی دامەزرانی کۆماری ئیسلامیدا زیاتر لە ساڵان بە ساردو سڕی پێشوازی لێکرا. لە ٢٢ی ڕێبەندانی ئەمساڵدا ڕێوڕەسمی ٢٢ی ڕێبەندان لە زۆربەی شارەکانی کوردستان زۆر بە ساردیی و یان هەر بەڕێوە نەچوە!

بۆ نموونە لە زۆربەی ئەم شارانەی خوارەوە، تەنیا جاش و بەسیجیی و پاسدارەکانی ڕێژیم و کۆمەڵێك خەڵك کە بە زۆری ڕژاندبوویانە سەر شەقامەکان بەشداربوون.

لە پیرانشاردا تەنیا پاسدارو بەسیجیی و جاشەکان، لە کامیاران و مەریوانیش بە هەمان شێوە. لە شنۆو سەڵماس خەڵکی ئاسایی بەشدارییان نەکردو ڕێپێوان تەنیا لە هێزە نیزامییەکان و بەسیجییەکان پێك هاتبوو. لە شاری ورمێش زۆر بە ساردو سڕی بەڕێوەچوو....

# هەواڵەکان

## درێژەی لاپەڕەی ١ "خۆپیشاندانەکانی کوردستان"



ڕۆژی هەینی، ٨٥/١١/٢٧، خەڵکی شاری ماکۆ لە یادو بیرەوەریی ١٤ شەهیدەکەی ڕاپەڕینی ساڵی ڕابردوودا، ڕژانە سەر شەقامەکان و خۆپیشاندانیان وەڕێخست. بەڵام هێزە سەرکوتکەرەکانی ڕێژیم کە لە مانگێك پێشترەوە ئامادەی پێشگرتن بەم خۆپیشاندانە ببوون، هێرشێکی بەربڵاویان کردە سەر خەڵك و بە لێدان و گرتن، بە شێوەیەکی دڕندانە بڵاوەیان بە خەڵك کردو هەروەها ژمارەیەکیش لە بەشدارانیان دەستبەسەرکرد.

شایانی ئاماژە پێدانە کە خەڵکی شارەکانی "بازرگان"، "پۆلدەشت"، "قەرە زیائەدین"و "شوت" بڕیاریان دابوو لەم ڕۆژەدا بچنە شاری ماکۆو لەو خۆپیشاندانەدا بەشداری بکەن، بەڵام هەر لە بەرە بەیانیی ڕۆژی هەینییەوە هێزەکانی ڕێژیم هاتووچۆی خەڵکیان بۆ شاری ماکۆ خستبووە ژێر کۆنترۆڵ و چاوەدێریی وردو، نەیاندەهێشت خەڵکی شارەکانی دیکە بچنە نێو شاری ماکۆو بەم شێوەیە پێشیان لە بەڕێوەچوونی ئەم خۆپیشاندانە گرت. بە پێی دوایین هەواڵەکان، ئێستاش هێزەکانی ڕێژیم لە شاری ماکۆدا لە حاڵی ئامادەباشی دان.

## سەردانی سەرۆکی KNC لە دەفتەری سیاسیی "حدکا"

بەپێی ڕاپۆرتی کۆمیسیۆنی پێوەندییەکانی "حدکا"، بەیانیی ڕۆژی سێشەممە، ڕێکەوتی ٢٤ی ڕێبەندانی ١٣٨٥ی هەتاوی، بەڕێز د.سامان شاڵی، سەرۆکی کۆنگرەی نەتەوەیی کورد لە ئەمریکای باکوور (KNC)، سەردانی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانی کردو لەلایەن ڕێزدار کاك مستەفا هیجری، سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و بەڕێز کاك محەممەد نەزیف قادری، ئەندامی دەفتەری سیاسی، پێشوازی لێکرا.

کاك د. سامان شاڵی مەبەستی لە سەردانەکەی نوێکردنەوەی پێوەندییە سیاسیی و نەتەوەییەکانی KNC لەگەڵ حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و هاوکارییە سیاسیی و دیپلۆماسییەکانی لەبواری نێونەتەوەییدا لەگەڵ حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران باس کردو سپاس و ستایشی دەوری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانی لە پێوەندییە نەتەوەیی و نیشتمانییەکان لەگەڵ ئەو کۆنگرەیەدا کرد.

پاشان بەڕێز کاك مستەفا هیجری، جارێکیتر سوپاسی هەوڵ و هەڵوێستە سیاسیی و نەتەوەییەکانی سەرۆکی KNC، کاك د. سامان شاڵی کردو ئامادەیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانی جارێکیتر بۆ هاوکاریی و بەرینترکردنی خەباتی سیاسیی و دیپلۆماسی لەبواری نێونەتەوەییدا لەگەڵ KNCو هێزە سیاسییەکانی کورددا دەربڕی.

## پەرەگرتنی هەوڵەکانی ڕێژیم بۆ چەکدارکردنی خەڵك

بەکرێگیراوانی ڕێژیم لە ناوچەی بەرپلەی سارالی مەریوان، لەژێر چاوەدێری سپای پاسدارانی شارەدێی "جانەوەرە"دا، تەبلیغاتێکی بەرینیان بە مەبەستی هان دانی خەڵکی گوندەکانی تەیناڵ، مەیدۆڵ، ئاڵی هەمەدان و گوڵچیەر بۆ چەك هەڵگرتن لە دژی جووڵانەوەی میللی ـ دێموکراتیکی کورد، دەست پێکردوە.

هەروەها خۆفرۆشێکی دیکە کە سەر بە تیپی ئیمام عەلیی سپای پاسدارانی شارستانی سنەیە، لە هەولێکی خەیانەتکارانەدا داوای لە خەڵکی گوندەکانی شێخ شەربەرتی، سۆفیی بلەو شانشین کردوە تا لە هێزی دژیگەلیی بەسیج دا ناونووسی بکەن و بۆ بەربەرەکانێ لە بەرامبەر مەترسییەکانی سەرکۆماری ئیسلامیدا چەك هەڵگرن.

هەر لەم پێوەندییەدا بەپێی هەواڵێکی دیکەی ناوەندی خەبەریی "حدکا"، ماوەیەك لەمەوپێش فەرماندەیەکی سوپای پاسداران لە ناوچەی سەڵماس لە کۆبوونەوەیەك دا داوای لە مامۆستایانی ئایینی کردوە کە وەك ئەرکێکی زۆرەملێ، دەبێ بە خەڵکی گوندەکانی ئەم ناوچەیە ڕابگەیەنن کە بۆ پارێزگاریکردن لە ڕێژیمی ڕوو لە هەرەسی کۆماری ئیسلامی چەك هەڵگرن.

شایانی باسە ڕێژیمی دژیگەلیی مەلاکان کە ئێستا لە هەمووکات زیاتر گلۆڵەی تەمەنی کەوتۆتە لێژییەوەو گوشارە نێوخۆیی و دەرەکییەکان تەنگیان پێی هەڵچنیوە، دەیەوێ بە بەڕێوەبردنی سیاسەتی دۆڕاوی جاشسازی، لە کوردستان دا شەڕی خۆی لەتەك کورددا بە کورد بکات و بە گومانی خۆی بەم شێوەیە لە مەترسیەکانی بەردەم مانەوەی دەربازببێ. هەر بۆیە ڕۆڵەکانی نەتەوەی کورد دەبێ زۆر وشیارانەو بەهەست بە بەرپرسایەتی کردنەوە ئەم سیاسەتەی ڕێژیم پووچەڵ بکەنەوەو نەبنە سووتەمەنیی شەڕی ڕێژیمی کۆنەپەرستی ئاخوندی لەگەڵ کوردو سەرجەم ئازادیخوازانی ئێران دا.

## کارو چالاکییەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە دەرەوەی وڵات

### بەشداریی شاندێکی "حدکا" لە دەیەمین کۆنگرەی ڕێکخراوی فیداییانی گەلی ئێران ( ئەکسەریەت )

بەپێی ڕاپۆرتی سکرتاریای "حدکا"، ڕۆژی هەینی ٩ی مانگی فوریەی ٢٠٠٧ (٢٠ی ڕێبەندانی ١٣٨٥) کۆنگرەی دەیەمی "سازمان فدائیان خلق ایران (اکثریت)" لە شاری بێرلین دەستی بەکار کرد.

لەو کۆنگرەیەدا هەیئەتێکی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران کە پێکهاتبوون لە بەڕێزان شاهۆ حسێنی، بەرپرسی دەفتەری نوێنەرایەتیی حیزب لە دەرەوەی وڵات و حاجی جوندی، ئەندامی چالاکی حیزب بەشدار بوون. بەڕێز شاهۆ حسێنی لەکۆنگرەکەدا پەیامی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی پێشکەش کرد.

### کۆبوونەوەی کۆمیتەی "حدکا" لە لینشۆپینگ لە گەڵ چەند ڕێکخراوی سیاسیی کوردستانیدا



ڕۆژی یەکشەممۆ، ٢٠٠٧/٢/١١ کۆبوونەوەیەکی دۆستانە لە نێوان کۆمیتەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران - لینشۆپینگ لە گەل کۆمیتەکانی پارتی دێموکراتی کوردستان و یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستان و حیزبی شیوعیی کوردستان لە کاتژمێر ١٢ نیوەڕۆدا پێك هات.

لەو کۆبوونەوەیەدا ئەندامانی کۆمیتەی لینشۆپینگ، بەڕێزان، حاتەم ئەلیاسی، عەلی ئاس، ئایشێ مەلازادە، حەبیب ئەلیاسی، سەلیم دەروێش، عەلی باڵەکی و کاکەبرا ئەلیاسی، ئەندامی کۆمیتەی حیزب لە سوئێد بەشداربوون.

سەرەتای کۆبوونەوەکە بە ڕاگرتنی دەقیقەیەك بێدەنگی بۆ ڕێزگرتن لەگیانی پاکی شەهیدان دەستی پێکرد. پاشان هاوڕێ حاتەم ئەلیاسی بەرپرسی کۆمیتەی لینشۆپینگ، بەخێراتنی نوێنەرانی پارتی و یەکیەتیی نیشتمانیی و حیزبی شیوعیی کوردستانی کرد.

لە درێژەی کۆبوونەوەکەدا هاوڕێ کاکەبرا ئەلیاسی ئاماژەی بە گرینگیی هاوکاریی هێزەسیاسییە کوردستانییەکان کردو لەسەر پتەوترکردنی پێوەندیی دۆستانەی نێوانیان پێی داگرت. لە درێژەی باسەکاندا ئاماژە بە جیابوونەوەی تاقمی مەلاحەسەن لە حیزب کرا کە لەو پێوەندییەدا زانیاریی پێویست بە بەشداربووانی کۆبوونەوەکە درا.

پێویستە بگوترێ کە هاوڕێیانی بەشداربووی کۆبوونەوەکە زۆر چالاکانە بەشدارییان لە باسەکاندا کرد. کۆبوونەوەکە لە کەشێکی زۆر دۆستانەدا پاش چەند کاتژمێر کۆتایی پێ هات.

### دیداری نێوان کومیتەی حیزب و ڕێکخراوی پارتی دێموکراتی کوردستان لە فینلاند

ڕۆژی هەینی ٢٠٠٧/٢/٢، چاوپێکەوتنێکی دۆستانە لە نێوان کۆمیتەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە فینلاندو ڕێکخراوی پارتی دێموکراتی کوردستان لە فینلاند لە شاری هێلسینکی، پێتەختی ئەم وڵاتە پێك هات.

کۆبونەوەکە لە کەشێکی تەواو دوستانەدا دەستی پێ کردو لە ماوەی ٢ کاتژمێر کاری کۆبونەوەکەدا بابەتەکانی پێوەندیدار بە کێشەی کورد بە گشتیی و کوردانی دانیشتووی فینلاند بە تایبەتی تاوتوێ کران و هەر دوولا بوونی هاوکاریی پتەوی نێوانیان لەو هەلومەرجەدا بە پێویست زانی.

هەروەها لە نێوان باسەکاندا دەستنیشانی ئەو هۆکارانە کران کە دەتوانن هۆکاری باش بن بۆ سەرکەوتنی کاری هاوبەشی نێوان حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و پارتی دێموکراتی کوردستان لە وڵاتی فینلاند.

دەستەی نوێنەرایەتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران پێك هاتبوو لە بەڕێزان:

١ـ خالید مەهابادی، بەرپرسی کۆمیتە
٢ـ مجید هەقی، ئەندامی کۆمیتەو بەرپرسی بەشی پێوەندییەکان
٣ـ جهانبەخش خالیدی، ئەندامی کۆمیتەو ئەندامی بەشی پێوەندییەکان

دەستەی نوێنەرایەتیی پارتی دێموکراتی کوردستان ئەم بەڕێزانە بوون:

١ـ خوشکە شیلان ڕواندزی بەرپرسی ڕێکخراوی پارتی دێموکراتی کوردستان لە فینلاند
٢ـ دیار سالەیی، بەرپرسی پێوەندییەکانی پارتی دێموکراتی کوردستان لە فینلاند
٣ـ عومران کەرکووکی، ئەندامی ڕێکخراوو بەرپرسی یەکیەتیی لاوان لە فینلاندو بەرپرسی ڕێکخستن
٤ـ نەزیر بەرواری، جێگری ئەندامی ڕێکخراو

# وتەکانی هاوڕێ عەبدوڵڵا حیجاب، نوێنەری "حدکا"

## لە کۆبوونەوەی سەرۆکایەتیی UNPO، لە پارلمانی ئورووپا لە بروکسێل

**بەڕێز سکرتێری گشتی!**
**سەرۆکی بەڕێز!**
**ژنانو پیاوانی هێژا!**

پێشەکی دەمەوێ سوپاسی ڕێکخراوی نەتەوەو گەلە بێ نوێنەرەکانو سەرۆکایەتییەکەی بکەم لەمەڕ میوانداریتان لەو کۆبونەوەیەو وەبەرچاوگرتنی داخوازیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بۆ بەشداربوون لەو کۆبوونەوەیەدا. خۆم بە بەختیارو خۆشحاڵ دەزانم کە لێرە لە نێو ئێوەدا بە نوێنەرایەتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران قسە دەکەم. حیزبێك کە سێکولارە، لە خەباتو تێکۆشانی خۆیدا لە بەکارهێنانی توندوتیژی خۆی دەپارێزیو بە مەبەستی نوێنەرایەتیکردنی داخوازیی سیاسیی ١٠ میلیۆن کوردی کوردستانی ڕۆژهەڵات لێرە ئامادەیە.

بەرنامەی ئەو بەشەی کاری کۆبوونەوەکەمان بریتییە لە خستنە بەر باسی داخوازیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بۆ وەرگیران بە ئەندامی ڕێکخراوەکەتانو ڕوونکردنەوەی ئەوە کە بۆچیو بە چ هۆیەك حیزبی ئێمە داوایەکی لەو چەشنەی هێناوەتە گۆڕێ. ڕێگام بدەن لەو بارەوە قسەکانم بە پێداگرتن لەسەر ئەوە دەست پێبکەم کە پێوەندیی نێوان حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانو داخوازە نەتەوەیییەکانی گەلی کورد لە ئێراندا چەندە پتەوەو هەر ئەو یەکانگیرییەش وامان لێ دەکا کە لە سەر ناوی ئەو گەلە داوای ئەندامەتی بکەین. لە لایەکی دیکەشەوە پێوەندیو گرینگیی ڕۆڵی گەلی کوردو حیزبی دێموکرات لە ڕووداوە ناوچەییو نێونەتەوەیییەکان لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستو هەرێمی ئێمەدا پتر ڕووناکایی دەخەنە سەر ئەو داخوازە. دەتوانین گەلێك هۆکاری دیکەش بۆ داخوازەکەمان دەسنیشان بکەین. بەبڕوای ئێمە دروستکردنی پردێکی سیاسی بۆ لێك گرێدانی نەتەوەکانو دامەزراندنی پێوەندیی لە نێوانیاندا، پێویستییەکی هەنووکەییو حاشاهەڵنەگرە. لە بەر ئەوەی کە ئێمە چارەنووسی وەك یەکمان هەیە، پێویستە لە ئەزموونو دەرسە مێژوویییە هاوبەشەکانمان بە باشترین شێوە کەڵك وەرگرین. ئێمە لەو بڕوایەداین کە لایەنو بوارە جۆراوجۆرەکانی خەباتی ئێمە بە شێوەی هەمەلایەنە پێکەوە گرێ دراونو کاریگەریی بەرچاوی لەسەر کێشەو مەسەلەکانمان دادەنێن، بە شێوەیەك کە ئەندامەتیی ئێمە لەو بنەماڵەیەدا پێویستییەکی حاشاهەڵنەگرە.

**ڕوانگەو بۆچوونەکانی**
**حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران:**

بۆ باسی ڕوانگەو بۆچوونەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، وا باشە سەرنج بدەینە پرۆگرامی حیزب کە لە دوا کۆنگرەیدا، لە مانگی ژووڵای ٢٠٠٤، پەسند کراوە. ئەو پرۆگرامە، حیزبی دێموکراتی کورستانی ئیران وەك حیزبی پێشڕەوی خەباتی گەلی کورد لە کوردستانی ئێران دەناسێنی کە شانبەشانی هێزە پێشکەوتنخوازەکانی سەرانسەری ئێران بۆ دامەزراندنی ڕێژیمێکی دێموکراتی لە ئێرانداو دەستەبەرکردنی مافی دیاریکردنی چارەنووسی گەلی کورد لە کوردستانی ئێراندا تێدەکۆشێ. دروشمی ئێستراتیژیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بریتییە لە دامەزراندنی سیستمێکی دێموکراتیکی فیدراڵی لە ئێران کە لەودا مافە نەتەوەیییەکانی گەلی کورد دابین کرابن. لەوەش زیاتر ح. د. ك. ئێران گەلانی ژێرستەمو چەوساوەی ئێران بە هاوپەیمانی خۆی دەزانێو لە خەباتی ئەوان بۆ وەدیهێنانی مافە نەتەوایەتییەکانیان



عەبدوڵڵا حیجاب، نوێنەری حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە UNPO

پشتیوانی دەکا. هەروەها حیزبی ئێمە پشتیوانی لە خەباتی گەلی کورد لە هەموو بەشەکانی دیکەی کوردستان، جووڵانەوەی ڕزگاریخوازانەی گەلانی ژێرستەمی دنیاو ئاشتیو دۆستایەتیی نێو گەلانو وەڵاتان دەکا.

**حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و داخوازە نەتەوایەتییەکانی گەلی کورد**

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە درێژایی خەباتی ٦١ ساڵەی خۆیدا، تەنیا لە دوو ماوەی کورتدا، لە ساڵی ١٩٤٦و لە ژانویە تا ئاگۆستی ١٩٧٩دا هەلی ئەوەی بۆ ڕەخساوە بە شێوەیەکی قانوونی تێکۆشانی خۆی بەڕێوە بەرێ. کەچی سەرەڕای ئەوەش، حیزب توانیویەتی پێوەندییەکی نێزیك لە گەڵ کۆمەڵانی بەرینی خەلکی کوردستانی ڕۆژهەڵاتو کوردەکانی دەرەوەی وڵات دامەزرێنێ. حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران هێزی سیاسیی سەرەکیی کوردستانی ئێرانە کە پشتیوانیی زۆربەی خەڵکی ئەو بەشەی کوردستانی لە گەڵە. ئەوە بەو مانایە نیە کە ئەو حیزبە تاقانە حیزبەو حیزبی دیکە لەکوردستانی ئێراندا وجوودیان نیە. بە پێچەوانەوە، چەند حیزبی سیاسیی دیکەش هەن کە خاوەنی مێژوونو ڕابردووی تێکۆشانیان هەیە. دیارە حیزبی واش هەن کە تازە دامەزراون. بەڵام حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران گەورەترین و جێگرتووترین هێزی سیاسییە کە هەروەك ئیشارەی پێ کرا، خاوەنی پشتیوانیی کۆمەڵانی بەرینی خەڵکە. حیزب مێژوویەکی پڕ لە هەورازو نشێوو پڕ لە فیداکاریو گیان فیدایی هەیە. بەمەش، حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە مەیدانی خەباتدا قاڵ بۆتەوەو بە کەڵك وەرگرتن لە تاقیکردنەوەکانی مێژووی خەباتی گەلی کوردو نەتەوەکانی دیکە، بۆتە حیزبێکی لێوەشاوەو کارای گۆڕەپانی تێکۆشان. حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران شانازیی دامەزراندنی یەکەم دەوڵەتی کۆماری کوردستانی لە ساڵی ١٩٤٦دا هەیە. هەر ئێستاش ئەوە حیزبی دێموکراتە کە ئەرکی پڕ لە سەروەریی ڕێبەرایەتیکردنی خەباتی ئەمڕۆی گەلی کورد لە کوردستانی ڕۆژهەڵات بۆ گەیشتن بە ئازادی بە ئەستۆیەیە.

گەلی کورد لە کوردستانی ئێرانو حیزبی دێموکرات، بە شێوەیەکی چالاك لە شۆڕشی گەلانی ئێران لە ساڵی ١٩٧٩دا بەشدارییان کرد. هەر تەنیا چەند مانگ پاش گۆڕانی ڕێژیم، کاربەدەستانی تازە بەدەستەڵات گەیشتوو کوردستانیان کردە مەیدانی شەڕێکی قورسو خوێناویو بە هەزاران کەس لە خەلکی سێڤیلو بێدیفاع بە تاوانی داوای مافە نەتەوایەتییەکانیان لە خوێندا شەلاڵ کران. دامەزرێنەرو ڕێبەری ڕوحانی ڕێژیم، ئایەتوڵڵا خومەینی، فەتوای جیهادی بە دژی خەڵکی کوردستان ڕاگەیاند. هێزە چەکدارەکانی کۆماری ئیسلامی بە چەشنێکی زۆر بێڕەحمانە هێرشێکی بەرینیان بۆ سەر خەڵك دەست پێکردو شارو گوندەکانی کوردستانیان دایە بەر ڕەهێڵەی بۆمباو بڵێسەی ئاگر. بەم جۆرە شەڕێکی نەخوازراو بەسەر خەڵکی کوردستانو حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێراندا سەپێندرا. حیزبی ئێمە بە ناچاری بەربەرەکانێو مقاوەمەتی چەکدارانەی بۆ دیفاع لە مانو مەوجودییەتی خەڵکی کوردستان هەڵبژارد، خەباتو بەربەرەکانێیەکی پڕ لە حەماسەو قارەمانیەتیو گیانبازی کە تا ئاخرو ئۆخری ساڵانی ١٩٩٠ درێژەی کێشا.

لە ١٣ ژووئیەی ١٩٨٩دا، دوکتۆر عەبدولڕەحمان قاسملوو، سکرتێری گشتیی حیزبو دوو کەس لە هاوڕێیانی، لە کاتی دانیشتنو وتووێژ لەگەڵ نوێنەرانی ڕێژیمی ئێراندا لە ڤیەنی پایتەختی ئوتریش تیرۆر کران. ئەوە لە حاڵێکدا بوو کە ئەو دانیشتنە لە سەر داوای دەوڵەتی ئێران بۆ دۆزینەوەی ڕێگاچارەیەکی ئاشتیخوازانە بۆ کێشەی کورد لە کوردستانی ڕۆژهەڵات پێك هاتبوو. دوکتۆر سادق شەرەفکەندی کە پاش تیرۆری دوکتۆر قاسملوو بە سکرتێری گشتیی حیزب هەڵبژێردرا، لە ١٧ سپتامبری ١٩٩٢دا لە بێرلین، لە کاتی بەشداریکردن لە کۆنگرەی ئینتێرناسیۆنالی سۆسیالیستدا، لە گەڵ هەمان چارەنووسی دکتۆر قاسملوو بەرەوڕوو بوو. لە ڕاستیدا ئەوان بە قوربانییانی تیرۆریزمی دەوڵەتیی ئێران لە قەڵەم دەدرێن.

**سەرۆکی بەڕێز!**

سەرکوتی ئازادی بۆتە ڕۆتینی کارو سیاسەتی هەمیشەیی کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامیی ئێران. هیچ حیزبو ڕێکخراوو سەندیکایەکی سەربەخۆ، یا نوێنەرانی گەلانی ئامادە لەم دانیشتنەدا، نەمازە گەلانی عەرەبو ئازەربایجانی، ڕێگایان پێ نادرێ بە ئازادی تێکۆشانیان هەبێ. ئازادییە فەردیو کۆمەڵایەتییەکان بە خراپترین شێوەی مومکین سەرکوت دەکرێن. بەجۆرە ئێران بۆتە زیندانێکی گەورە بۆ ئەو کەسایەتیو نەتەوەو ڕێکخراوە سیاسییانەو هەر پارێزگارێکی مافی مرۆڤ، کە ئازادیخواز بێو بە شێوەیەکی جیا لە دەستەڵاتداران بیر بکاتەوە.

لە ماوەی ٢٧ ساڵ خەباتی بێ وچاندا، پتر لە ٦٠٠٠ ئەندامی حیزبی دێموکرات، بە هەزاران کەس لە ئەندامانی حیزبو ڕێکخراوە سیاسییەکانی دیکەو، نزیکەی ٥٠ هەزار کەس لەخەڵکی بێدیفاع، گیانیان لە پێناوی مافو ئازادیدا بەخت کردوە. بەوحاڵەشەوە بزووتنەوەی ئاشتیخوازانەی گەلی کورد لێبڕاوە کە هەروا بە شێوەیەکی ئاشتیخوازانە درێژە بە بەربەرەکانێو مقاوەمەتی خۆی بەدژی سیاسەتی سەرکوتکەرانەی کۆماری ئیسلامی بدا. دیارە ئەوەش کارێکی گەورە، بەڵام پڕزەحمەتو مەترسییە. بەڵام ئێمە بە بڕیارین کە ڕێگایەکی دیکەی جیا لە درێژەدان بەو خەباتە نەگرینە پێش.

وەك دەزانین ئەمڕۆ ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستو ئێران، لە بەردەم ئاڵوگۆڕی سیاسیدان. تارادەیەکی زۆر وەزعەکە وەك وەزعی سیاسیی عێراق پێش پەلاماری هاوپەیمانەکان بۆ سەر دیکتاتۆری پێشووی ئەو وڵاتە، دێتە بەرچاو. کۆماری ئیسلامی هەروا درێژە بەکەڵەوەکێشی خۆی لە گەڵ کۆمەڵگای نیونەتەوەیی دەدا. دیارە سیاسەتێکی لەو چەشنەش مەینەتبەشی و ڕۆژ ڕەشییەکی زۆری بۆ وڵاتەکەمان بەدواوەیە. حیزبی دێموکرات هیچ کاتێك لایەنگری ئەوە نیە کە وڵاتانی دەرەوە دەست لە کاروباری نێوخۆیی ئێران وەربدەن. بەڵام نیگەرانی ئەوەین کە سیاسەتی ئاژاوەگێڕانە و نابەرپرسانەی ڕێژیم، زەمینەی گونجاو بۆ وەزعێکی ئاوا بخولقێنێو سەرەنجام ئێران لەگەڵ شەڕ دەستەو یەخە بکا.

لە لایەکی دیکەشەوە لە کوردستانیشدا شاهیدی بارودۆخێکی سیاسین کە دەکرێ وەکوو لێگەر یا "چالش"ی نوێ بۆ گۆڕانکاریو دێمۆکراسی ناودێر بکرێ. نەبوونی کردەوەی هاوئاهەنگ لە نێوان هێزە سیاسییەکاندا بۆ وەدیهێنانی ئامانجە هاوبەشەکان، هەبوونی ناتەباییو ناکۆکی لە نێوان هێزە سیاسییەکاندا، نەبوونی ئۆرگانو دامەزراوەی سیاسی بە یەکگرتوویی پێویستەوە بۆ بردنە پێشی کارو خەباتو لەوەش زیاتر، لێکدابڕانو جیابوونەوە لە ڕیزی هێزە سیاسییەکاندا، دەکرێ تەنیا بە بەشێك لە تایبەتمەندییەکانی ئەم وەزعە سیاسییەی دانێین کە لە کوردستاندا لە گۆڕێ دایە. ڕوونە کە بەبێ بوونی یەکیەتیو یەکگرتوویی نەتەوەییو بە بێ هاوکاریو هاوپێوەندیی نێونەتەوەیی، ئەو گیروگرفتانە بە چارەسەرنەکراوی دەمێننەوەو گیروگرفتی تازەتریشمان بۆ دروست دەکەن.

**بەڕێز سکرتێری گشتی!**

ئەمڕۆ پتر لە ١٠ میلیۆن کورد لە کوردستانی ڕۆژهەڵات چاوەڕوانی بڕیاری ئێوەن. وەرگیرانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە ئەندامی تەواوی ڕێکخراوی گەلانو نەتەوە بێ نوێنەرەکان، بە هەنگاوێکی گەورە بۆ کوردەکانی ئێران بەرەو وەدەستهێنانی هاوپێوەندیی نێونەتەوەییو ڕاکێشانی پشتیوانیی نێونەتەوەیی بۆلای داخوازییە ڕەواکانیان دادەنرێ. دیارە بڕیارێکی لەو چەشنە گوڕو تینێکی زۆریش بە خەبات بۆ پێکهێنانی ئاڵوگۆڕ لە ئێراندا دەدا.

گەلی ئێمە لە خەبات بۆ وەدیهێنانی مافی دیاریکردنی چارەنووسدا، پێویستیی بە هاوکاریو هاوپێوەندیی نێونەتەوەیی هەیە. لە ڕاستیدا ئێمە لە خەباتی خۆماندا ئەرکی گەورەمان لەسەرشانە. دامەزراندنی ئێرانێکی دێمۆکراتو فیدراڵ کە لەودا ڕێز لە مافەکانی گەلانو مافو ئازادییەکانی مرۆڤ بگیرێ، تەنیا بەشێکی ئەو ئەرکە قورسەیە کە کەوتۆتە سەرشانمان. بۆیە خستنە بەرباسی داخوازیی ئێمە لەو کۆبونەوەیەدا، لە لایەن ئێوەی هێژاوە، کارێکی بەکەڵكو بەجی دەبێو هێزو توانای زۆرترمان بۆ درێژەدان بەو خەباتە دەداتێ کە هەر ئێستا بەڕێوەی دەبەین.

بۆ گەیشتن بە ڕێگاچارەیەکی ئاشتیخوازانە بۆ کێشەی کورد لە کوردستانی ئێران، حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران لە هەموو هێزو تواناو ئیمکاناتی خۆی کەڵك وەردەگرێ. کەوایە با ڕێگا بدرێ ئەم کۆبونەوەیە ببێتە دەرفەتێك بۆ کاری پێکەوەمان لە ڕێگای کارو خەباتماندا بەرەو ئامانجە هاوبەشەکانمان. ئێمە پێویستیمان بە بڕیاری سازکەرو ئەرێنیی سەرۆکایەتیی ئەم ڕێکخراوە لە هەموو ئەو بوارانەدا هەیە کە دەکەونە چوارچێوەی ئەرکو بەرپرسایەتییەکانیەوە. ئامانجە هاوبەشەکانمان بریتین لە: مافی بەرانبەرو وەك یەك بۆ هەمووان، دێموکراسی، مافی مرۆڤو مافی گەلان بۆ دیاریکردنی چارەنووسی خۆیان. بۆیە بەجێیە باشترین ڕێگا بۆ هاوکاریو هاوپێوەندیی دوولایەنە بدۆزینەوە. ئێمە لەو بڕوایەداین کە ئەوە بەرپرسایەتیی هاوبەشی ئێمەیە کە تێبکۆشین گەلو نەتەوە بێ نوێنەرەکان دەنگی یەکگرتوویان بگاتە بیروڕای گشتیو ئۆرگانە نێونەتەوەیییەکان.

**دۆستانی بەڕێز!**

لە لایەن حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانەوە داوا لە سەرۆکی بەڕێز دەکەم کە سەردانی بارەگاکانی ڕێبەرایەتی و بنکەکانی دیکەی حیزب بکەن کە ئێستا لە کوردستانی عێراقدان. سوپاستان دەکەم کە ڕێگاتان دام لەو کۆبوونەوەیەدا بەشدار بمو لەسەر بۆچوونەکان، هۆی داوای ئەندامەتیو ئەرکو ڕۆڵی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بۆتان بدوێم. سوپاس بۆ ئەوەش کە بە حەوسەلەوە گوێتان دا بە قسەکانم. سپاس بۆ کارو ماندوبوونتان لە پێوەندی لەگەڵ خستنە بەرباسی داخوازییەکەمان لە درێژەی کاری کۆبوونەوەکەماندا.

هەر سەرکەوتووبن.

**سەرکوتی ئازادی بۆتە ڕۆتینی کارو سیاسەتی هەمیشەیی کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامیی ئێران. هیچ حیزبو ڕێکخراوو سەندیکایەکی سەربەخۆ، یا نوێنەرانی گەلانی ئامادە لەم دانیشتنەدا، نەمازە گەلانی عەرەبو ئازەربایجانی، ڕێگایان پێ نادرێ بە ئازادی تێکۆشانیان هەبێ**

**بۆ گەیشتن بە ڕێگاچارەیەکی ئاشتیخوازانە بۆ کێشەی کورد لە کوردستانی ئێران، حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران لە هەموو هێزو تواناو ئیمکاناتی خۆی کەڵك وەردەگرێ. کەوایە با ڕێگا بدرێ ئەم کۆبوونەوەیە ببێتە دەرفەتێك بۆ کاری پێکەوەمان لە ڕێگای کارو خەباتماندا بەرەو ئامانجە هاوبەشەکانمان**

# وتووێژ لەگەڵ بەڕێز د. خوسرەو عەبدوڵاهی، بەرپرسی پێوەندییە نێونەتەوەیی‌یەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە دەرەوەی وەڵات

هەڤپەیڤین: سەلیم زەنجیری

**چەند رۆژ بەر لە ئێستا د. خوسرەو عەبدوڵاهی بەرپرسی پێوەندییە نێونەتەوەیی‌یەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە دەرەوەی وەڵات سەردانی کوردستانی کرد. ئێمەش دەرفەتمان بە گرینگ زانی تاکو لە نزیکەوە وتووێژێك لەمەڕ پێوەندیی‌یە نێونەتەوەیی‌یەکانی حیزبو هەروەها هێندێك مەسەلەی رۆژو پێوەندیدار بە ئێرانو جیهانو ناوچە لەگەڵیدا ساز بدەین.**

**پ: پێوەندییەکانی ئێوە وەکوو بەرپرسی پێوەندییە نێونەتەوەیی‌یەکانی ح. د. ك. ئێران لەگەڵ کۆڕوکۆمەڵەو رێکخراوە سیاسیی‌و نێونەتەوەیی‌یەکاندا چۆنە؟ وەکوو حیزبی دێموکرات چۆن پێشوازیتان لێ‌دەکرێت، یان بە واتایەکی دیکە قورسایی‌و پێگەی حیزبی دێموکرات لە ئاستی نێونەتەوەیی‌دا تا چ رادەیەکە؟**

و: منیش سوپاسی ئێوە دەکەم کە ئەو دەرفەتەتان بۆ من رەخساند کە بتوانین هێندێك باسی حیزبو مەسەلەکانی رۆژ بکەین. حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، حیزبێکی بەپرەنسیپ، دێموکراتێكو رێكوپێکە. خەباتو تێکۆشانی حیزب لە پلەو هەنگاوی یەکەمدا بۆ دێموکراسی، پێشکەوتنو رێزگرتن لە مرۆڤایەتی‌یە. ئەو پرەنسیپو ئەرزشانە شتهایەکن کە جیهانی پێشکەوتووو شارستانی پشتیوانییان لێ‌دەکا، بەتایبەت کاتێك کە مرۆڤ لە کردەوەشدا ئەو پرەنسیپانە بپارێزێ. حیزبی ئێمەش چ لەناوخۆو کونگرەکانی خۆیداو چ لە پێوەندی‌و دانوستاندنەکانی‌خۆیدا هەمیشە ئەو بەهاو پرەنسیپانەی پاراستووەو دەی‌پارێزێت. بۆیە حیزبی دێموکرات لە ئاستی نێونەتەوەیی‌دا خاوەن رێزو حورمەتێکی بەرزە ئینجا لە رێکخراوە سیاسییەکان ڕابگرە هەتا دەگاتە ئەو دامو دەزگاو ناوەندە نێونەتەوەیی‌یانەی کە مافی مرۆڤ دەپارێزن. ئەوان پشتگیری خەباتو تێکۆشانی حیزبی ئێمە دەکەن، خەباتی ئێمەش بۆ دێموکراسی‌و مافی گەلی کورد لە کوردستانی ئێراندایە. حیزبی دێموکرات وەکوو بەرپرسیاری مەسەلەی کورد لە ئێرانداو بەرپرسیاری مەسەلەی نەتەوەیەکی دە میلیون کەسی لە ئێراندایەو ئەو مەسەلەیەش یەکێك لە فاکتۆرەکانی دێموکراسی‌یە لە ئێراندا.

چاوخشاندنێك بە دروشمی حیزبەکەمان هەم ئێستاو هەم لە ڕابردووشدا دەری‌دەخا کە خوازیاری سیستمێکی دێموکراتیك‌و فێدراڵ لە ئێراندایە. لە راستی‌دا وشەی دێموکراسی ئەساس‌و بنەمای حیزبی دێموکراتە. کاتێك کە مرۆڤ لەم سەردەمەدا بۆ ئەو ئەرزش‌و پرەنسیپ‌و بەها مرۆڤی‌یانە تێ‌دەکۆشێ‌و لە ناوخۆی حیزب‌و لە کاروکردەوەی رۆژانەی خوی‌دا نیشان دەدات، دنیای شارستانی بە تەواوی لە پشتی ڕادەوەستێ. چونکە جیهان گۆڕدراوەو رەوش‌و زروف‌و مەرجە سیاسییەکان گۆڕاون، لەلایەکی دیکەشەوە ئاشکرایە کە قازانج‌و بەرژەوەندیش هەیە بەڵام دەکرێ ئەویش بگۆردرێ.

لەبەر ئەو مەرجانەیە کە وەکوو حیزب سەردانی هەر جێگایەك دەکەین لە رێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان، کومیسیۆنی مافی مرۆڤ، کومیساریای بەرزی پەنابەران، ئینتێرناسیونال‌و رێکخراوی لێبوردەیی نیونەتەوەیی‌دا بگرە هەتا دەگاتە حیزبە سیاسی‌یەکان‌و ئۆرگانە جۆربەجۆرەکانی مافی مرۆڤ، پارلمانتێرو دام‌و دەزگای سیاسی‌و مرۆڤی و...... بە گەرمی پشتیوانیمان لێ‌دەکرێت‌و پێوەندی‌و دیالوگێکی نێونەتەوەیی زۆر بەرفراوان‌و بەهێزمان لەگەڵیان بەتایبەتی لە وڵاتانی رۆژئاوادا هەیە. چونکە دەزانن کە ئەو بەهاو پرەنسیپانە لەنێوخۆی حیزبی دێموکراتدا نەهادینەو جێگیر کراون‌و ئەو شتانە وەکو تاکتیك یان بۆ سیاسەتی رۆژ بەکار ناهێنێ، بەڵکوو کردوویەتی بە ئێستراتێژییەکی بەردەوام‌و نەگۆڕ.

**پ: بەخۆشی‌یەوە ئێمە ئاگادار بووین کە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە هەنگاوێکی مێژوویی‌دا بوو بە ئەندامی فەرمی UNPO. بێگومان ئەوەش دەسکەوتێکی گرینگ‌و مێژوویی‌یە بۆ گەلی کورد بەتایبەت لە کوردستانی ئێران. بەڕای ئێوە ئەو ئەندامەتییە، کاریگەری‌یەکی لەسەر پرسی کورد لە ئێرانداو حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران هەیە؟**

و: هەروەکوو ئێشارەم پێ‌کرد هەندێك پرەنسیپ هەن کە مرۆڤ بە بوونی ئەوان دەتوانێ لە رێکخراوێکی وەها گەورەو گرینگ ببێتە ئەندام. ئەو پرنسیپانەش دێموکراسی‌و مافی مرۆڤن. باوەڕی بەردەوام بەوان لە کردەوەو پراکتیك‌دا بوو بەهۆی ئەوە کە حیزبی ئێمە لە چەند دەزگای نێونەتەوەیی‌دا وەکوو ئەندام وەربگیردرێ. یەك لەوانیش ئینتێرناسیونالی سوسیالیستە کە ماوەی ١٣ ساڵە ئێمە تێدا ئەندامین. ئینتێرناسیونالی سوسیالیست دەزگایەکی نێونەتەوەیی‌یە کە نێزیك بە ١٥٠ حیزب لە سەرانسەری جیهاندا تێدا ئەندامن.

ئەوەش هەنگاوی دووهەم بوو کە ئێمە لە رێکخستنی UNPO یان رێکخراوی نەتەوە بێ‌نوێنەرەکان بوین بە ئەندامی رەسمی. هەر بەم بۆنەیەوە پیرۆزبایی لە هەموو کوردێك‌و بەتایبەتی خەڵکی‌کوردستانی روژهەڵات، لە هەموو ئەندام‌و لایەنگری حیزبی دێموکرات‌و هەموو ئەو هاوڕێیانەی کە لەو بوارەدا تێکۆشاون، دەکەم.

کاریگەری‌و تەئسیریشی ئەوەیە کە ئەو رێکخراوەیە راستەوخۆ لە نەتەوەیەکگرتووەکاندا ئەندامەو پاریزگاری لە ماف‌و حەقی نەتەوە بێ‌نوێنەرەکان دەکا. ئەوەش رێگایەکە کە دەتوانین بە ناڕاستەوخۆ لە رێکخستنی نەتەوەیەکگرتووەکان‌و ئۆرگانە جۆربەجۆرەکانی‌دا ببینە خاوەنی دەنگ. ئەوەش هەنگاوێکی گرینگ‌و دەسکەوتێکی مێژوویی بۆ کوردی کوردستانی رۆژهەڵات‌و حیزبی دێموکرات‌و لە راستی‌دا ئەو رێکخراوەیە دەبێتە بەرپرسیارێك تاکو پرسی کورد وەکوو نەتەوەیەك بێنێتە گۆڕێ‌و بەرێتە پێشێ.

**ئێستا ئەو وڵاتانە بەگشتی‌و رێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان بەو قەناعەتە گەیشتوون کە چالاکییە ناوکییەکانی ئێران ئاشتی‌خوازانە نین، بەڵکوو ئامانجی تەنیا بەدەست هێنانی چەکی ئەتۆمی‌یە**

**پ: دواجار شورای ئاسایشی رێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان بەپێی بڕیاری ١٧٣٧، فازی یەکەمی سزا یان ئابلوقەی بەسەر ئێراندا لەمەڕ پرۆگرامە ئەتۆمییەکانی بەڕێوەی بردو ٦٠ رۆژ کاتی بۆ راوەستاندنی تێکۆشانە ناوکییەکانی ئێران دیاری کرد. بەڕای ئێوە دەوری دووهەمی سزاکان بەسەری‌دا دەسەپێندرێ یا سزاکان دژوارتر دەبن؟**

و: مەسەلەی پرۆگرامە ناوکییەکانی ڕژێم، پرسێکە کە ئاشتی جیهانی دەخاتە مەترسی‌یەوە. ڕژێمی ئێران لەم پێناوەدا هەتا ئێستا زۆر گەمەی سیاسی ئەنجام داوە بەتایبەت لەگەڵ وڵاتە ئوروپایی‌یەکان، بەو یاری‌و گەمەیانە تەنیا دەیهەوێ کات بە هەدەر بدا. بەڵام لەم دوایی‌یانەدا وڵاتانی ئوروپایی بە تایبەت فەرانسە، ئینگلیستان‌و ئاڵمان لە ئامانجی ڕژێم تێ‌گەیشتوون پێشتریش بە هۆی بوونی قازانج‌و بەرژەوەندییە هاوبەشەکانیانەوە لەگەڵ ئێراندا دەیانهەویست لە رێگای دیالۆگ‌و دیپلۆماسی‌یەوە کۆماری ئیسلامی وشیار بکەنەوە تاکو دەست لەو پرۆگرامانە هەڵگری‌و بەم شێوەیە ڕژێم عاقڵ بکەن. بەڵام لە راستی‌دا کۆماری ئیسلامی عاقڵ نابێ‌و دەیهەوێ لە دەڤەررا ببێتە ڕژێمێکی بەهێزو دەسەڵاتدارو سەردەست. بۆ ئەو مەبەستەش بە دوو شێوە بەرەو پێش دەچێ. یەکەم: ئیسلام گەرایی (لە واقعدا شیعەگەرایی دەکاتەك ئیسلام گەرایی). دووهەم: بەدەست هێنانی چەکی ئەتومی.

بۆیە ئێستا ئەو وڵاتانە بەگشتی‌و رێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان بەو قەناعەتە گەیشتوون کە چالاکییە ناوکییەکانی ئێران ئاشتی‌خوازانە نین، بەڵکوو ئامانجی تەنیا بەدەست هێنانی چەکی ئەتومی‌یە. بۆیە ئێستا بە جیددی لە گەڵی‌دا بەرەوروون‌و ئەو فازی یەکەمی ئابلۆوقە تەنیا بۆ هێنانە سەر عەقڵی کۆماری ئیسلامی بوە و ئەگەر ڕژێم دەست لە چالاکییەکانی خۆی بۆ ئەم مەبەستە هەڵنەگرێ، بێ‌شك هەنگاو و مەراحێلی دیکەی سزاکان توندترو دژوارتر دەبن.

**پ: کاریگەری ئەو سزایانە لە سەر خەڵکی ئێران‌و هەروەها پاشەرۆژی ڕژێم چۆن دەبینی؟**

و: لە هەنگاوی یەکەم‌دا ئەو کەرەستەو پێداویستی‌یانەی کە بۆ دروستکردنی چەکی ئەتۆمی بەکار دێن، ڕژێم ناتوانێ وا بە ئاسانی وەدەستی بێنێ، چونکە ئەگەر جاران بۆ نموونە نرخی یەك کەرەستە ١٠ ملیون بوایە، ئەمجارە دەبێتە ١٠٠ ملیون. بۆ ئاگاداری هەر لە ئێستاوە کاریگەری خۆی داناوەو نرخی هەموو شتێك لە ئێراندا سێ یان چوار بەرابەر بەرز بۆتەوە. سروشتییە کە لە سەر ژیانی خەڵك بە تایبەتی چین‌وتوێژی هەژارو زەحمەتکێش‌و کەم داهات باندۆری نەرێتی زیاتر دەنێتەوە. لەبەر ئەوەی‌کە ئێستا ٦٠٪ ی خەڵکی ئێران لە ژێر خەتی فەقردا دەژین.

ئەوەیش لە کاتێکدایە کە هێشتا نەکەوتووەتە قۆناغی ئابڵوقەی ئابووری، ئەگەر هەنگاوەکانی دیکەی سزاکان بە سەر ئێراندا بەڕێوە بچێت تەئسیرێکی یەکجار خراپی لە سەر ژیانی رۆژانەی خەڵك دەبێت‌و گرانی بە تەواوی ئێرانێ دادەگرێت. ئێرانیش لە ئاستێك‌دا نیە کە بتوانێ وڵامدەر بێت. تەنیا کارتی نەوتی هەیەو ئێمە دیتمان کە لەو ماوەیەدا بەهای نەوت تا رادەیەك گران بوو بەڵام بەدەستی عەرەبستانی سعودی‌و... نەوتێکی زیاتر بەرهەم دێ‌و نرخەکەی شکاوەو لە ٨٠$وە بۆ ٦٠$ هاتوە خوارێ.

ئەوەش لە حاڵێك دایە کە پسپۆڕە سیاسییەکان‌و ئابووری ناسەکان لەو باوەڕەدان کە لە دوارۆژدا حەتا ٣٠$ دێتەوە خوارێ‌و لە ئەنجام دا رەوشی کۆماری ئیسلامی بە جۆرێك نابێت کە بتوانێت لە بەرانبەر ئەو ئابڵوقانەدا دەوام بێنێت.

**پ: بەڕێز خوسرەو عەبدوڵاهی ئێوە رۆڵی کۆماری ئیسلامی لە ناوچەدا وەکوو پێك هێنانی گرژی‌و ئاڵۆزی‌و دەستێوەردان لە کاروباری وڵاتان‌و... چۆن هەڵ‌دەسەنگێنن؟**

و: کۆماری ئیسلامی لە ئەساس‌و بنگەدا ڕژێمێکی تیرۆریستی‌و لە سەر تیرۆریزم دامەزراوە. تیرۆریزم یەکێك لە کەرەستەو کارتەکانی فشارو گڤاشی ڕژێمە، ئەوەش شتێکی تازەو شاراوە نیە چونکوو لە خومەینییەوە بگرە تا رێبەرانی ئێستای ئێران باسی "سدووری ئینقلاب" واتە ناردنە دەرەوەی شۆڕش دەکەن. بۆ ئەو مەبەستەش ئامانجی یەکەمیان وڵاتانی دەوروبەر وەکوو عێراقە. ئەوەش لە کاتێك دایە کە نە تەنیا ئەمریکا، بەڵکوو بەرپرسانی عێراقیش رۆڵی مەنفی ئێران‌و دەستێوەردانەکانی لە عێراق دا پشت ڕاست دەکەن.

ئامانجی ڕێژیم لە تێکدانی باری ئەمنی عێراق، بێ ئەنجام هێشتنی پرۆسەی دێموکراسی لە عێراق دایەو دەیهەوێ پێش بە خواستەکانی گەلانی کە دامەزراندنی سیستمێکی دێموکراتیك‌و فێدراڵە، بگرێ. چونکوو دەزانێت کە ئەگەر لە وڵاتێکی ناوچەدا وەکوو عێراق دێموکراسی جێگیر ببێت، تەئسیری راستەوخۆی لە سەر وڵاتانی جیران بە تایبەتی ئێران دا هەیە. بۆیە کۆماری ئیسلامی بە هەموو توانای خۆیەوە تێ‌دەکۆشێ کە پێش بە دامەزرانی ئەو سیستمە ئەمرۆیی‌و دێموکراتیکە بگرێ. بۆ گەیشتن بەو مەبەستەش دەستی کردووە بە کردەوەی تیرۆریستی‌و پێك هێنانی گرژی‌و ئاڵۆزی، پشتیوانی لە گرووپە توندرەوە تیرۆریستەکان لە عێراق ڕابگرە تا دەگاتە فەلەستین‌و لوبنان‌و... و دەزانێت کە بە سیاسەت‌و سیستەمە دیکتاتۆری‌و دژی مرۆڤی‌یەکەی خۆیەوە ناتوانێ بژیت‌و بە هەموو توانای خۆیەوە دژایەتیی پرۆسەی ئاشتی‌و دێموکراسی لە ناوچەدا دەکاو قازانج‌و بەرژەوەندییەکانی وڵاتانی بەهێز لە ناوچەدا دەخاتە مەترسی‌یەوە.

**پ: ماوەیەکە کە هێرشی نیزامی دژی ئێران بووەبە مژاری سەرەکیی میدیاکان، رای ئێوە لەم پێوەندییەدا چیە؟**

و: هێرشی نیزامی تا ئێستا وەکوو "ئینتخاب" جارێ هەڵنەبژێردراوە. چونکوو ئەمریکی‌یەکان، ئوروپایی‌یەکان‌و رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان تا ئێستایشی لە گەڵدابێ دەیانهەوێ لە رێگەی دیپلۆماسی‌یەوە ئەم مەسەلەیە چارەسەر بکەن. بەڵام کۆماری ئیسلامی ڕژێمێك نیە کە بتوانێ مەسەلەکان لە رێگای دیپلۆماسی‌یەوە تاوتوێ بکا.

کۆماری ئیسلامی دەزانێ کە مانەوەکەی بە بێ چەکی ئەتومی مۆمکێن نیە. بۆیە لە هەوڵی ئەوەدایە کە بە هەر شێوەیەك بێت ئەو چەکە بە دەست بخاو بۆ کۆماری ئیسلامی بووە بە مەسەلەیەکی حەیاتی‌و مەسەلەی مان‌و نەمان.

بێگومان بە دەست خستنی ئەو چەکەش لە لایەن ڕێژیمەوە خەتەرو مەترسی‌یەکی گەورەیە بۆ ئاشتی جیهانی. من لەو بڕوایەدام کە ڕێگاچارەی دێموکراسی لە ئێراندا هێرشی نیزامی نیەو زرووفی ئەمڕۆیش ئەوە ئیجاب ناکا، مەگەر ئەوەی کە ڕێژیم ئەوان ناچار بکا! بەڵام رێگای دیکەش هەن کە ...

**پ: ببورە، میکانیزمی ئێوە وەکوو حیزبی دێموکرات لەم پێوەندییەدا چییە؟**

و: حیزبی دێموکرات باوەڕمەند بە هێزە نەتەوەیی‌یەکانی ئێرانەو ساڵێکە خەبات دەکا کە هێزە دێموکرات‌و پێشکەوتنخوازەکان بە گشتی ئوپۆزیسیونی دێموکراتیك لە دەوری یەك کۆبکاتەوە. چونکو لە ئێراندا ٦ نەتەوە هەن کە لە مافی ئینسانی خۆیان بێ‌بەش کراون‌و داوای مافی خۆیان دەکەن. ئێستا پرسی نەتەوەیی لە سەرانسەری جیهاندا گرینگی پێدەدرێ. هەروەها لە ئێرانیشدا پرسی نەتەوەیی خۆرت بووەتەوە و رۆژەڤی ئێرانی بەخۆیەوە گرتوە.

بۆیە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران وەکوو هێزێکی مودێرن کە باوەڕی بە مافی نەتەوەکان هەیە لەم پێناوەدا زۆر تێکۆشاوە، بۆ نموونە ئەوە ٢ ساڵە کە کۆنگرەیەك دامەزراوە بە ناوی کۆنگرەی نەتەوەکانی ئێرانی فیدراڵ، وەکوو ئالترناتیڤێك بۆ پاشە رۆژی سیاسی ئێران. ئێمە تێ‌دەکۆشین کە هێزی ئەو نەتەوەیانە تێکەڵ بە هێزی ئوپۆزیسیونی ئێرانی بکەین یان پێکەوە گرێیان بدەین‌و ئەو رێکخستنەیە بەهێزتر بکەین. بۆیە پێویستە کە وڵاتانی دەرەوە بە تایبەت وڵاتانی رۆژئاوا پشتیوانیی ئەو هێزو رێکخستنەیە بکەن، بە رای من میکانیزمی ژێهات‌و هەرەباش ئەوەیە نەکوو هێرشی نیزامی‌و ئەگەر تاکو ئێستا ئەمریکی و ئوروپایی‌یەکان زێدە لەو مەسەلەیە تێ‌نەگەیشتن‌و زیاتر گرینگی‌یان بەو رێکخستنە نەدابێ، لەو بڕوایەدام کە زۆر ناخەیەنێت کە دێنە سەر باوەڕی ئێمە.

**پ: بەڕێز د.خوسرەو وەکوو دوایین پرسیار، ئێوە پاشە رۆژی کوردان بە تایبەت لە کوردستانی ئێراندا چۆن دەنرخێنن، ئایا وەکوو کورد گەشبین بەو گۆڕان‌و هاوکێشە سیاسی‌یانەن کە لە ناوچەدا دێنەگۆڕێ؟**

و: بەڵێ من زۆر خۆشبینم، چونکە ئێستا مەسەلەی نەتەوەکان، مەسەلەی مافی مرۆڤ و دێموکراسی بوونەتە مژاری رۆژ و سیستم گۆڕاوە، دنیا گۆڕدراوە، ئیتر کاتی ئەوە نەماوە کە ڕێژیمێك یان نەتەوەیەك زاڵ بێ بە سەر چەند نەتەوەی دیکەداو، دەسەڵاتیان بەسەردا بکا. مرۆڤایەتی ئیتر تەئیدی ئەو سیستمانە ناکاو لانی کەم دەبێت دێموکراسی‌یەك نسبی لەو وڵاتانەدا هەبێت، مافی نەتەوەکان بپارێزێت. بۆ نموونە ئەمریکا ئەگەر جاران وڵاتێکی دەگرت، کاری بە سیستمەکەیەوە نەبوو و دیکتاتۆرێکی لە سەر کار دادەناو تەواو. بەڵام ئێستا لە عێراق‌و ئەفغانستان‌و... دەبینین کە پشتگیری سیستمی دێموکراتیك دەکاو لە عێراق دا کوردێك دەبێتە سەرۆك کۆمار.

بەگشتی رێفۆرمێك لە سیستمی جیهانی‌دا پێك هاتووەو جیهان بەرەو دێموکراسی دەچێ. بۆیە من پاشە رۆژی کوردان‌و هەم نەتەوەکانی تریش زۆر گەش‌و بەروونی دەبینم. چونکو بەرەبەرە کۆتایی بە سیستمە دیکتاتۆرەکان دێت‌و وەکوو کوردێکی کوردستانی ئێران زۆر خۆشبینم کە کۆماری ئیسلامیش چیتر ناتوانێ دەوام بێنێ‌و حەتمەن لە نێو دەچێ چونکو کۆماری ئیسلامی دژایەتی لە گەڵ مرۆڤایەتی‌و سیستمی پێشکەوتووی ئەمرۆی جیهاندا هەیە.

**من زۆر خۆشبینم، چونکە ئێستا مەسەلەی نەتەوەکان، مەسەلەی مافی مرۆڤ و دێموکراسی بوونەتە مژاری رۆژ و سیستم گۆڕاوە، دنیا گۆڕدراوە، ئیتر کاتی ئەوە نەماوە کە ڕێژیمێك یان نەتەوەیەك زاڵ بێ بە سەر چەند نەتەوەی دیکەداو، دەسەڵاتیان بەسەردا بکا**

- بەڕێز دوکتور خوسرەو عەبدوڵاهی سوپاسی بەشداری کردنت لەم هەڤپەیڤینەدا دەکەم هەر بژی‌و سەرکەوتوو بی.
- - سوپاس بۆ ئێوەش، سەرکەوتوو بن.



خۆسرەو عەبدوڵڵاهی، بەرپرسی پێوەندییە نێونەتەوەیی‌یەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە دەرەوەی وەڵات

کوردستان
ژمارە:٤٥٥ (٣٠ی ڕێبەندانی ١٣٨٥)



## تیل نیشان

مەسعوود بابایی

### دیاردەکان‌و شمەکەکان لە ئەفسانەو ئوستوورەدا

ئێمە لە جیهانی دیاردەکان‌و شمەکەکاندا دەژین. پێوەندیی ئێمە بە جیهانەوە، پێوەندییەکی ئاسۆیی‌و چاوەکی‌یە. واتە لە ڕێگەی "دیتن"ەوە. لەم پێناوەدا یەکەم شت کە دێتە بەرچاومان پێکهێنەرە کە دروستکەری پێکهاتەیە. پێکهاتە کۆی ئەو شتانەیە کە ئێمە لەگەڵیدا سەروکارمان هەیە. پرسیار ئەوەیە: مووروویەکی ڕەش، تەزبێح، ئەنگوستیلە، چ سێحرێکیان تێدایە؟ ئایا ئەمانە بۆ لەخشتەبردن‌و ئەفسونکردنی خوێنەر/ گوێگر بەکار دێن، یاخۆ ئامانجی زانست یا ئەزموونن. لە ڕاستیدا مرۆڤ هەندێجار تووشی سەرسووڕمان دەبێ کاتێك بیردەکاتەوە لەسەردەمی خۆیدا مرۆڤەکانی ئەمڕۆ گاڵتە بەوانی دوێنێ دەکەن. بەڵام ئەمە ئاسایی‌یە. هەقیقەتەکانی دوێنێ ئەفسانەی ئەمڕۆن‌و هەقیقەتەکانی ئەمڕۆش ئەفسانەی سبەینێ. لێکدانەوەی ماتریالیستی ئەم شێوە بیرکردنەوەیە دەڵێ: ئەمانە ڕەنگدانەوەی باری سایکۆلۆژی مرۆڤەو ئەم بارە ئاڵۆزە دەرونی‌یە لە نەزانی‌یەوە سەرچاوەی گرتووەو بە پێشکەوتنی فیزیك‌و ناسینی ڕەهەندی "مادە" یا "مەتریال"و سێکوچکەی "قەبارە"، "کێش"، "کات"، ئیدی ئەنگوستیلە یا ملوانکەیەك ئەفسونەکەی دەشکێ‌و زانین جێی نەزانی دەگرێتەوە. بەڵام ئەمە لێکدانەوەیەو بەس. مرۆڤ بوونەوەرێکی ماتریالیستی نیەو بیرکردنەوەش چەندان ماتریالیستی نیە.مرۆڤ بە ڕای من بوونەوەرێکی ئایدیالیستی‌یەو جیهانی بوونەوەرێکی وەکو مرۆڤ تەنیا "مادده" نیە. زەینی گومانکاری مرۆڤ بەرینترە لەوەی بەڵگەهێنانەوەیەکی تاك ڕەهەندی بتوانێ ڕازیی بکا. کەوابوو دەبێ لە گۆشەنیگایەکی دیکەوە بڕوانینە ئەم باسە. "مووروویەکی شین" کە بە نێوچاوانی منداڵێکەوە هەڵدەواسرێ باندۆرێکی دەروونی هەیەو ئەمەش پێی دەوترێ "هێپنۆتیزم"، هەندێجار خۆمان "هێپنۆتیزم" دەکەین‌و جاری واش هەیە کەسانی دەرووبەرمان. هەندێجار ئەزموون دەکەین: لە ڕێگەی تاقیکردنەوەو هەڵە، دەشێ زۆرجاریش لاسایی بکەینەوە. لە ئەزموون دا ئەنجامی ڕەفتار گرنگە نەك هۆی ڕەفتار. مەبەست لێرەدا ئەزموونی زانستی نیە. ڕستەی پێشوتان لەیاد نەچێ. زانست بە پێی هاوکێشەی

هۆ ⟵ بەرهۆ
هۆبەند

بە ئەزموون دەگاو ئەوەش لە چوارچێوەی فۆرمی زانستی دایەو ئاکادێمیکەو هەڵبەت ڕاستیەکەشی ئێگجار زیاترە.

لەم ڕستەیە ورد بینەوە:

"ئەنگوستیلەیەکی پێداو وتی ئەمە لە سێحری دێو دەتپارێزێ". ئەم دەربڕینە پێی دەوترێ دەربڕینی "ئوستوورەیی‌و ئەفسانەیی‌و فەنتازیك" ئێمە ناتوانین هیچ ڕاڤەیەك بۆ ئەم گوتەی چیرۆك گێڕەوە ئەنجام بدەین، بێجگە پێکەنین. وەڵێ ئەمە لە ئەنجامی دۆش دامانی ئێمەوە دێت، واتە گەمژەیی مرۆڤ. ئایا چیرۆك گێڕەوە نازانێ ئەنگوستیلەو دێوو کرداری دەتپارێزێ، هیچ نین جگە لە خەیاڵکردو گومان‌و نیشانەی پرسیار(؟)! بەڵام "سێحر" وشەیەکی کلیلی‌یەو پێویستە بە سانایی بەسەریدا باز نەدەین، سێحر یا "ئەفسوون".

با لێرەدا نموونەیەك بێنمەوە:

لەسەردەمی مودێڕنیتەو عەقڵانیەتی مودێڕنیش دا، لە جەرگەی وڵاتانی مودێڕنیش دا فاڵچی‌و سێحربازەکان هەن‌و ماون، ئەو کەسانەش کە پەنایان بۆ دەبەن ئەزانن کە ڕەفتارەکەیان پاساوی زانستی نیەو عەقڵانیش نیە، بەڵام ئەم کارە دەکەن‌و ... هتد. ئامرازکانی فاڵ‌و ئەنگوستیلەی سێحری‌و دێو هەریەك شتن‌و لە هەموویان وشەی سێحر کلیلی سەرەکی‌یە. کە خۆی هەمیشە قوفڵێکی دیکەیەو هتد.

ئەگەر پیرەژنێکی جادوگەر، سواری گسك دەبێ‌و دەفڕێ، ئێمە پێدەکەنین، بۆ چی؟ لەبەر ئەوەی گسك، شتێك نیە کە پیرەژن بتوانێ پێی بفڕێت.

بۆ نموونە ئەم ڕەستەیە:" پیرەژنە چاوچنۆکە جادوگەرەکە، سواری گسکە بوو و فڕی."

لە وشەی فڕی، کە کرداری "فڕین" دەخاتەڕوو وردببنەوە.

لە بەشی داهاتووی ئەم ستوونەدا درێژە بەم باسە دەدەین.

## "مرۆڤێکی خۆڵەمێشی"

فاتمە حوسێن پەناهی
ئاسینا

ئەم شەو،
چەندە لە کۆنە شەوێك دەچێ،
ئەم پیاڵە شەرابە کوڵاوەش ـ
ـ تامێکی ئاشنای هەیە
لە پشت پەردەکانی تاسەوە
لەو دیو سنوورەکانی لە شەوە
ئێمە لە یەکتر دەچین"
"زۆری پێناچێ پەپوولەی نامۆی
ملمان باڵ دەگرێتەوەو،
ژیان کاژ دەخات،
لە لۆچی ماچێکدا
هاوارەکان گڕدەگرن
لە دوورترین ڕۆشنایی ـ
ـ لای تاریکاندا
هەرچی دووری دوورن
نزیك‌و نزیکتر دەبن.
بەم نزیکانە
مرۆڤێکی خۆڵەمێشی لە دایك دەبێ"
"سێبەرە دارینەکان"
کتێبێکی داری،
شێعرێکی داری،
گوڵێکی داری،
ـ لەوانەیە؟!
و ئەو سێبەرگەلەی ـ
ـ لە یەکتر ئاڵان
لە سەر سەرزەمینێکی بۆش دا..



## وتوووێژێك لەگەڵ چارلز بۆکۆفسکی

و:فەرید دەیهێم

***چارڵز بۆکۆفسکی یەکێ لە نووسەرە گەورەکانی ئەمریکایە. ئەم وتووێژە کە دەیخوێیننەوە لە تەمەنی حەفتا ساڵیدا لە گەڵیدا کراوە.***

**زۆرتر چی دەخوێننەوە، حەزتان لە خوێندنەوەی بەرهەمی چ کەسانێکە؟**

من ئیتر شتێکی وا ناخوێنمەوە. شتێك لەبەر دەستمدا نامێنێ. ماوەیەك هەموو شتێکم دەخوێندەوە. زۆرتر لە ژێر کاریگەریی داستایوفسکی، نیچە، شۆپێنهاوێر، هامسۆن، سلین، جفرز، هامینگۆی، شرواندرسۆن، گورکی، تۆرگێنیۆف، فانتە و کائوول گەمارۆدان بووم. هەروەها چەند نووسەری دی کە ئێستا لە یادم نین.

**چ شتێك بووە هۆی ئەوەی کە ئێوە ببنە نووسەر؟**

گەر ئەم هۆکارانەم زانیبا، ڕەنگە ئێستا ئیتر نەمتوانیبا بنووسم.

**ئێوە زوو دەستان بە نووسین کرد بەڵام پاش تێپەڕبوونی چل ساڵ لە تەمەنت بوویتە نووسەر. لەبارەی بەرەی نوێی ئەو نووسەرانەوە کە لە دەیەی بیستی ژیانیاندا ناسراون چی دەڵێن؟ ئایا بەرهەمی ئەوانت خوێندوەتەوە؟**

باوەر ناکەم شتێك لەو نووسەرە تازانەم خوێندبێتەوە. شکم لەوەدا نیە کە زۆریان شتی باش دەنووسن یا بڕێکیان بۆ ماوەیەکی کورت باش دەنووسن، بەڵام شك نابەم کەسانێك کە بەباشی درێژەی پێ بدەن. لە بەرەی کۆن و نوێ دا زۆر ئەم شتە بەدی دەکرێ. بەڵام کەم کەس دەبینم کە لە درێژخایەن دا بەردەوام بن لە سەر نووسینەکانیان.

**نووسراوەکانی ئێوە زۆرتر لەبارەی خۆتانەوەیە. ئایا ئەمە خۆبەزل زانین نیە کە وا بیر بکەیتەوە ئەمە بۆ خەڵکی شتێکی تازە و جوانە؟**

من لە بارەی خۆمەوە ڕاستگۆیانەتر لەو کەسانەی دیکە کە دەیانناسم دەتوانم بنووسم. ئەو سەرچاوەی کە من هەمە بێ هاوتایە. من ساڵانێکی زۆر، ڕۆژو شەو کاتگەلێکی پڕ هەورازو نشیوم تێپەڕ کردوە. بڕێك لەوانە دلێرانە و بڕێکیشیان پێکەنین هێنەرو بڕێکیش جۆراوجۆرن. هەندێ کەس پێم دەڵێن: ئەو جەهەننەمانەی کە تۆ تێپەڕت کردوون و ئێمە دەیانخوێنینەوە، ژیانمان لا ئاسانتر دەکات.

**ئایا دەزانی خوێنەرەکانت کێن؟ جارێکیان وتبووت زۆرێك لە زیندانیەکان حەزیان لە خوێندنەوەی ڕۆمانەکانمە...؟**

بەڵێ، زیندانیەکان بۆم دەنووسن کە نووسینەکانمیان بەدڵە. یەکێکیان بۆی نووسیوم : "کتێبەکەی تۆ تەنیا کتێبێکە سلول بە سلول دەگەڕێ" ئەمە بۆ من گەورەترین شانازیە. ئیتر ڕەخنەگرانی زانکۆکان چ کەڵکێکیان بۆ من هەیە؟ جارێکیان چوومە شێتخانە بۆ دیتنی کەسێك. لەو کاتەدا یەکێ لە شێتەکان منی ناسی و پرسی: "تۆ چارلز بوکۆفسکیت، وا نیە؟" ئەو کتێبەکەی منی خوێندبۆوە، ڕەنگە هەر لەبەر ئەوەش لە شێتخانە بووبێ.

**ئێوە کاتی نووسین گوێ لە موسیقای کلاسیك ڕادەگرن، گوێ نادەنە موسیقای جاز و ڕاك؟**

پانتاییەك کە لە موسیقای کلاسیك دا دەیناسم، لە جاز و ڕاك دا نایبینم. لە موزیکی کلاسیك دا سەدان ساڵە شت هەیە. هەستی زۆری تێدایە، ڕێکوپێکترە، سەروخوار دەکا، بەڵام جازو ڕاك وانین و هەراوهوریای زۆریان تێدایە. بەجێی ئەوە کە بچنە ناخەوە پتر لە ڕواڵەت دا خو دەنوێنن.

**ئێوە لە شوێنێکدا نووسیبووتان کە ئەسپەکان و مەکینەی نووسینەکانت هۆکارێکی باشن بۆ هەڵاتن لە ڕاستیەکان، ڕاستیەکان بۆ ەێندێ ترسناکن؟ ئێوە چ شتێك ەێندە ئازارتان دەدا کە لەخەڵك دوورەپەرێزن؟**

ڕاستیەکان بۆ هەریەك لە ئێمە دەتوانێ ترسناك بێ. زۆربەی ژیانەکان بێ مانان و مانایان لە لایەن ناوەندو ڕێکخراوەکانەوە بە قەرز وەردەگیرێن. من مرۆڤێکی تەنیام. من دوورەپەرێزیم لەبەر ئەوەی هەڵبژاردوە چونکە خەڵك پێویستیە هزرەکانیان زۆربەرتەسکن، ئەوان بەدەگمەن سەرنجم ڕادەکێشن. بەپێچەوانەوە، ئاژەڵەکان بوونەوەرێکی تەواون. ڕوانین و هەڵسوکەوتیان جوانە. مرۆڤەکان کەمتر بەو ڕاستیە بەرچاو دەکەون و هەڵسوکەوت دەکەن.






بێ دوان

## گوڵخەندە

م.ب

چاوت گلەییم لێدەکا،
ئەی باوەڕو هاواری دڵ
گیانت ماندوە دەزانم،
شەیداو شەیداتری لە من
بیستومە کاتێك مانگەشەو
دێتە ژوانی ئاسمان
گوڵخەندەی باخچەی لێوەکەت
ئەپشکوێ‌و
لەشەوی نوتەکی خەمێ
بە ترازانی دوگمەیەك، بوخچەی شیعرێ
ئەکرێتەوەو لەم گوڤەندی
ئەوینەدا
ئەستێرە ئەرژێتە چاوان

## کلاسیك

### مەجدی ١٨٤٩ـ١٩٢٥ی زایینی




ئەم ئاشنا بوێژەمان ناوی عەبدوالحەمید کوڕی میرزا عەبدوالکەریم لە ساڵی ١٨٤٩ ز دا لە شارە خنجیلانەکەی سەقز لە دایك بووە. باوکی لە خانەدان‌و پیاو ماقووڵانی سەقز بووە.

عەبدوالحەمید هەر لە منداڵی‌یەوە نیشانەی زیرەکی‌و لێهاتوویی لە یەکێ لە پەردەکانی ژیان کە خەت خۆشی بوە لیێ دیار کەوتووە، لە تەمەنی حەوت ساڵانەدا لە قوتابخانەی منداڵان خراوەتە بەرخوێندن، قورئان‌و وردە کتێبەکانی ئەخوێنێ‌و باوکیشی دەرسی فارسی و تۆماری پێ ئەڵێ‌و لە سەر ڕەوشتی ئەو سەردەمە زانستی ئایین لە مزگەوتەکانی سەقز ئەخوێنێ و بۆ تەواوکردنی خوێندن سەرێ لە بانەش ئەدا، دوای ئەوە کەوتۆتە گێژاوی ژیانەوەو وازی لێ خوێندن هێناوە.

مەجدی شاعیرکی ژیرو رووخۆش و زمان شیرین‌و ڕەزا سووك و دڵ ناسك بووە، شێعری بە کوردی‌و فارسی وتووە.

مەجدی لە ساڵ ١٨٧٧ بە ناوی حەجەوە سەقز بەجێ دیڵێ ئەچێتە سنە و لەوێ لە لای یەکێ لە مریدەکانی شێخی تەوێلە گل ئەخوات‌و بۆ ئەوەی پێکەوە بچن بۆ حەج. بەڵام ئەو ساڵە بۆی ڕێ ناکەوێ و تەگەرەی دێتە پێش‌و لەوێ ژن دێنێ.

مەجدی لە ساڵ ١٨٨٦دا لە گەڵ خێزانەکەی ئەچن لە ڕێگەی بەغدادەوە بچن بۆ حەج کە لە بەغداد تووشی مفتی زەهاوی ئەبن، ئەم عاشق بە عیلم‌و زیرەکی، زەهاویش عاشق بە شێعرو خەت خۆشیی ئەو ئەبێ، دوای مردنی زەهاوی ئەچێ بۆ حەج.

مەجدی وڵاتەکەی خۆی زۆر خۆشویستوە بۆیە وەك شاعیرێکی نیشتمان پەروەر دەناسرێ بە تایبەت شەیدای شارکەی سەقز بووە، لە غوربەت بیری قەڵای سەقز دەکات‌و دەڵێت:

" قەڵای سەقز ئاسەوارێکی کۆنی دەورانی سەکاکانە"
جەرگەم لەت لەتە خۆزگە بم دیایێ
چوارە چەقیلەی نارین قەڵایی

مەجدی لە حەج ئەگەڕێتەوە و دەچێت بۆ تاران‌و لەوێ ئەبێ بە مامۆستای (دارالفنون) تا لە ساڵی ١٩٢٥ لە تەمەنی ٧٦ ساڵیدا هەر لە تاران کۆچی دوایی ئەکات‌و لەوێ ئەنێژرێ.

**لە دولاوە زوڵفی لاولاوە لە سەر رووی قامەت ئاڵاوە**
**خەمو پێچی هەموو داوە چ لەم لاوە چ لەولاوە**
**موژەی وەك نیشی پەیکانە هەمیشە کاری پێکانە**
**دڵ هەر خۆشە بێگانە بێ ئەم پیکانە، پێکاوە**
**وەرە بەلکوو نەجاتم دەی لە مەوجی قوولی زومی بێ پەی**
**لە مەجدی غافڵی تا کەی کە بێ تۆ غەرقی گێژاوە**

عەبدوڵڵا قادری

ریزە تەگەرە و کۆسپ گەلێك لە سەر ڕێی ئەنجومەنیەکاندایە. کە ئەوانیش بۆ خۆیان ناتوانن وڵامدەری هیندێ لەویست و داخوازییەکانی خەڵك بن. بۆنمونە ئەو کارو چالاکییانەی کە لەپێڕەوی ئەنجومەنەکاندا گونجیندراون، هەموی فورمالیتەیەو هیچ NGOیەك بەدی ناکرێ کە توانییێنی کونگرەیەك رێك نجات و لەباری ماڵی و لەلایەن دەسەڵاتەوە توشی قەیران نەبونی یا توانیبێتی بەرهەمی شاعیر یا چیرۆك ریسك لە سەر ئەرکی خۆی بڵاو کاتەوە و یا خاوەنی گۆڤارێکی بەردەوام بێت یا تەنانەت ئەگەرئەنجومەنێك توانیبی بەهەرچەمەسەریەك بێ کونگرە ساز بکات یا بلافوکی بڵاوکاتەوە لەگەڵ بەربەست و چاوە دێریەکی توندا روبەرو نەبێتەوە. بەرلە دەیەی حەفتا تەنیا گۆڤارەکانی سروە و پاشان ئاوێنە و ئامانج و ناوەندێکی بڵاو کردنەوەی کوردی لە ورمی و اینتشارات( در راە حق) کە بەرهەمی ئاینی بڵاودەکردەوە، چالاکییان هەبوە، بەڵام لە ناوەڕاستی دەییەی حەفتادا، چاپەمەنی کوردی وردە وردە روی لە زیاد بون کرد و ئەژماری حەفتەنامە، گۆڤار و وەرزنامەکان پەرەی سەند. دەکرێ حەفتە نامەکان لە دو خانوی جیاوازی (سەربەخۆ - تورکانی) دابەش کەین ئەودەستەش هەریەك بۆ خۆی لە دوخانەی دیکەدا دابەش دەبن

١ـ سەربەخۆکان، بەستراوەکان
٢ـ ئازادەکان، خویندکارییەکانی تەواو
**٣ـ ئورگانی‌و نیوە ئورگانی**
**٤– اخبار کردستان، ئاویەر، هاوار، پەیامی کوردستان، سیروان، رۆژهەڵات‌و ئاشتی**

گۆڤارە نیوە سەربەخۆکان کان تەنیا لە هیندیك کاتی وەك هەڵبژاردنەکامن‌و... سەربەخو، ئەگەر بە ورودی لە گۆڤارە کوردییەکان بکۆڵێنەوە ئەوانیش تەنیا هندیك جار رەنگی ئورگانی‌یان پێوە دیارە، کە ئەوەش تەنیا لەسەروتارەکانیاندا خۆدەنوێنێ، روژنامەگەری کوردی لە ماوەیەکی کورتدا (دوای دوی

# دوخی وێژەی کوردی لەدەیەی حەفتادا: هەڵکشان وداکشانەکان

سمکۆ مەریوانی

**بەشی دووهەم و کۆتایی**

جۆزەردان) توانی لە هێندێك بوارەوە بەتەشقی خۆی بکات. پەیدابونی گۆڤاری تایبەتی (تایبەت تنامە) وەك راڤە، دەق، ئەودوایانەی زرێبار راسان رەوەند و ... کە ناوەرۆکی گۆڤارەکان باسی شیکاری و لێکۆڵینەوەیی تایبەت لە سەر بابەتێك وەك سیاسەت، وێژە و ... بوە گرفتی سەرەکی بڵاڤۆکە کوردییەکان لەوەدابوکە پاش بڵاو بونەوەی چەن ژمارەیەك ئیتر کۆتایی پێ ئەهات. یاتەمەنی گۆڤارە خۆێندکارییەکان هاوتەمەن بولەگەل مانەوەی خوێندکاران لە زانکۆدا. گیر و گرفتی چاپە مەنی کوردی دو قاتی ئەو گرفتانەیە کە گیرۆدەی گۆڤارە فارسی‌یەکان بوە .

کێشەی زمانی پێوەر: نەبونی زمانی پێوەر هەرئیستاش گەورەترین گرفتە کە یەخەی گەلی کورد و ئەدەبەکەی بەرنەداوە. دروست کردنی زمانی ستانداردی کوردی، پێوستی بەپرۆسەیەکی درێژخایەن هەیەکە بەداخەوە هەتا ئیستایش ئەلیتی کوردی یا بزاڤی روشنبیری کوردی بە شێوەیەکی بنەمادار هەنگاوی بۆئەو مەبەستە هەڵنەگرتوە زۆریك لە روشنبیران رایان وایە کە زمانی کوردی دەنوانێ، یا شایانی ئەوەیە کە دو زمانی پێوەری هەبێ. کرمانجی باکور، کوردستانی تورکیە، سوریە، زۆریك لە دانیشتوانی کوردستانی عیراق و ئیرانیش ئاخاوتنی پێ ئەکەن. لە راستیدا گەورەترین زاراوەی کوردییە کە زۆربەی جەماوەری کورد قسەی پێئەکات .

کرمانجی باشور، تەنیالە دو بەشی باشوری کوردستانی ئیران و عیراقدا ئەژین و بە شێکی زۆر لەگەلی کورد بە زاراوەیە، کرمانجی ناوەڕاست ئیستا زمانی زۆربەی راگەیەنە گشتیەکان و چاپەمەنی کوردییە. هەربۆیە بیروڕای گشتی پێی وایە کە ئەوزاراوەیە، لە چاوازاروەکانی کوردی کەمتر ئاوریی پەرەی پێ بدرێ. زمانی ستانداردی کوردییە و دەبێ پەرەی پێ بدرێ .

ئەوەێ زاراوە سەرە کییە هەریەکە بۆ خۆی خاوەنی چەن وردە زاراوەیە، بەڵام ئەولق و پۆپانە لە یەکتر نزیکن. ئەوزاراوە گەلە لەباری وشە و رێزمانەوە زمانەوە ئەوەندە دەوڵەمەند و رێك و پێکە کە تاکانی ئەوزاراوانە لە زاراوەکانی دیکەحالی نابن.

ئەومەسەلەیە بۆخوی گرفتیکە کە هەتائیستا نەی‌هێشتوە زمانی پێوەر دروست بێ. بەڵام لەلایەکی دیکەوە ئەومەسەلەیە تا رادەیەك مایەی دلخۆشیشە، کە زمانی کوردی ئەوەندە چڕو دەڵەمەندە. لە راستیدا زاراوەکوردییەکان رۆلی حەسارێکیان بۆپاراستنی زمانی کوردی گێڕاوە... مەسەلەیەك کەلێرەدا زەق ئەبێتەوە ئەوەیە کە هەروەك چون زمانی فارس، دەرحەق بە زمانی نەتەوەکانی ناوخۆی ئیران کەمتەر خەمی نیشان داوە و تەنانەت بە سەرکۆڵی ئەوانەوە بۆنایەتی خۆی سەلماندوە، لە راستیدا بزاڤی روشنبیری کوردی و ئەدەبەکەی، لە کوردستانی روژهەڵاتدا ئەو زولمەی دەرحەق بە زاراوەکانی خۆی ئەنجام داوە زۆڵمەکە لەوە دایە کە حەفتە نامە و گۆڤاری کوردییەکان کە ئیستایش چەن ئەژمارێکیان بە باشی بلاوە دەبنەوە هیچکامیان بەزاراوەکانی باشور یا باکور وتاریان بڵاو نەکردۆتەوە، یاتەنانەت هیچ زاراوەیەك بۆ خۆی گۆڤارێك بە زاری خۆی بڵاونەکردۆتەوە. دەبێ لە خویندنگەکاندا هەرلە سەرتاوە هەتاکۆتایی بە زارۆلەکانی ئەو زاراوەیە بخوێنرێ لەو دوایانەدا، زۆرێك لە خویندنگە پێشکەو تۆکانی (ئەمریکا) « سیاسەتی پیشتوانی لە زمانە» یان قەبولێ کردوە و لەوێدا منداڵان هان ئەدەن بە زمانی زارەکی خۆیان بجوێنن بۆئەومەبەستە لە ماموستایانی دوزمانە کەڵك وەرئەگرن. **ئەوسیاسەتە بەخوێندەوانان ئەودەرەتانە ئەدات کە بێ ئەوەی زارەکەی خۆیان بخەنە**

پەراوێزوە و وەلای بنێن زمانی پێوەریش فێربن و لەکاری بێنن. جونکە ئەوان پێیان وایە کە ئەو بەرنامەیە گەشە بە زمانی پێوەر ئەدات .گرفتیکی دیکە کە لێرەدا ئاراستەی نوسەران و رۆشنبیرانی کورد ئەبێتەوە، ئەوەیە کە ئەوەندە و شەدان،فەرهەرنگ و کتیبی ژێدەر بەزاراوەکانی کوردی بڵاو نەکراوەتەوە کە شایانی ئەونەتەوەیە بێت. کەمتەرخەمی بزوتنەوەی روشنبیری کوردی و باشی بیك هێناوە، کە ئێستا توێژی لاولەگەل نەبونی زمانی پێوەر روبەرو ببنەوە“ چونکە بە تێ‌هەڵکێش و لێك نزیك کردنەوەی زاراوکان ئیمکانی دروست کردنی زمانی پێوەرهەیە نەك زەق کردنەوەی تاقەزاراوەیەك.

**وەرگێڕان، شێعر، چیرۆك** بەهەڵسەنگاندنی ئەوسێ تەوەرە لە بزاڤی روشنبیری کوردی‌دا،دەرئەکەوێ کە شێعر لە قۆناخی یەکەم و پاشان چیرۆك و وەرگێڕان لە پلەی دوهەم و سێهەم‌دا گیرساونەتەوە. شێعری کوردی لە قۆناغەکانی مێژووی ئەدەبی‌دا شاعیری باشی پەروەردە کردوە، بەڵام چێروکی کوردی ئەو قۆناخەی تێپەر نەکردولە بەراورد لەگەڵ شێعردا لەئاستێکی زۆر نزم دایە. شێعری کوردی لە کوردستانی ئێران. لە دەیەی حەفتادا گۆڕانی پۆزیتڤی بە خۆوە دیوە. شاعیرانی کورد بە خوێندنەوەی بەربڵاوو ئیلهام گرتن لە شێعری شاعیرانی فارس، توانییان زمانی نۆی و داهێنانی نۆی لە شێعری کوردی‌دا دروست کەن، هەوڵی شاعیران بۆ پەیدا کردنی رێچکە و میتۆدی نوێ، بە باشی هەست پێئەکرێ، بەڵام قەیرانی وێژە بەگشتی و ئەدەبی کوردی بەتایبەت، رەوتی شێعر و چیرۆکی کوردی توشی راوەستان کردوە، ئەو گرفتە بە جۆرێکە کە هەموکەس هەست بە دابڕانی جەماوەر لە گەڵ ئەدەبدا

ئەکات. هۆکاری بنەڕتی ئەوگرفتەش ئەوەیە کە ئاست و پلەی خوێندنەوە بەگشتی لە خواری‌یە و بزوتنەوەی ئەدەبی و رۆشنبیری کوردیش، بێ وچان لەهەوڵی گۆڕانکاری و نوێبونەوەیەلەگەڵ سەردەمدا، گرفتی چیرۆك لەوەدایە کە ئێمەی کورد چێروك نوسی کەممان هەیە، هەرچەن کرماشان وەك جەمسەری چیرۆکی ئێران ناودێر کراوە، بەڵام بە هۆی ئەوە کە چیرۆکی نوسانی کوردی کرماشانی وەك دەوڵەت ئابادی، دەرویشیان یاقوتی و ..... بە زمانی فارسی نوسیویانە وهەروەها مۆرکی کوردی بۆنی پێوە دیار نیە، ناکرێ لەسەر بزوتنەوەی روشنبیری و ئەدەبی کوردی حەسابیان بۆبکرێ.

وەرگێڕان لە کوردستانی ئیران سەرەڕای ئەو وەگێڕان و نوسەرە چالاکانە بە داخەوە لە ئاستپکی زۆر نزم دایە. بێجکە لەو کەمتەرخەمییە، ئەوکەسانەش کە دەست ئەدەنە کاری وەرگێڕان، بەهۆی ناپسپۆری لە میتۆدی وەرگێڕاندا، قەیران و ئاڵۆزی بەدوای جووڵانەوی ٢ی جۆزەردان لە ناو بزوتنەوەی» ، روشنبیری، فەرهەنگی، ئەدەبی و خویندکارییەکاندا، سەرئەنجام دەنگۆی پیکهینانی ئەنستیتۆی فەرهەنگی کوردستان سەری هەڵدا. دەست بە کاربونی ئەنستیتۆ لەسەرەتاکانی دەییەی هەشتادا بۆ؟ ئەو ئەنستیتۆیە مەبەست و ئامانجگەلێکی بەربڵاوی وەك دامەرزانی TV ی کوردی لە کوردستانی ئێران، دەرکردنی رۆژنامەیەکی کوردی سەربەخۆ، دارشتنی بەرنامەی وانە گۆتنەوە بە زمانی کوردی لە خوێندنگەکاندا و هتد..... لەبەرنامەی کاری خوێدا گونجاندبوو. ماوەیەك پاش دامەرزانی ئەنستیتۆ لە تاران، کونگرەی فێرکاری زمانی کوردی لەسەر ئەرکی ئەنستیتۆ بەرێوەچوو. ئەوناوەندە فەرهەنگییەتوانی نوسەران، شاعیران و روناکبیرانی کورد لە تەواوی شارەکانی کوردستانی ئێرانەوە مێوانداری ئەوکونگرەیە بکات.

لەوکونگرە دوو رۆژییەدا نوینەرانی زۆریك لە شارەکانی کوردستان و موهاجیرانی تێیدا بە شدارییان کرد و لە کوتایی ئەوکۆنگرەیەدا سەرئەنجام لیژنەیەکی چەن کەسی بۆنوسینی بەرنامە و پێشڕەوی کۆڕی زانستی - فێرکاری زمانی کوردی دیاری کرا، بەڵام نەهاتنەدی داخواز و ویستەکانی ئەولیژنەیە، سەرئەنجام پاش ماوەیەك بۆهەموتوێژی روشنبیری کورد روون بۆوە. بەوهۆیەوە نەتەنیا ئەنستیتۆی کوردستان توێژی روشنبیری کوردی لە خۆی بێزاند، بەلکو خوێشی کەوتە پەراوێزەوە. رایەڵە تەلەفزیونیەکانی ناوخۆی ئیران کە بۆ گەلی کورد دانراون بە هۆی ئەوە کە بلندگۆی دەسەڵاتن،، ناکرێ لەسەربزوتنەوەی روشنبیری کوردی حەسابیان بۆبکرێ .

لەکۆتایی ئەو وتارەدا بۆمان روون ئەبێتەوە کە وێژەی کوردی هەمیشە ئامادەی گەشەکردن، بەڵام بە هۆی هەڵویستی نارێك و پێکی دەسەڵات لەگەل ئەوزمانەندا، بەداخەوە ئەو زمانە گەشەی بەرچاوی نەکردوە و هەروەها بە هۆی ئەو قەیرانەی کەئەمڕۆ توشی ئەدەبیات بەگشتی بوە، ئەدبیات ئەوکێش و قورساییەی جارانی بە هۆی سەرهەڵدانی تیکنۆلۆژیای نوێ و راگەیەنەری دەنگ و رەنگ، لە دەستداوە، ئەدەبی کوردیش تارادەیەك راپێچی ئەوقەیرانە بوە ئەدەبی کوردی لەیەك دو ساڵی رابردروە ئەو رەوتە خێرایەی چەن ساڵی رابردوی، کەلەسەرەوە باس کرا، بەداخەوە لە دەستدا، ئەودانوسانە لە ئەدەبی کوردیدا بە زۆری ئامبازی شێعر بوتەوە .ئەمرۆ بە راوەستان و بەسترانی هێندیك لە گۆڤارو حەفتەنامە کوردییەکان و کەمڕەنگ بونەوەی چالاکیNGO کان و ئەنستیتۆی فەرەنگی کوردستان و .... پیش بینی ناکرێ کەوێژەی کوردی لەوهەل و مەرجە ناسکەی دەسەڵاتدا بەرەو کوێ هەنگاوێك هەڵبگرێ.

# ئێنشعابەکانی نێو ڕیزەکانی حیزبی

تەیمور مستەفایی

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە لە کۆبوونەوەیەکی خۆیاندا داوای لە بەشدارانی کۆبوونەوە کردبوو بەهۆی ئەوەی لایەنی ئەوان لە ناوەندی دوو بەشدارییان لە کۆبوونەوەی سکرتێردا نەکردوە، چەپڵەیان بۆ لێ بدەن!!**

پاش وەڵامی ئەم نامەیە چەندین کۆبوونەوە سەبارەت بەو بارودۆخە پێك هاتن. لەو کۆبوونەوانەدا کە لایەنی کەمینە بەڕێوەی دەبردن ڕێگای نەدەدا زۆرینە بەشدار بێو لەو کۆبوونەوانەشدا کە زۆرینە بەڕێوەی دەبردن، تەحریمیان دەکردنو ئیجازەیان بە لایەنگرانیان نەدەدا بەشداری تێدا بکەن.

لە کۆبوونەوەیەکی سکرتێری حیزب بۆ کادرو پێشمەرگەکانی ناوەندی دوو، لایەنی کەمینە لەو ناوەندەدا داوایان لە نەفەراتی خۆیان کرد کە بەشداری لە کۆبوونەوەی سکرتێردا نەکەن.

عەبدوڵڵا حەسەنزادە لە کۆبوونەوەیەکی خۆیاندا داوای لە بەشدارانی کۆبوونەوە کردبوو بەهۆی ئەوەی لایەنی ئەوان لە ناوەندی دوو بەشدارییان لە کۆبوونەوەی سکرتێردا نەکردوە، چەپڵەیان بۆ لێ بدەن!! ئەمە بوو هەست بە بەرپرسایەتیی کەمینە کە لە کۆبوونەوەکانی خۆیاندا نەیاندەهێشت زۆرینە بەشداری بکا. بۆ وێنە رۆژێك حەسەن رەستگار لە کۆبوونەوەی دەفتەری سیاسیدا رایگەیاند کە کۆبوونەوە بۆ کەمینە دەگرێ، لەو کۆبوونەوەیەدا داوای لێ‌کرا وەك ئەندامی دەفتەری سیاسی کۆبوونەوە بگرێ، کۆبوونەوەیەکی گشتیو هەموو بەشدار بن بە کەمینەو زۆرینەوە. لە وەڵامدا وتی حەوسەڵەی چەقەچەقم نیە، من تەنیا کۆبوونەوە بۆ کەمینە دەگرم. ئەمەبوو وەڵامی ئەندامێکی دەفتەری سیاسی کە باس و دیالۆگ لەسەر مەسەلە حیزبییەکانی بە چەقەچەق ناو دەبرد، بەڵام لەلای خەڵكو لە راگەیەنە گشتییەکاندا وایان دەنواند کە ئەوان داوای دیالۆگ دەکەن بەڵام بەرامبەرەکەیان دیالۆگ قبووڵ ناکا؟! لەو ماوەیەدا لایەنی کەمینە دەریانخست کە قسەیەکیان بۆ کردن نیەو لە دیالۆگ هەڵدێن، هەروەك باس کرا نەدەهاتنە کۆبوونەوەکانی زۆرینەو ڕێگاشیان نەدەدا زۆرینە لە کۆبوونەوەکانیاندا بەشداری بکا، تا دروستیو نادروستبوونی بۆچوونی لایەنەکان بۆ بەشداران روون ببنەوە. بە کورتی ئەوان لە ئاگابوونەوەی خەڵك نیگەران بوون.

لەم ماوەیەدا لە ئورووپا کومیتەگەلی "موازی" لەگەڵ کومیتەکانی حیزبیان پێکهێنانو ئەفرادی خۆیانیان جیا کردەوە. بە کورتی جیابوونەوەکانیان لە ئورووپاوە کەمکەم دەست پێکرد، ئەمەش لەگەڵ بەرژەوەندیو دیسپلینی حیزب یەکی نەدەگرتەوە، بۆیە لە کومیتەکانی ئورووپا چەند کەس لەوانەی کە هۆکاری ئەو جیاکردنەوانە بوون سزای حیزبییان بۆ دیاری کرا کە ئەمە لەگەڵ دژکردەوەی کەمینە بەتایبەتی شەخسی عەبدوڵڵا حەسەنزادە بەرەوڕوو بوو.

چەند رۆژ پاشتر، لە سەروبەندی وتووێژەکاندا کە زۆرینە ئامادە ببوو لەسەر ٢٠ خاڵەکە قسە بکاو تەنانەت بەشێکی بەرچاو لەو ٢٠خاڵەشی بۆ چارەسەری کێشەکە قبووڵ کردبوو، مامۆستاو هاوبیرەکانی کە زانییان بە قبووڵکردنی ئەو خاڵانە ڕێسیەکەیان لێ دەبێتەوە بەخوری (هەوڵیان بۆ جیابوونەوە خەریکە بەفیڕۆ دەچێ!) ئەمجار دوو پێشمەرجیان بە ٢٠ ماددەکە زیاد کردو گوتیان تا ئەو پێشمەرجانە قبووڵ نەکەن، بۆ دیالۆگو دانیشتن ئامادە نابین:

١) هەڵوەشاندنەوەی هەموو ئەو سزایانە کە لە ڕێکەوتی ٨٥|٥|٧ بەدواوە درابوون.

٢) پێشوەخت قبوولکردنی ئیمزای تەوافوق لەسەر ٢٠ خاڵەکە بەو مانایە کە بەکردەوە بەرەسمی حیزب جیا بکەنەوە.

خاڵی جێگای سەرەنجو تێڕامان لەم پێشمەرجانەدا، ئەوە بوو کە عەبدوڵڵا حەسەنزادە رایدەگەیاند کە هەڵوەشاندنەوەی ئەو سزایانە بۆ ئەو حەیسیەتییەو، مەبەست لەم واتایەشی ئەوە بوو ئێستا کە ئەو مەئمورییەتی جیاکردنەوەی یەکیەتیی لاوانو کومیتەکانی حیزبی بەو کەسانە سپاردوە، کەوابوو بۆ کەس نیە لەو بارەیەوە لێپرسینەوە بکا.

شتی سەیرو سەمەرەتر ئەوە بوو کە پێش لە هەر چەشنە تەوافوقێك دەبێ ئیمزا بکرێ وەك دوو لایەنی وەك یەك. ئەمە لە کاتێکدا بوو کە: یەکەم، هیچ تەوافوقێك روی نەدابوو تا ئیمزا بکرێ، دووهەم، رەسمییەتدان بە جیاکردنەوەی حیزب بوو کە ئەویش لەگەڵ هیچ قازانجو بەرژەوەندیو ئوسوولو پرینسیپێکی حیزبی یەکی نەدەگرتەوە. بۆیە نەیدەتوانی جێگای پەسندی ڕێبەرایەتیی حیزب بێ. بەڵام سەرەڕای ئەم هەموو داواکارییە نارەواو دوور لە ئوسوولانە، زۆرینە بە لەسەرەخۆیی لە نامەیەکی دۆستانەدا پێیانیان راگەیاندن کە لە داواکارییە ٢٠ خاڵییەکەیان، لەگەڵ ١٧ خاڵی موافێقنو دەکرێ لەسەر ئەو سێ خاڵەکەی دیکەش بە دوو پێشمەرجەکەوە قسە بکەین، بەڵام سوودی نەبوو. وادیاربوو ئەوان بڕیاری خۆیان ـ کە جیابوونەوە لە حیزب بوو ـ لە مێژبوو دابوو.

ئەمەش دەقی ئەو ١٧ خاڵەیە کە زۆرینە موافقەتی لەسەر کردبوو:

هاوڕێیانی بەڕێزی کەمینە!

بەسڵاوی گەرمو برایانە!

بە هەست بە بەرپرسایەتیی زۆرایەتیی حیزبو ڕێزدانان بۆ هەوڵو تێکۆشانی دۆستانو دڵسۆزانی حیزبەکەمان لە پێوەندی لەگەڵ پاراستنی یەکڕیزیی تێکۆشەرانی حیزبو لە سەر بناغەی هەموو ئەو دانیشتنو باسانەی کە بۆ لەنێوبردنی گیروگرفتە نێوخۆیی‌یەکانی حیزب ئەنجام دراونو، هەوڵەکانی بەڕێز سکرتێری گشتیی حیزب لەپێناو یەکڕیزیی حیزبدا، نەزەری خۆمان لەم خاڵانەی خوارەوەدا کە بەشێکی بەرچاوی داخوازییەکانی کەمینەی لەخۆ گرتووە، رادەگەیەنین. هیوادارین ئێوە هاوڕێیانی کەمینەش بە هەست بە بەرپرسایەتیی تەواوەوە وەری بگرنو کارێك بکەین کە مژدەی لەنێوچوونی گیروگرفتەکانی نێوخۆی حیزب بە هەموو دۆستانو دڵسۆزانی حیزب بدەینو دوژمنانی حیزبەکەمان لەگەڵ ناهومێدی بەرەوڕوو بکەین.

١ـ سەبارەت بە ئازادیی رادەربڕین:

الف: ئازادیی رادەربڕین پرنسیپێکی دێموکراتییە کە زۆر لەمێژە لە حیزبی ئێمەدا جێگای گرتووە، بۆیە هەموو ئەندامانی حیزب بۆیان هەیە لە کۆڕو کۆبوونەوەی حیزبیدا لە سەر بابەتە تەشکیلاتیو فیکرییەکان راشکاوانە بیروڕای خۆیان دەربڕن یان لە "تێکۆشەر" نامیلکەی نێوخۆیی حیزبدا بڵاوی بکەنەوە.

ب: بۆ کەس نیە لە دەرەوەی حیزب باسو بابەتە نێوخۆییو تەشکیلاتییەکان باس بکا، بەڵکوو هەموو ئەندامانی حیزب لە دەرەوەی حیزب دەبێ دیفاع لە سیاسەتو بڕیارەکانی حیزب بکەن.

٢ـ هەیئەت لە زۆرینەو کەمینە دەستنیشان بکرێ کە بە سکاڵای هەر کادرو پێشمەرگەیەکی حیزب رابگا کە پێی وایە لە باری سزادانو پلەی تەشکیلاتییەوە مافی لە بەرچاو نەگیراوە.

٣ـ وەرگرتنی پێشمەرگە لە پەزیرش بە پێی بڕیاراتێك بە هەیئەتێك ئەسپێردراوە کە لە نوێنەرانی ئۆرگانەکانی پێوەندی‌دار پێك دێ، دەکرێ دیاریکردنی نوێنەرانی ئەم ئۆرگانانە جۆرێك بێ کە نەزەری گشتیی دابین بکا.

٤ـ یەکیەتییەکانی ژنانو لاوانو خوێندکارانو هەموو ڕێکخراوە دێموکراتییەکانی سەر بە حیزبی دێموکرات، پێوەندیی ئۆرگانییان لەگەڵ حیزب بە پێی ئوسوولێك دامەزراوە کە تا ئێستا پێڕەوی لێ‌کراوە، بۆیە بۆ هیچ کەسو جەمعێك نیە کە بۆ هیچ مەبەستو بەرژەوەندییەکی تایبەتی دەست لە کاروباری ئەم ڕێکخراوانە وەربدا.

٥ـ کاری تەشکیلاتی نێوخۆی وڵات هەر ئێستاش بە شێوەی هاوبەش بەڕێوە دەچێ.

٦ـ بۆ تەشکیلاتی ئاشکرا چوارچێوەیەك دیاری دەکرێ کە سنووری کارکردنی ناوەندەکان لەو بەشەداو بەشی تەشکیلاتی ئاشکرای کومیسیۆنی سیاسی ـ نیزامی بە روونی دیار بێو، ڕێکخستنی ئەندامانی حیزبی ڕێوشوێنی گونجاوی بۆ دیاری بکرێ.

٧ـ دوایین دەوری دانی پلەی کادر کە بە شێوەیەکی دەقیقو لە سەر بناغەی ریزە پێوانەیەك لە لایەن کومیسیۆنی سیاسی ـ نیزامییەوە کە ئەندامانی لە کەمینەو زۆرینە پێك هاتووە دیاری کراوە، بەو حاڵەش هەر پێشمەرگەیەك هەست دەکا مافی لە بەرچاو نەگیراوە، دەتوانێ سکاڵای خۆی بدا بە هەیئەتی لێکۆڵینەوەو ئەو هەیئەتەش ئاکامی کاری خۆی بداتەوە بە دەفتەری سیاسی.

٨ـ ئەو کەسانەی تا ئێستا چەند جار داوایان لێ‌کراوە ئەرکو بەرپرسایەتی وەربگرن بەڵام ئامادە نەبوون کاری پێشنیارکراو قبووڵ بکەن، ئەگەر ئامادە بن ئەرك وەئەستۆ بگرن، بە پێی لێوەشاوەیی هەرکامیان کاری شیاویان بۆ دیاری بکرێ. تەشخیسی ئەم لێوەشاوەیی‌یە بە ئۆرگانەکانە.

٩ـ ئایینامەکان چاویان پێدا بخشێندرێتەوەو ئەگەر مەوردی وا هەبێ کە بەر بە چوونەپێشی کارو ئەرکەکان بگرێ، دەستکاری بکرێن. بۆ ئەو مەبەستە هەر کەسو هەر ئۆرگانێك دەکرێ پێشنەهاداتی خۆی بدا بە دەفتەری سیاسی.

١٠ـ لە کونفرانسەکانی دەرەوەی وڵات، هەوڵ بدرێ لە هەڵبژاردنی ئەندامانی کومیتەدا موشارکەتی گشتیو "انسجام"ی تەشکیلاتیی پێوە دیار بێ.

١١ـ هەروەك پێشتر هەوڵ درا کە بەرپرسی ناوەندی ٢ ئەندامێکی کومیتەی ناوەندی سەر بە کەمینە بێ بەڵام قبووڵ نەکرا، ئێستا کە ئەوە یەکێك لە داواکانی هاوڕێیانە، موافقین ئەم بەرپرسایەتییە بە ئەندامێکی کومیتەی ناوەندی سەر بە کەمینە بدرێ.

١٢ـ بڕیارێك کە سەبارەت بە خوێندنی ئەندامانی ڕێبەرایەتیو کادرو پێشمەرگەی حیزب پێش کۆنگرەی ١٣ دراوە، ئەوەندەی بکرێ جۆرێك تەنزیم بکرێتەوە کە هەم دەرەتانی زیاتر بۆ ئەو مەبەستە بڕەخسێو هەم ڕێگا بە بەڕێوەچوونی کارەکانی حیزب نەگرێ.

١٣ـ لە ئەساسنامەی حیزبدا ئۆپۆزیسیۆن نەهاتووە، بۆیە ناکرێ بە رەسمی بناسرێ.

١٤ـ هەموو کادرو پێشمەرگەو ئەندامی حیزب دەبێ پەیڕەوی لە ئەساسنامەو ئایینامەکانی حیزب بکەن.

١٥ـ لە هەموو هەلومەرجێکدا دەبێ پرنسیپە دێموکراتیکەکانی حیزب بپارێزرێن.

١٦ـ هەموومان بەرعۆدە بین کە بەرانبەر بە بێکاریو کەمکاریو کارشکێنی هەڵوێست بگرین.

١٧ـ پاش ساغبوونەوە لە سەر ئەم خاڵانە، هەموومان بە روحی برایەتیو یەکڕیزی بۆ بەرەوپێشبردنی بەرنامەو بەرژەوەندییەکانی حیزب هەنگاو بنێین.

١٣٨٥/٩/٦ (٢٠٠٦/١٢/٢٧)

پاش درانی ئەم حەڤدە خاڵە داوای وەڵامیان لێ کرا کە حەڤدەخاڵەکەیان رەد کردوە، بۆیە جارێکی دیکە وەڤدی زۆرینە بۆ وتووێژ لەگەڵ کەمینە (محمد نەزیف قادریو رۆستەم جەهانگیری) چوونە لای بەرێز عەبدوڵڵا حەسەنزادەو داوایان لێ کردبوو کە وتووێژەکە درێژەی هەبێ، ناوبراو بەڵێنی دابوو کە کەمینە مەترەح دەکاو وەڵامیان لێ دەگێڕێتەوە.

رۆژی چوارشەممە ٨٥|٩|١٥ کە کۆبوونەوەی ئاسایی دەفتەری سیاسی بەرێوە دەچوو، بەهیوا بوون کە دوو ئەندامی دەفتەری سیاسی لایەنی کەمینە، وەڵامی داواکاریی هەیئەتی زۆرینەی پێ بێ، کەچی حەسەن رستگار لە پاکەتێکدا ئیعلامیەی ئینشعابەکەیانی دایە دەستی سکرتێرو ئەمە بوو وەڵامی مامۆستا بە وەڤدی زۆرینە کە دیارە جێگەی داخوکەسەر بوو. لەو کۆبوونەوەیەشدا چەند ئەندامێکی دەفتەری سیاسی پرسیاریان لە حەسەن رستگار کرد ئەوە بڕیاری کۆتایی‌تانە؟ لە وەڵامدا رایگەیاند دوا بڕیارمانە. بەم چەشنە عەبدوڵڵا حەسەنزادەو رەفیقەکانی پاش چەند مانگ بیانوو گرتنو بەرواڵەت داوا مەترەح کردن، ریزی خۆیان لە ریزی حیزبی دێموکرات جیا کردەوە.

پاش جیابوونەوە، عەبدوڵڵا حەسەنزادە بە پێکهێنانی کۆنفرانسێکی چاپەمەنی، لەگەڵ راگەیەنە گشتییەکان لە هەولێر، کۆمەڵێ شتی باس کردون کە جێگای تێڕامانو لێ وردبوونەوەیە:

١) خۆ بە پێڕەوی ڕێبازی قازی، قاسملووو شەرەفکەندی ناساندن کە دیارە هەر لە سەرەتای ئەم بابەتەدا هەڵوێستی عەبدوڵڵا حەسەنزادە، لەسەر داگرتنی وێنەی د. قاسملووو د. شەرەفکەندی. بەکورتی هێندێك بابەتمان هێنایە بەر باس، ئێستاش بۆ روونکردنەوەی هەرچی زیاتری ئەم ئیددیعا بێ پایەیە تەنیا ئاماژە بە دوو نموونەی دیکە دەکەم بۆ سەلماندنی ئیددیعای نادروستی ناوبراو لەو بارەوە:

الف) لە کتێبێك کە د. حوسێنی خەلیقی وەك بیرەوەریی خۆی کە ئەوکات بەرپرسی کۆمسیۆنی کۆمەڵایەتیی حیزب بووە نووسیویەتی، هاتووە:

"بە یارمەتیی خودی د. قاسملوو توانیمان لە یارمەتیی بەرفراوانی پزیشکە جیهانییەکان کە سەرچاوەکەیان لە وەڵاتی فەرانسەوە هەڵدەقوڵێ، کەڵك وەربگرین. دواتر هەر بەهۆی لێوەشاوەییو تواناییو هەوڵی ناوبراوەوە، پەیوەندیگرتن لەگەڵ کۆڕوکۆمەڵی خاوەن پەیوەندی بڕیاردرا بەرەبەرە کەمئەندامەکانی حیزب بە دوو هۆ بەرێ بکرێن بۆ دەرەوەی وڵات ... .

لە درێژەی ئەم نووسراوەیەدا هاتووە: حسێن فەقێ عەلی کە یەکێك لە کەمئەندامەکانە بووە دوو یا سێ برای شەهید بوون، چەند کەسی دیکەی بنەماڵەکەیان لەو پێناوەدا گیانیان لە دەست داوە، بۆ ناونووسینو چوونی دەرەوەی وڵات لەو بارەوە لەگەڵ مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەنزادە موراجعە دەکا کە ناوبراو زۆر بە قەلسیو بە جنێودان بەو کەسەی (د. قاسملوو) کە ئەو بازارەی کردۆتەوە بۆ

یەکێك لە رەفیقە هەرە نێزیکەکانی لەو پەیوەندییەدا بەمجۆرە دەنوسێ:

برای خۆشەویستم کاك محەممەدی حەسەنپوور!

پاش سڵاوو دۆعاخوانی

وادیارە ئەمساڵ "راهیانی کەربەلا"مان زۆرن، ئیستا نۆرە گەیوەتە کاك حسێن فەقێ عەلی، تکایە هەر ئەو فۆرمە کە تا ئێستە نوسیوتانە بۆ ویش بنوسە، با نۆش بێتە سەر دەی، لەعنەت لە بابی ئەوەی یەکەم جار ئەو دوکانەی کردەوە!

برات عەبدوڵڵا

٧٥|٢|٢٥

خوێنەری ئازیز! ئەمە نامەی عەبدوڵڵا حەسەنزادەیە بۆ کەمئەندامێکی حیزبیو لەو پەیوەندییەدا جنێودانە بە کەسێك کە ئەو دوکانەی کردۆتەوە، خۆتان تەفسیری بکەن ئەمەیە پێڕەوی لە ڕێبازی د. قاسملوو؟!

خۆ ئیتر باسی ڕێبەرایەتیی شۆڕشگێڕیش با لە جێی خۆی بمێنێ کە جەلیل گادانی هەر دوو مانگ پێش لە پێشکەشکردنی ٢٠ خاڵەکەیان، بەشی دووهەمی کتێبی ٥٠ ساڵ خەباتی خۆی کە بەشی یەکەمی ئەوکات کە لەحیزب جیا بوونەوە نووسیبوو، خستە بازاڕ، نێوەڕۆکی ئەو کتێبە هەموو ئەو جنێوانە بوون کە لە دەورانی ڕێبەرایەتیی شۆڕشگێڕدا لە دژی شەهیدان د. قاسملووو د. سەعیدو باقیی ڕێبەرایەتیی حیزب نووسیوویانن. بۆ ئەم مەبەستەش بوو کە کومیتەی ناوەندی تەنانەت بە کەسانی جیابووەشەوە رەخنەی لە زمانی ئاخاوتنو کاتی بڵاوکردنەوەو ناوی ئەو نووسراوەیە لە کاك جەلیل گرت، کە ئەمەشیان کرد بە داستانێکی سەیرو سەمەرە کە گوایا جەلیلی گادانی لەبەر دەربڕینی بیروباوەڕ یا نووسینی کتێبێك سەرکۆنە کراوەو، چەواشەکارانەو بە درۆ وایان نیشان دەدا کە ڕێبەرایەتیی حیزب دژی دەربڕینی بیروڕای ئازادە.

جەلیل گادانی لە کتێبەکەیدا بێجگە جنێوو تۆمەتەکانی دەورانی جیایی، خیلافێکی دیکەشی هەبوو، ئەویش ئەوەبوو کە کتێبەکەی بەناوی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانەوە نووسی بوو، لە کاتێکدا ئەو کتێبە تەنیا مێژووی ڕێبەرایەتیی شۆڕشگێڕ بوو، ئەویش ئەو لایەنەی کە دژی حیزب نووسرابووو لە پێوەندی لەگەڵ پێوەندییەکانی خۆیانو موجاهیدین شتێکی ئەوتۆی تێدا نەنووسرابوو. ئەوەش کە لەسەر حیزب نووسیبووی، فری بە راستییەوە نەبوو، کاك جەلیل گادانیش تەنیا لە پێوەندی لەگەڵ ئەو هەڵەیە رەخنەی لێ گیراو، داوای لێ کرا کە ئەو هەڵانە واتە ناوی کتێبەکە وەك هەیە مێژووی ڕێبەرایەتیی شۆڕشگێڕ بێ، کە بۆخۆی هەڵەکەی قبووڵ کردو بەڵێنیی دا لە چاپی دووهەمدا ئەو هەڵانە راست بکاتەوە. وەك دەبینن مامۆستاو کاك جەلیل بەم وەزعەشەوە خۆیان بە ڕێبواری ڕێگای د. قاسملوو دەزانن؟!

ب) مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەنزادە لە ڕۆژنامەی "میدیا" ژمارە ٢٧٠ی شەممە ڕێکەوتی ١٩ی دیسامبری ٢٠٠٦، بەرامبەر بە ٢٨ی سەرماوەزی ١٣٨٥دا

**هەروەك باس کرا، نەدەهاتنە کۆبوونەوەکانی زۆرینەو ڕێگاشیان نەدەدا زۆرینە لە کۆبوونەوەکانیاندا بەشداری بکا، تا دروستیو نادروستبوونی بۆچوونی لایەنەکان بۆ بەشداران روون بنەوە. بە کورتی ئەوان لە ئاگابوونەوەی خەڵك نیگەران بوون**

# دێموکرات، هۆو ئاکامەکانی

بەشی پێنجەمو کۆتایی

دەڵێ:

"نابێ هەر لەسەر سفرەی قازیو قاسملووو شەرەفکەندی نان بخۆین" درێژە دەداو دەڵێ: "ئەوان خۆیان بە کالای خەڵکی دیکە تەعریف دەکەن، هیچیان پێ نیە."

ئەم وتەیەی عەبدوڵلاحەسەنزادە زۆر سەرەنجڕاکێشە. وادیارە بەڕێزی پەیڕەوی لە رێبازێکی لەگەڵ سفرەی خواردنی کەسێك لێ تێك چووە. ئەگەر پەیڕەوی لە رێبازی د. قاسملوو بۆ ناوبراو واتای سفرەو نانی گەیاندن بێ، بۆ ئێمەی رێبوارانی رێگای د. قاسملووی نەمر، واتای فیداکاری لە پێناو ئامانجەکانی گەلو واتە خەبات لە پێناو دێموکراسی، مافی نەتەوایەتیو عەداڵەتی کۆمەڵایەتی دەگەیەنێو ئەمە درێژەپێدانی رێبازی پڕ لە سەروەریی شەهیدانە.

پرسیار ئەوەیە ئەگەر بیروباوەڕی دێموکراسیخوازی کە دەگەڕێتەوە بۆ هەزاران ساڵ پێش لە ئێستا، یان بیروباوەڕی فەیلەسووفان یان بیروباوەڕی سۆسیالیستیو کۆمۆنیستی کە ئێستا هەرکام لەم رێبازانە بە دەیانو سەدان هەزار پەیڕەویان هەیە، داهێنەرەکانیان لە کوێنو داخوا هیچکامیان لە قەیدی حەیاتدا ماون کە ئێستا وتەکانیان وەك فاکت دێننەوەو پشتی پێ دەبەستن؟ ئەی بۆ پەیرەویکردن لە رێبازی د.قاسملوو لەسەر سفرەی ئەو شەهیدە نان خواردنە؟

رەنگە مامۆستا ئەو وتەیەی شەهیدی نەمر د. قاسملووی لە بیر مابێ کە لە کۆنگرەی شەشەمدا کاتێك کە د. قاسملوو سۆسیالیزمی دێموکراتیکی خستە بەرباسو لەگەڵ موخالفەتی زۆر توندی هاوسەنگەرەکانی ئێستای بەرەوڕوو بۆوە کە دوای گێرەو کێشەیەکی زۆر بە پەسند گەیشت، د. قاسملووی نەمر چووە پشت تریبوونو لە ئاخاوتنەکانیدا وتی ئێمە میلەتێکین بە سەدان ساڵ زوڵمان لێ دەکرێ، هەرکەس هاتووە شتێکی بەسەردا سەپاندوینو، بڕوا بەخۆبوونیان لەنێو ئێمەدا کزو لاواز کردوە ئەگەرنا دەکرێ لەنێو میللەتێکی بچووکیشدا بیرمەندێك شتێك باس بکا کە لەنێو میللەتانی دیکەدا باسی لێ نەکرابێ. دیارە ئەم وتەیەی د. قاسملوو بۆ خۆڕانان نەبوو، بەڵکوو بۆ بەهێزکردنی بڕوا بەخۆبوون لەنێو کادرو پێشمەرگەکانی حیزبدا بوو کە دوای تیئۆریی داتاشراو کە لەگەڵ تایبەتمەندییەکانی میللەتی ئێمە یەك ناگرێتەوە نەکەون، لەم بارەشەوە مەنعتان ناکەم، چونکە پەروەردەی وەڵاتی ئێمە لەو چەشنەیە، پەروەردەی بێگانەپەرەستی، خەڵك بە زۆرزانینو خۆ بە کەمگرتنو کەمزانین.

رێبازی دێموکراسیخوازیو نەتەوەخوازیو عەداڵەتی کۆمەڵایەتی، کە ئێستاشی لەگەڵ بێ، ئامانجی سەدان میلیۆن مرۆڤ لەسەر گۆی زەوییەو، بەشەرییەت بۆ گەیشتن بەم ئامانجانە تا ئێستا بە میلیۆن کەسی فیدا کردوەو خەبات بۆ گەیشتن بەم ئامانجانە هەر درێژەی هەیە، بۆ میللەتێکی بندەستو بێبەش لە هەموو مافێکی ئینسانی وەك میللەتی کورد، کە لەم پێناوەشدا زۆری فیداکاری کردوەو قووربانیی داوە،

**جیابۆوەکان پاش ماوەیەك بەهۆی نەبوونی شەرعییەت، لێك بڵاو بوونو، تەنیا ناویان بۆ مێژوو ماوەتەوە کە بێگومان جیابوونەوەی ئەم دواییەش چارەنووسی لە دوو جیابوونەوەکانی دیکە باشتر نابێ**

وەدیهاتنی ئەم ئامانجانە ئاواتو ئارەزوویەو، بۆ گەیشتن پێیان ئامادەیە خەباتو فیداکاری بکا. ئەمەیە رێگای پڕ لە سەروەریی شەهیدان، ئەمەیە رێبازی پڕ لە سەروەریی د.قاسملووی نەمر.

د. قاسملووی شەهید ئیمانی بە کۆپی هەڵگرتنەوە نەبووو، ئەو لە کورتەباسێك لەسەر سۆسیالیزم بە وردی لەسەر ئەم مەسەلەیە دواوە، بەڵام هەر لەو کاتەدا کە ئیمانی بە ئەسڵ هەبوو ئیمانیشی بە خەلاقییەتو داهێنان هەبووە کە رێبوارانی رێگای د. قاسملوو لەم واتایە زۆر چاك تێ دەگەنو ئیمانی قووڵیان پێیەتی، دەکرێ لە رەوتی بەرەوپێشچوونی زەمان، ئاڵوگۆڕی هاوکێشەکان هزرمەندی کوردیش دەست بداتە ریفۆرمو ئەمە بۆ رێبازێکی زیندووو داهێنەرانەی وەك رێبازی د.قاسملوو، شتێکی ئاساییو بەردەوام دەبێ لێکچواندنی رێبازی د. قاسملوو بە سفرەی نان خواردن خراپ تێگەیشتن یا باشتر بڵێین تێنەگەیشتن لەو رێبازە سەربەرزانەیە.

١ـ داستانی زۆرینەو کەمینە:

دەزانن عەبدوڵلا حەسەنزادە لە وتووێژەکانی پاش جیابوونەوەیاندا پێی لەسەر ئەوە داگرتوە کە زۆرایەتیی کومیتەی ناوەندی خراپ لە دێموکراسی حاڵی بوونو پێیان وابوو کە دێموکراسی یانی ئەکسەرییەتو ئەقەلییەت. لە کۆنگرەی رۆژنامەوانیی ١٣ی دیسامبر لە هەولێر کە بە بەشداریی چەند رۆژنامەوانێك بەڕێوە چوو، لە رۆژنامەی ژمارە٤٥٢ی خۆیاندا بڵاو کراوەتەوە، دەڵێ:

" ئەگەر شەڕ لەسەر دەسەڵات تاوانە، شەڕ بۆ پاوانکردنی دەسەڵاتیش ٤ جار تاوانە. ئیختیلافی ئێمە لەگەڵ ئەو هاوڕێیانە ئەوە بوو کە ئەوان دەسەڵاتیان پاوان کردبوو لەدەست خۆیاندا، ئەوان لە دێموکراسی ئەو تەعبیرەیان هەبوو کە دێموکراسی مانای ئەوەیە کەمایەتی دەبێ پەیرەوی لە زۆرایەتی بکا. لە حاڵێکدا ئێوە هەموتان روناکبیرن، ئەوە پێناسەی دێموکراسی نیە. دیکتاتۆریی فەردیمان هەیە، دیکتاتۆریی زۆرایەتیمان هەیە، دێموکراسیمان هەیە. سەرەتاییترین ئەلفوبێی دێموکراسی "مراعات"ی مافی کەمینەیە لە لایەن زۆرایەتییەوە."

بەڵام با بزانین نەزەری مامۆستا پاش کۆنگرەی ١٠، ئەوکات کە سکرتێر بوو، لە کاتی گەڕانەوەی رێبەرایەتیی شۆڕشگێڕ بۆ نێو حیزب لە نەوارێکدا کە ئێستا لەبەر دەست دایە، لە ساڵۆنێکی دەفتەری سیاسی لە وەڵامی قسەکانی کاك جەلیل گادانی و لە بەشێك لە قسەکانیدا چۆن دەدوێو چ نەزەرێك دەدا؟

عەبدوڵلا حەسەنزادە لەو کۆبوونەوەیەدا دەڵێ :

"ئیختلافی نەزەر لەگەڵ ململانێو راکێشان بەملاوبەولادا فەرقی هەیە، ئیختلافی نەزەرمان بوو لە کۆنگرەی دەیەمدا، بۆیە نەزەراتێك چووەتە پێشێ رەنگە من بە دڵم نەبێ، رەنگە نەزەراتێك چووبێتە پێشێ فلان کەس بە دڵی نەبێو ...، بەڵام ئیدی ئەوە تەنیا میعیارێکە کە لە دنیادا پەسند کراوە دەبێ وەکوو حەکەم رەچاوی بکەین، هیچ چارە نیە، ناتوانین رێك کەوین لەسەر مەوزووعێك هەموومان، ناکرێ هەرکەسە بۆ لایەکی بکێشێ، چونکە دەیپسێنین، چار چیە؟ دەڵێین ئەکسەرییەتەکە نەزەری چی بوو ئەوە جێبەجێ دەبێ ."

هەر لە درێژەی ئەو باسەدا دەڵێ:

"پێتان دەڵێم پێم خۆشە بە پێی ئوسوول حیزب ئیجازەی دابایە هەر رۆژی دوای کۆنگرە خەڵك نەزەراتی خۆی دەربڕێ، بەڵام نەزەراتی خۆی گوتبایە، نە تەوهین بکا، نە سەرپێچی لە بڕیاران بکا، نە بڕیاراتی حیزب بەرێتە دەرێ، بەڵام حەتا لەگەڵ تەسویبی ئەوەش ئێمە هیچ ریگایەکمان نیە بۆ ئەقەلییەت غەیری بەڕێوەبردنی بڕیاری ئەکسەرییەت."

عەبدوڵلا حەسەن زادە لە وتووێژە چاپەمەنییەکەی رۆژنامەی "میدیا" ژمارە ٢٧٠ ریکەوتی ١٩ی دیسامبری ٢٠٠٦، بەرامبەر بە ٢٨ی سەرماوەزی ١٣٨٥ لە کۆتایی ئەو وتووێژەدا ئاماژە بە جیابوونەوەی چەند کەسێك بەناوی حیزبی دێموکراتی کوردستان ـ ئارارات لە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران دەکاو دەڵێ دوو ئەندامی کومیتەی ناوەندیشیان لەگەڵە!

بەڕێزیان ئەگەر راست دەکا جیابوونەوەی لەو چەشنە رووی داوە، بفەرموون لە کوێو ئەوانەی جیا بوونەتەوە کێنو، بەتایبەتی لەو بارەیەوە کە دەڵێ دوو ئەندامی کومیتەی ناوەندییان لەگەڵە، ناویان چیەو لە کەیەوە ئەندامی کومیتەی ناوەندی بوون؟ کەسێك کە ساڵانی ساڵ کاری سیاسی دەکا لانیکەم دەبێ هێندێك لە بەرامبەر وتەکانیدا بەرپرسیار بێو دەبێ لەم بارەوە وەڵامدەربێ.

بەکورتی :

الف) قسەی جیابووەکان لەو سێ جیابوونەوەیەدا:

لە هەرسێ جیابوونەوەکانی کۆنگرەکانی چوارەم، هەشتەمو سێزدەهەمدا، رێبەرایەتیی حیزب تاوانبار بە دەرکردنی ژمارەیەکی زۆر لە کادرو پێشمەرگە کراوە.

٢ـــ رێبەرایەتیی حیزب بە پێشێلکردنی پەیرەوی نێوخۆ تاوانبار کراوە.

٣ــ ناوی حیزبی دێموکراتیان بە پەسوەندێکەوە لەسەر خۆیان داناوەتەوەو خۆیان بە حیزب لە قەڵەم داوە.

راستییەکە چی بووەو چیە؟

هەرسێ جیابوونەوەکە لادان لە رێبازی حیزب بووە، ئەگەر تاقمی حەوت کەسی داوای تەسلیمبوونەوە بە رێژیمیان دەکردو، لەم بارەوە لادان بوو لە رێبازی حیزب، دوو کۆنگرەکەی دیکە (کۆنگرەی هەشتو سێزدە) بەهۆی نەچوونە ژێرباری دێموکراسی، بە لادان لە رێبازی حیزب دەژمێردرێ.

دوو جیابوونەوەی پێشتر وەك ئاماژەمان پێ کرا لەلایەن هێزێکی دەرەکییەوە پشتیوانیان لێ کراوە کە لەم نوسراوەیەدا بە بەڵگە روونمان کردەوە کە کۆنگرە چوارییەکان لەلایەن حیزبی تودەو کۆماری ئیسلامییەوەو، کۆنگرەی هەشتییەکان لەلایەن موجاهدینی رەجەوییەوە، پشتیوانیان لێ کراوە. لەسەر ئەم جیابوونەوەی دواییش داهاتوو دەری دەخاو زۆر شت روون دەبێتەوە.

### ئاکامی جیابوونەوەکان:

جیابۆوەکان پاش ماوەیەك بەهۆی نەبوونی شەرعییەت، لێك بڵاو بوونو، تەنیا ناویان بۆ مێژوو ماوەتەوە کە بێگومان جیابوونەوەی ئەم دواییەش چارەنووسی لە دوو جیابوونەوەکانی دیکە باشتر نابێ. ئەگەر لە جیابوونەوەکانی پێشوودا جیابۆوەکان یەك کۆتلە بوون، توانییان ماوەیەك پێکەوە بحاوێنەوە، جیابوونەوەی ئەمجارە لە چەند کوتلەیەك پێك هاتووە کە هەرکام داواکاریی خۆی هەیەو تەنیا خاڵی هاوبەشیان دژایەتیکردن لەگەڵ حیزب بوو، بۆیە پێشبینی دەکرێ ئەوانە نەتوانن تاسەر پێکەوە هەڵ بکەن.

*

*

*

**د. قاسملووی شەهید ئیمانی بە کۆپی هەڵگرتنەوە نەبووو، ئەو لە کورتەباسێك لەسەر سۆسیالیزم بە وردی لەسەر ئەم مەسەلەیە دواوە، بەڵام هەر لەو کاتەدا کە ئیمانی بە ئەسڵ هەبوو ئیمانیشی بە خەلاقییەتو داهێنان هەبووە کە رێبوارانی رێگای د. قاسملوو لەم واتایە زۆر چاك تێ دەگەنو ئیمانی قووڵیان پێیەتی**

# وتوویژی "راه آزادی" لەگەڵ شەهید دوکتور سادق شەرەفکەندی

**ئەم نووسراوەیە کە لە بەر چاوتاندایە، بەشێك لە مانگنامەی "راه آزادی ژمارە ٢٣، ئۆرگانی حزب دمکراتیك مردم ایران"، لە گەڵ رێبەری شەهید د. سادق شەرەفکەندیە کە لە مانگی سێپتامبری ١٩٩٢دا، چەند رۆژێك پێش شەهیدبوونی بەڕێوە چووە. دیارە وتووێژەکە بە شێوەیەکی گشتی لە سەر بارودۆخی ئەوکاتی ئێرانو ئۆپۆزێسیۆنی کۆماری ئیسلامی ئێرانە.**

**ئەم بەشەی وتووێژەکە کە لە بەردەست ئێوەی بەرێزدایە، ئەو پرسیارو وەڵامانەن کە لەمەڕ رۆلی ئۆپۆزێسیۆنی سەراسەریی ئێران لە کوردستانو هەروەها رێکخراوە کوردییەکانە کە بەشێکی زۆری لەمەر رێبەرایەتیی شۆڕشگێڕ؟! هاتوونەتە ئاراوە.**

**تاقمی کاك مەلا حەسەن لە پرووپاگەندەکانیاندا هەولیان داوە بەوپەڕی چەواشەکارییەوە وا نیشان بدەن کە گۆیا، رێبەری نەمر د.شەرەفکەندی ماوەیەك پێش شەهیدبوونی هەولی رێککەوتنەوەی لە گەڵ تاقمی رێبەرایەتیی شۆڕشگێڕ؟! داوە.**

**بەڵام بە خوێندنەوەی ئەم وتووێژە بۆمان دەر دەکەوێ کە ئەو ئێددیعایە چەندە لەو راستییەوە بەدوورەو نیشاندەدا کە تاقمی کاك مەلا حەسەن ئامادەن بۆ بەرەوپێشبردنی بەرژەوەندییەکانی خۆیان تەنانەت کەڵکی خراپیش لە کەسایەتیی د.سەعیدی نەمر وەربگرنو، وەك ئامراز بە کاری بێنن. هەر بۆیەش بە پێویستم زانی کە ئەم وتووێژە بکەمە کوردیو بیخەمە بەرچاوی خوێنەرانی بەڕێز.**

**پ. لە کوردستاندا بێجگە لە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، هێزێکی دیکە بە نێوی کۆمەڵەو هەروەها چەند هێزی سەراسەری ئێران وەك فەداییانی خەلقو هتد تێکۆشانیان هەبوو. ئێنشعاب لە حیزبی دێموکراتیشدا بوو بە هۆی ئەوەی کە هێزێکی دیکەش بێتە ئاراوە، کە لە نێو رێبەرەکانیدا چەند کەسی ناسراوی تێدایە. بارودۆخی ئەم هێزە چۆنەو ئاستی تێکۆشانیان لە چ رادەیەکە؟**

و. هێزە سەراسەرییەکان بە گشتی هیچ کات لە کوردستاندا پێگەیەکی ئەوتۆیان نەبووە، و هیچکاتیش رۆڵێکی چارەنووس سازیان لە کوردستاندا نەگێڕاوە. سەرکوتی ئەم هێزانە لە لایەن کۆماری ئیسلامییەوەو قەیرانە نێوخۆییەکانی ئەو هێزانە کە یەخەی پێ گرتبوون بوو بە هۆی لاوازبوونی ئەوانە بە گشتیو ئەم لاوازییە لە کوردستانیش رەنگی داوەتەوە. بۆیەش ئێستا تێکۆشانێکی ئەوتۆیان لە کوردستاندا نیە...

بەڵام ئەو کەسانەی کە لە حیزب جیابوونەوە هەر لە سەرەتاوە هێزێك نەبوون. بە پێچەوانەی قسە رواڵەتییەکانیان، ئامانجی ئەسڵی ئەوان تەنیا چۆڵ کردنی گۆڕەپانی خەبات بوو، ئەویش بە هۆی ماندووبوونیان لە خەباتو رۆیشتن بۆ دەرەوەی وڵات بوو. حیزبی دێموکرات دەیویست لە گۆڕەپانی خەباتدا بمێنێتەوە، بەڵام ئەوان دژی ئەوە بوون، هەر چەند بە ئاشکرا باسیان نەدەکرد. ئەفرادی ناسراو بە قەولی جەنابت، ئێستا لە گەڵ بنەماڵەکانیان هاتوونەتە دەرێو پەنابەرن. لە ئاکامدا ئەمانە نەبوونەتە هێزێکی سیاسی، نە دەشبن بە هێزێك.

**پ. بەڵام ئەو لایەنە برێك پرسیان هێناوەتە گۆڕێ کەوا ئەوان لە نێو حیزبی دێمۆکرات کێشەی هزریو سیاسییان هەبووە. بۆ نموونە لە یەکەمین بڵاوکراوەی ئەواندا باس لەوە دەکەن کەوا حیزبی دێموکرات لە روانگەی سۆسیال دێموکراسییەوە دەڕوانێتە پرسەکانو وەدوای سۆسیال دێموکراتەکانی ئۆرووپا کەوتووە. رەخنەکانیان زیاتر لە زاویەی چەپەوەیە.**

و. ئەگەر مەسەلەکان لە دوورەوە لە رێگای نووسراوەکانەوە بناسیت دەکرێ ئەو بەرداشتەی لێ بکەیت. بەڵام حیزبی دێموکرات هیچکات روانگەی خۆی لە مەڕ سۆسیالیزمو دێموکراسی نەشاردۆتەوە. سەیر ئەوەیە هەموو ئەو کەسانەی کە لە کاتی ئێنشعابدا حیزبی دێموکراتیان لە زاویەی چەپەوە خستبووە بەر رەخنە، کەسانێك بوون کە ئەساسەن دژ بە سۆسیالیزم بوون، تەنانەت لە نێو حیزبدا زیاتر بە ناسیونالیستی بەرچاوتەنگ ناسراو بوون، لە راستیدا بێجگە لە یەك دوو کەسیان، ئەمانە بە گشتی دژ بە سۆسیالیزمو بیری چەپ بوون، دیارە ئەو کات ئەوە مۆد بوو و دەبا بۆ ئەو ئێنشعابە کە بە راستی زیاتر هۆی شەخسی هەبوو ئێستیدلالی سیاسیو هزری بێننە گۆڕێ، بەڵام دواتر ئەزموون نیشانیدا کە ئەم قسەو ئێدێعایانە چەندە بێبایەخو دروست کراو بوون.

**پ. ئایا ئێمکانی ئەوە هەیە کە لە گەڵیاندا یەك بگرنەوە؟**

و. دیارە ئێوە نێوی ئەوانە دەنێنە هێز، لە روانگەی ئێمەوە ئەمانە هێز نین، ئەمانە کەسانێك بوون کە بە هۆی شەخسی ریزەکانی حیزبیان بە جێهێشت، پاشانیش دوای ئامانجی ئەسڵییان، ـ رۆیشتن بۆ دەرەوە ـ کەوتن.

سەبارەت بە یەکگرتنەوە دەگەڵ ئەوانە، من بە پێویست نازانم هەموو ئەو کەسانە کە لە وڵاتێکدا دەژین لە نێو حیزبێکدا کۆببنەوە.

**پ. بەڵام ئەوانە کەسانێك بوون کە چەندین ساڵ لە نێو حیزبدا تێکۆشانیان هەبووە.**

و: ئەوە ڕاستە، بەڵام دەشکرێت ئەندامانی هەر حیزبێك زەمانێك بە هۆی جۆراوجۆر باوەڕیان بە حیزبەکەیان نەمێنێت یان بە گشتی لە خەبات ماندوو بن. دیارە کەسێك کە دەبێتە ئەندامی رێکخراوێکی سیاسی هیچ پێویست ناکات هەموو ژیانی لە گەڵ ئەو رێکخراوە بمێنێتەوە. ئەم جەماعەتە پاش ئێنشعابیش هیچ شتێکی تایبەتیان پێنەکراو زیاتر بە شێوەی مەحفەلی لەم ناوە ماونەتەوە. ئێمڕۆ من هیچ هۆیەك نابینم کە ئەوانە دیسان بگەڕێنەوە نێو ریزەکانی حیزبی دێموکرات. بەڵام ئەگەر کەسانێك بە شێوەی تاکە کەس بیانهەوێت بگەڕێنەوە و چوارچێوەی سیاسەتەکانی حیزبی ئێمەیان قبوول بێ، دەتوانن سەر لەنوێ داوای ئەندامەتی لە حیزبی دێموکرات بکەنەوە. بەڵام وەك کۆمەڵ، ئەمانە کەسانێك بوون کە هێزی درێژەدانی خەباتیان نەمابوو هەر بۆیەش لە حیزبدا نەمانو رێگای خۆیان لە رێگای حیزب جیا کردەوە.

# کێشەی نەتەوەیی لە ئێران و ڕێگاچارە دێموکراتیکەکەی

# خستنەڕووی ڕێگاچارەی دێموکراتیکی کێشەی نەتەوەیی لە ئێراندا

دوکتور حسێن خەلیقی

بەشی چوارەم و کۆتایی

وەرگێڕانی: ئاویەر

### شوناسی قەومی کامەیە؟

خەڵکانێك کە عەشیرە کۆچەرەکەیان، نیشتەجێ بووە، بە واتایەکی دی خاك ـ فەرهەنگ(ئایینی، زمانی) بە دەست دێنن. لەسەردەمی بەر لە سەرمایەداری، ئەم شوناسە، زۆر زاڵ بوو. زۆرن ئەوانەی کە "شوناسی نەتەوەیی"و "شوناسی قەومی" وەك یەك چاو لێدەکەن! ... لەگەڵ لەبیرکردن یان لاوازبوونی "شوناسی عەشیرەیی و تایفەیی"، "قوم" خۆی لە قەوارەی خاك، زمان و تا ڕادەیەك ئایین دەردەخا. زمانی زگماکی یەکەمین شوناسی وەرگیراو و ریشەدارترین بواری شوناسی کۆمەڵایەتی تاکەکانە. پاش شوناسی دینی، شوناسی چینایەتی و بە دوای ئەودا شوناسی نەتەوەیی و لە ئاکامدا شوناسی مرۆیی دێنە ئاراوە. (ضیاء صدرالشراف، هویت ملی، ل ٢٨٨ـ٢٨٩).

**لە ڕابردوودا کەمایەتی لەباری ڕادەیی‌یەوە چاوی لێدەکرا، بەڵام ئەمڕۆکە کەمایەتی لە ڕوانگەی کۆمەڵناسییەوە بریتییە لە، هەموو ئەو کەسانەی کە لە نێو کۆمەڵگایەك دا ژیان بەسەر دەبەن، بەڵام بە هۆی بەستراوەیی قەومی، ئایینی، زمانی یان تەنانەت نێزیك بە یەك بوونی هەڵسووکەوت و نەریتەکان لە کۆمەڵە تاکەکانی دیکەی نێو ئەو کۆمەڵگایە جیا دەبنەوە**

### کەمایەتی چیە؟

لە ڕابردوودا کەمایەتی لەباری ڕادەیی‌یەوە چاوی لێدەکرا، بەڵام ئەمڕۆکە کەمایەتی لە ڕوانگەی کۆمەڵناسییەوە بریتییە لە، هەموو ئەو کەسانەی کە لە نێو کۆمەڵگایەك دا ژیان بەسەر دەبەن، بەڵام بە هۆی بەستراوەیی قەومی، ئایینی، زمانی یان تەنانەت نێزیك بە یەك بوونی هەڵسووکەوت و نەریتەکان لە کۆمەڵە تاکەکانی دیکەی نێو ئەو کۆمەڵگایە جیا دەبنەوە. ئەم کۆمەڵە تاکانە ئەگەر لە بەشداری لە بەڕێوەبردنی کاروباری کۆمەڵگا بێوەری بکرێن، ئەگەر بکەونە بەر زوڵم و زۆرو هەڵاواردن و ئەگەر شێوەیەك لە هەستی کۆمەڵ یان گرووپی‌یان بێ وەك "کەمایەتی" دێنە ئەژماردن، تەنانەت ئەگەر باری ڕادەو ژمارەوە لە زۆرایەتیشدا بن.

(منوچهر خوبروی، همان، ل ١٨٠)

### شوناسی نەتەوەیی چیە؟

ئەو شتەی کە دەبێتە هۆی ناسیاوی تاك، ئەو شتانەی کە کەسایەتی، تاکێك دەسەلمێنن، ناسنامەو ... نەتەوە، "خەڵکی وڵاتێك کە لە ڕەگەزێك و گوێڕایەڵی دەوڵەتێك بن". نەتەوایەتی (ملیّت) بەستراوەیی ڕەگەزی و تایبەتمەندی تاکەکانی نەتەوەیەکە" (فرهنگ صبا، محمد بهشتی، ل ١٠٤٢). لە شوناسی نەتەوەیی‌دا، خاکی هاوبەش، بەرژەوەندی ئابووری و بەرهەمی هاوبەش، بەرژەوەندی سیاسی و ئاسایشی هاوبەش و بەرژەوەندی نیزامی و هەستە دەروون ناسییە تاکی ـ کۆمەڵی‌یەکان لەبەرچاو دەگیردرێن.(هەمان سەرچاوە، ل ٢٨٣ـ٢٨٥) شوناسی قەومی، بەدوای شوناسی عەشیرەیی و تایەفەیی‌یەوە کە خاك، دین و زمانی هاوبەش نیشانەکانیەتی. شوناسی نەتەوەیی بە تێکەڵ کردن و بڕێ‌جاریش بە لاوازکردنی شوناسی "قەوم"و عەشیرەیی کۆمەڵانی خەڵکی کۆمەڵگایەك لە نێو یەکتردا و لەگەڵ دەرکەوتنی شوناسی کەسیەتی و شوناسی نەتەوەیی تاکەکانی کۆمەڵگا، خۆدەنوێنێ و بەرەو کۆمەڵگایەکی نەتەوەیی و چینایەتی بە چەمکی شارۆمەندانی بەرابەر، دەڕواتە پێش (هویت ملی، ل٢٨٠).

نەتەوە: مەبەست لە نەتەوە پێوەندێکە لە نێوان هۆکارە بەرهەست و زەینییەکان کە لەگەڵ ماناکەی لە زماندا دێتەوە. هۆکارە زەینییەکان بریتیین لە: خاك، زمان، ژیانی ئابووری هاوبەش، فەرهەنگی هاوبەش و قبووڵکردنی ژیانی هاوبەش. بە وتەی "ئێرنێست ڕێنان" لەسەر هۆکارە زەینییەکان کە بۆ پێکهاتنی "نەتەوە" پێویستن: نەتەوە یانێ ڕۆحێك یان ئەسڵێکی ڕۆحی و دەروونی یان یەکگرتوویی تاکەکان لەسەر بنەمای ڕابردوویەکی قایم کە تا ئێستاش لەبەر چاوە. بەم پێیە نەتەوە بریتییە لە گرووپێك لە خەڵك کە بە هۆی کۆمەڵێك هۆکاری جۆراوجۆر وەك زمان، خاك، ژیانی ئابووری، فەرهەنگی مێژوویی هاوبەش پێکەوە بەستراونەتەوەو حەز لە ژیانێکی هاوبەش و چارەنووسێکی هاوبەش دەکەن. بەم واتایە هەستی نەتەوەیی بریتییە لە هەستی یەکیەتیی و یەکگرتوویی بە کۆمەڵێکەوە، تەنانەت ئەگەر لەو کۆمەڵە دەسەڵاتێك نەشێتەوە!؟ لەو هەستەیە کە "ئێمە"پێك دێ و لەو ڕێڕەوەیە کە لە "ئێمە" یەك، "ئێمە"یەکی دیکە جوێ دەبێتەوە. (هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل١٨١).

بە لەبەرچاوگرتنی ئەو ڕاستییانەو بارودۆخی ئێران، ئێستا بە هێنانەگۆڕێ ڕێگەچارەی ئەم کێشە سیاسی و کۆمەڵایەتییە دەگەین. باس لە سەرئەوەیکە وڵاتێك وەك ئێران، چۆن دەبێ بەڕێوە بچێ و لە چ شێوەگەلێك بۆ بەڕێوەبردنی کەڵك وەردەگیرێ. ئەگەر بمانەوێ لەگەڵ ڕاستییەکان ڕووبەڕوو بینەوە، بەناچار دەبێ قبووڵ بکەین کە لەو وڵاتەدا لە مێژە کە عەشیرە، قەوم و ئێتنیکە جۆراوجۆرەکان و ئێستاش نەتەوەگەلی جۆراوجۆر بە تایبەتمەندی جۆراوجۆری فەرهەنگی نیشتمانی، زمانی، مێژوویی و بەستراوەیی ڕۆحی و ...ی جیا لە تایبەتمەندی نەتەوە، مەزهەب، زمان و فەرهەنگی زاڵ، دەژین و لەسەر مافە تایبەتی و گشتییەکانیان لەژێر ستەمدا بەسەر دەبەن. بۆ سڕینەوەی ئەو ستەمە و خولقاندنی کەش و هەوایەکی لەبار بۆ پێکەوە ژیانی هێمنانە و ڕۆیشتن بەرەو یەکیەتییەکی دڵخوازانە چ بکەین؟ بە واتایەکی دیکە بۆ ئەوەیکە هەموو خەڵکی وڵات بە مەرجی پاراستنی تایبەتمەندییە نەتەوەیی و جۆراوجۆرەکانیان، بتوانن لە دیاری کردنی چارەنووسی خۆیان بە شێوەیەکی ئازاد بڕیار بدەن، چ ڕێگایەك دەبێ بگرێتە بەر لە چ ڕێکارێك دەبێ کەڵك وەرگرین؟

ئەمڕۆکە لە نێو وڵاتانی جیهاندا سێ شێوە دەسەڵاتدارێتی پتر لە هەموان دەکەوێتە بەرچاو و هەر کامیان شێوەیەکی تایبەتی بۆ بەڕێوەبەری سیاسی چوارچێوەی جوغرافیایی خۆی هەڵبژاردوە: نموونەی کوجێیی یان ناوەندی، نموونە تێکەڵ یان فیدراڵ و نموونەی ناوچەیی.

نموونەی یەکەم لە وڵاتگەلێك بە چوارچێوەی یەك دەستی جوغرافیایی پێك دێ و خاکێکی پان و بەرینیان نیەو ڕووبەرێکی چڕیان هەیەو حەشیمەتەکەیان بەشێوەیەکی یەکدەست بڵاوبۆتەوەو خاوەنی ناڤۆکێکی سیاسیی ناوەندی بە توانان، بەلەبەرچاوگرتنی نیزامێکی تەك یاسایی لەم قەوارەدا بەڕێوەبەریی وڵات، هێزی سیاسی و جێبەجێکەر بە شێوەیەکی یەکدەست و یەکسان لەسەرانسەری وڵات و ناوچە جۆراوجۆرەکاندا بەدی دەکرێ. لەم فۆرمەدا، دەسەڵاتی ناوەندی بەلەبەرچاوگرتنی کەسایەتی یاسایی بۆ خۆی، ئەو مافە بەخۆی دەدا کە یاسا دابڕێژێ و هەموو کاروبارێك لە گشت بوارگەلی نەتەوەیی، ناوچەیی‌دا ڕێك بخا. ئێستا لە کۆی ٢٠٠ وڵاتی جیهان ١٥٠ وڵات بەم شێوەیە بەڕێوە دەچن! وەك ئێران، تورکیە، ئوردۆن و ... کە لە وڵاتانی لەدەمی گەشەسەندندان و لە نێو وڵاتە پێشکەوتووەکاندا دەتوانین بە ژاپۆن و فەڕانسە ئاماژەبکەین. ئەم جۆرە هێزە سیاسییانە، بەردەوام بەرەو شێوەیەك کوجێیی و خۆتەوەریی هەنگاو هەڵدێننەوە کە لەودا، هەموو بڕیارە گشتی، ناوچەیی و نەتەوەیی‌یەکان لە لایەن ناوەندێکی سیاسی و بەڕێوەبەریی کە بە پێی نەریت، لە پێتەختدایە، دەدرێن و بەڕێوە دەچن! لێرەدا دەتوانین بەچەند کەم و کورتیی ئەو سیستمانە ئاماژە بکەین:

هەبوونی سانترالیزمێکی توندو جێگیربوونی ڕەوتێکی یەكلایەنەی دەسەڵاتدارێتی لەسەرەوە بۆ خوارێ، پەرەگرتنی بوروکراسی و زیادبوونی خەرجە گشتیەکان، نادادپەروەری جوغرافیایی بە مانای هەڵاواردن لە نێوان ناوچە جۆراوجۆرە جوغرافیایی‌یەکانی وڵات، پێکهاتنی هەستی بێ ئیرادەیی و خۆ بە زل زانین! و بەهێزنەکردنی ڕۆحیەی ڕاهێنان و تازەگەری لە ئاکام دا پەرەپێدانی فەرهەنگی مەرایی (چاپلوسی).

شێوەیەکی دیکە، نموونەی ناوچەیی‌یە. وەك بریتانیا و یەکیەتیی سۆڤیەتی پێشوو، کە دەکرێ بە"وڵاتانی خاوەن کۆمارگەلی خودموختار" ناویان بنین. ئەم نموونەیە سەرەتا لە لایەن "جان فێراندوف"ی ئیسپانیایی‌یەوە پێشنیار کرا. لەم نموونەیە کە شێوەیەك نێوان دەسەڵاتی کوجێیی و فیدراڵیزمە، دەسەڵاتی ناوەندی لەژێر گوشاری ئازادیخوازان یان بە هۆی دێموکرات بوونی‌یەوە (بەستراوە بە ڕادەی زانایی وڵاتدارییەوە هەیە) بڕێك لە دەسەڵاتی سیاسی خۆی بە ناوچە نێوخۆیی‌یەکان کە شوناسی نەتەوەیی و فەرهەنگی جیایان هەیە، دەسپێرێ.

نموونەی سێهەم، کە لەم وتارەدا مەبەستی ئێمەیە، نموونەی فیدڕاڵیزمە. "ك. دەبلیوورابینسۆن" ئەم شێوەیە لە نیزامی سیاسی، بە جوغرافیاییترین نموونەی بەڕێوەبەری وڵات لە نێو حکوومەتەکاندا دەزانێ کە لەسەر بنەمای جیاوازییە ناوچەیی‌یەکان دادەمەزرێ و ویستی بەشە جیاجیاکانی وڵات بۆ پاراستنی تایبەتمەندی تاکی‌یان بە فەرمی دەناسرێ. لە ڕاستیدا فیدڕاڵیزم، لە نێوان جیاوازی و دژایەتییەکاندا یەکگرتوویی ناخولقێنێ، بەڵکوو لە نێوانیاندا، پێکەوە ژیانی دادپەروەرانە بە ڕۆحی مرۆیی‌یەوە پێك دێنێ. ئەم نموونەیە باشترین ڕێگەچارەی سیاسی بۆ بەڕێوەبەری وڵاتگەلێك وەك ئێرانە کە نەتەوەو ئێتنیکگەلی جیاوازی زمانی، فەرهەنگی نەتەوەیی و بڕێجار ئایینیشی تێدا دەژین و خاوەنی جیاوازیگەلی هەست پێکراوی ناوچەیی‌یە.

ئەم نموونەیە لە یەکگرتنی، گرووپگەلی مرۆڤی و یەکەگەلی سیاسی جیا لەیەك، پێك دێ کە دەیانەوێ، چارەنووسی خۆیان پێکەوە گرێ بدەن و وڵاتێکی گەورەتر بە پێداویستیی زۆرترەوە پێك بێنن. ئەم نموونەیە لە چاو نموونەکانی دی توانای زۆرتری بۆ سڕینەوەی کۆجێیی هەیە. لە ئاوەها نموونەیەکدا، بوار بۆ بەڕێوەبەری سیاسیی ناوەندی و کاروباری ناوچەیی، لە لایەن ڕێکخراوەکانی ناوچە فیدڕاڵییەکان بەڕێوە دەچێ. دەسەڵاتی ناوەندی لەم نموونەیەدا بەشێك لە دەسەڵاتی خۆی بە پێی یاسای بنچینەیی وڵات بە کەسایەتی و ڕێکخراوە ناوچەیی‌یەکان دەسپێرێ، بەم شێوەیە دەسەڵات لە نێوان ئەندامە حوکمییەکان و خەڵکی وڵات دابەش دەکرێ (عباس احمدی، ویژگیهای نظام فدرال و میزان انطباق آن با شرایط ایران). لە ئاوەها سیستمێکدا دەوڵەتی ناوچەیی، دەتوانێ بە کەڵك وەرگرتن لە هەڵبژاردنی ئازاد و نۆرمە دێموکراتیکەکان، پارلمانی تایبەت بەخۆی پێك بێنێ و وەزیر بۆ بەڕێوەبردنی کاروباری ناوچە، هەڵبژێرێ. سیستمێکی فێرکاری لەگەڵ پاراستنی زمانی سەرانسەری بە مەبەستی پێکهێنانی پێوەندی لەگەڵ بەشەکانی دیکەی وڵات و بەڕێوەبەرییەکانی دەوڵەتی ناوەندی، بۆ پەرەپێدانی نوسین و خوێندن بە زمانی زگماکی، پێك بێنێ. فەرهەنگی ناوچەیی گەشە پێبدا. حکوومەتی فیدراڵ، بێجگە لە سیاسەتی دەرەوەیی، سوپا و دراو بەرنامەدرێژخایەنە ئابوورییەکان، لە بوارگەلی دیکە بەڕێوەبەری سیاسی و کۆمەڵایەتی ناوچەی خودموختارە. ئەوە روونە کە پۆلیسی ناوچەیی بۆ دابین کردنی هێمنی و دادگا لە ژێردەسەڵات و چاودێری حکوومەتی فیدڕاڵ ئەرکەکانی خۆیان ڕادەپەڕێنن.

ئێستا لە جیهان دا ١٩ وڵات بەم شێوەیە بەڕێوە دەچن، ئاڵمان و سویس، ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، ئوستڕالیا، ئوتریش و ئەفریقای باشوور لەوانەن. لەو شێوەیەدا بواری بۆ ئەوەکە کۆمەڵە مرۆڤییە جۆراوجۆرەکان بە شوناسی جیاگانەی نەتەوەیی، فەرهەنگی و شارستانی تایبەت بە خۆیان، بتوانن لە پاڵ یەکتردا بژین، دەرەخسێنێ.

دوایین وتە ئەوەیە کە، لە وێڕا کە لە نیزامی کۆماری ئیسلامی‌دا، هەلی دابەزاندنی ئاوەها گەڵاڵەیەکی دێموکراتیك نیەو بنەمای هزری ڕێبەرانی ئەو حکوومەتە لەگەڵ دێموکراسی لە دژایەتیدایەو لە وێڕا کە بە بێ چارەسەری ئەو دیاردە سیاسی و کۆمەڵایەتییە بواری پێکەوە ژیانی جۆراوجۆری نەتەوەیی ـ ئایینی لە ئێراندا نیەو تا ئێستا دەسەڵاتە ناوەندییەکان هەموو کاتێك بە بەکاربردنی زۆرو تۆمەت وەپاڵ خستن لەگەڵ ئەم ڕاستییە کە ڕووی لە ناوخۆو دەرەوەیەو ناتوانن حاشای لێبکەن، بەرەوڕوو بوون. هەنگاو هەڵهێنان بۆ چارەسەری ئەو کێشەیە لە ئەستۆی دەسەڵاتی داهاتوی وڵاتە. بەلەبەرچاوگرتنی ئەوە کە گەڵاڵە دارشتنی بەرنامەی ئاوەها حکوومەتێك لە ئەستۆیی ئێمەیە، بێنەوە با بە جێگای پەرەپێدانی باسگەلی زیادی و دوور لە ڕاستی و هەوڵدان بۆ حاشاکردن لە شوناسی نەتەوەیی، نەتەوەکانی دیکە لەسەربنەمای ڕەنێوهێنانی ستەمی پێشینیان، بەدوی ئەوەدا بین کە ڕێگاچارەی گونجاو بۆ دەربازبوون لەو قەیرانە، بدۆزینەوە. قبووڵی ئەم بەرپرسایەتییە، بە لەبەرچاوگرتنی پەرەگرتوویی فەرهەنگی تەك نەتەوەیی سەپێندراوی ڕەزاخانی و خۆ بەزل زانینی هێندێك لە ناسیونالیستە پێڕەوەکانی ئەو فەرهەنگە شۆڤێنیستییەو نزمبوونی فەرهەنگی واقیع بینی و یەکسانی‌خوازی پێشکەوتووی جیهانی مودێڕن، زۆر ئەستەمە. لەگەڵ ئەوەش، کەس ئەو بارەگرانە بۆ ئێمە هەڵناگرێ، بەڵکوو ئەوە خودی ئێمەین کە دەبێ دووبارە هەرچەند گرانیش بێ، بە شوێنی مەبەستی بگەیەنین، تا بۆ هەتاهەتایە لەم بارەوە خەیاڵی نەوەکانی داهاتوو ئاسوودە بکەین.

**لە ڕاستیدا فیدڕاڵیزم، لە نێوان جیاوازی و دژایەتییەکاندا یەکگرتوویی ناخولقێنێ، بەڵکوو لە نێوانیاندا، پێکەوە ژیانی دادپەروەرانە بە ڕۆحی مرۆیی‌یەوە پێك دێنێ**

# تێڕوانینی ژن بۆ خۆی، لە روانگەی رەخنەوە

شەهێن محەممەدی

وەرگێڕان لە فارسییەوە: ئاڕێز

ژن وەك تاكێك بەر لە هەركەسێكی دیكە دەبێ خۆی لێكۆڵەری كێشەكانی خۆی بێ‌و بۆ دیتنەوەی ریشەی ئەم كێشانە دەبێ لە خۆیەوە دەست پێبكاو خۆی بخاتە بەر رخنە. نە ئەوەیكە هەموو تاوانەكان بخاتە ئەستۆی رەگەزی بەرانبەرەوەو لە قبووڵی بەرپرسایەتی خۆ ببوێرێ‌و چاوەڕوانی دەركەوتنی قارەمانێكی رۆستەم ئاسا بێ تاكو بەرەو بەهەشتی بەختەوەری رێنوێنی بكا.

لە كەسێك شاراوە نیە كە ژنانی كۆمەڵگای ئێمە، تا رادەیەكی زۆر لە گەڵ هەڵاواردن بەرەوڕوون‌و ریشەی ئەم بیرۆكەیە لە قووڵایی مێژوودا بەدی دەكرێ‌و ئابووری‌و بیروباوەڕ پتر پەریان پێداوە. بۆیە شی‌كردنەوەو شرۆڤەی ئەم باسە پێویستی بە كات‌و وردبوونەوەیەكی زۆرتر هەیەو لە توانای وتارێكی ئاوەها كورتدا بەدەرەو مەبەستی من لەم وتارەدا لێڕوانینی جیددی‌و دەروونی‌یە بە بارودۆخی ژنان. لەو هەوڵەدام كە "ڕوانینی ژن بۆ خۆی" بكەوێتە بەر رەخنەو كێشەكەی بە روانینێكی دەروونی نەك دەرەوەیی شرۆڤە بكرێ. مەبەست لە هێنانی بێژەی "جیددی" تێپەڕین لە پیرۆزیی، مەزڵووم نوێنی، لای‌لایی‌و تەیاربوون بەچەكی خەڵك هەڵخڵەتێنەرو بچووككردنەوەو تانەلێدانە. بە وتەی بێرتراند راسیل "لێڕوانینی دروست نە لێڕوانینی پیرۆزەو نە لێڕوانینی بچووككەرەوە، بەڵكو هاودڵییەكی رەخنەیی‌یە". شێوەی شرۆڤە لە دوو بەشی جیا، بەڵام پێكەوە گرێدراو دێتە گۆڕێ.

ئا) روانینی ژنی ناوچە بۆ خۆی

ب) شێوەو ئامرازی گەیشتن بە ویست‌و ئامانج

## ئا) روانینی ژنی ناوچە بۆ خۆی

بە داخەوە لێكۆڵینەوەی بارودۆخی دەروونی ـ هەڵسوكەوتی ژنان، لێكۆڵەر بەو ئاكامە تاڵە دەگەیەنێ، كە زۆربەی هەرە زۆری ژنانی ناوچە، بە دیدێكی "كەمبایەخ"ەوە بۆ خۆیان دەروانن. هەرچەند رەنگە بەڕواڵەت لە خۆیان داكۆكی بكەن‌و دژی ئەم بۆچوونە بن، بەڵام بە كەڵك وەرگرتن لە شێوەگەلی مودێڕنی لێكۆڵینەوە راستییەكە دەردەكەوێ. رەنگە هۆكارگەلێكی پێكەوە گرێدراو ئەم بیرۆكەیەی لە زەینی‌دا، جێ‌كردبێتەوەو وەك رەوشتێكی ئاسایی لێكردبێ. بیرۆكەیەك كە ژنی بە نیسبەت رەگەزی بەرامبەرەوە لە جێگە ـ توانایی ـ ماف ـ بایەخ و گرینگی خوارتر داناوەو لەوانەیە پەنابردنەبەر ئامرازی "خۆش ویستن ـ لێگەڕان‌و چاكی" شێوەیەك بۆ قەربووكردنەوە یان شاردنەوەی ئەم هزرە بێ. لەم بارەیەوە لێكۆڵینەوەیەكی مەیدانی كراوە كە بۆ زانیاری زیاتر ئاكامەكەی رادەگەیەنرێ:

لە وەڵامی ئەم پرسیارە كە ئەگەر مردنی یەكێك لە ئێوە "خوشك‌و برا" چاوەڕوان كراو بێ حەز دەكەن كام یەك لە ئێوە زیندوو بمێنێ؟

٢٥خوشك‌و برا لە تەمەنی ٢٥ ـ ١٨ ساڵی‌دا بە دۆخی كۆمەڵایەتی‌و خوێندەواری جۆراوجۆرەوە بەم پرسیارە وەڵامیان داوەتەوە، بە شێوەیەك كە ٢١ كەس لە كچەكان خوازیاری زیندوومانی براكانیان‌و ٤ كەسیشیان خوازیاری زیندوویی هەردووكیان بوون. ئەمە لە كاتێكدایە كە لە نێو ٢٥ كوڕدا ٢٣كەسیان خوازیاری مانەوەی خۆیان‌و ٢ كەسیشیان مانەوە یان مردنی هەردووكیانی پەسەند بووە.

هەمان پرسیار لە١٠ دایك‌و باوك بە دۆخی كۆمەڵایەتی جیاوازەوە كراوە. كە ٧ كەس لە دایكان خوازیاری زیندوومانی كوڕو ٣ كەسیشیان زیندوومانی هەردووكیان بوون، لە كاتێكدا ٥ كەس لە باوكان زیندوومانی كوڕو ٥ كەسیشیان زیندوومانی هەردووكیانی هەڵبژاردوە.

پرسیارێكی دیكە لە ١٠ خوشك‌و برای لاوی خوازیاری كار بە رادەی خوێندەواری نێزیك بەیەك كراوە، كە ئەگەر بڕیار بێ بە یەكێك لە ئێوە كار بدرێ، كام یەك لە ئێوە لەسەرووترە؟

٩كەس لە كچەكان، براكانیان لەسەرووی خۆیانەوە داناوە، لە كاتێكدا كوڕەكان ئەوەیان بە مافی خۆیان زانیوە. هەمان پرسیار لە دایك‌و باوكی ئەوان كراوە كە دۆخەكە نەگۆڕاوەو زۆربەیان كوڕەكانیان لەسەرووی كچەكانەوە داناوەو پێیان خۆش بووە كە، یەكەم جار كار بەوان بدرێ.

هەرچەند شاراوە نیە كە ئەم بیرۆكەیە نە خێوییە نە سرووشتی، بەڵكوو وەرگرتنی‌و پەروەردەیی‌ن‌و دەتوانین لەم بارەیەوە بنەماڵەو كۆمەڵگا بە بەرپرس بزانین. لەوەش گەڕێین كە نیوەی كۆمەڵگا كە بەرپرسی راهێنانە، لە ژن پێك هاتوە!!

"هانری پاستالوزی" بیرمەندو بنیاتنەری دەروونناسی لە پەروەردەو فێركردن دا دەڵێ:"ئەگەر سەدان مرۆڤ لەنێو دەچن لەبەر ئەوەیە كە، كەسێك نیە لە بایەخی خۆیان تێیان بگەیێنێ."

وردبوونەوە لەسەر ئەم دێڕە جێگەی هەست بە بەنرخبوونی مرۆڤ لە ژیانی تاك‌و كۆمەڵایەتیدا دەردەخا. چونكە هەست بە بایەخداری، باوەڕبەخۆبوون ـ هەڵسوكەوتی سەرەخۆ ـ بایەخدان بە ئەم‌و ئەو ـ هیواداری ـ تێكۆشان ـ سڕینەوەی دڕدۆنگی‌و ترس لەخۆو بە تایبەت ترس لە داهاتووی بە دواوەیەو دەبێتە هۆی بەختەوەری تاك لە ژیاندا. نابێ ئەوە پشت گوێ بخەین كە كۆمەڵگاو بە تایبەت شێوەی راهێنان‌و پەروەردەی فەرمی‌و نافەرمی لە جۆری روانین بۆ خۆدا كاریگەری هەیە. "ویرجینیاستێر" لە كتێبی "آدمسازی" لەم پێوەندییەدا دەڵێ:" هەستی بایەخداربوون تەنیا لە شوێنێك دا دەتوانێ گەشە بكا، كە لەو شوێنەدا بە جیاوازییە تاكییەكان بایەخ بدرێ، هەڵەكان چاوپۆشی‌یان لێبكرێ، ئاڵوگۆڕی بیروڕا هەبێ، یاساكان توندوتیژ نەبن‌و ..."

ئەم وتەیە، ئەو دێڕەی "سیمون دێبواری" بیرمەند وەبیر دێننەوە كە دەڵێ:"مرۆڤ بازنەیەك نیە كە لێزگەكانی (شعاع) وەك یەك بن"، لەم دێڕەدا دەبێ بڵێین ژن دەبێ بێتە سەر ئەو باوەڕەی كە:

١ــ ئەویش مرۆڤێكە بە هەموو تایەبتمەندییەكانی مرۆڤی‌یەوە، جیاوازی ئەو لەگەڵ ئەوانی دیكە جیاوازی‌یەكی تاكییە كە زۆر سروشتی‌و روونن.

٢ــ ژن تاكێكە خاوەنی بایەخ‌و جێگەی تایبەتیی خۆی. ئەمە نایەتەدی مەگەر ئەوەیكە شوێنێكی ئاوەها شیاویش بۆ بەانبەرەكانی دابنێ.

٣ــ ژن وەك "تاك" خاوەنی ماف‌و بەرپرسایەتییە كە خوازیاربوونی‌و بە كردەوە دەرهێنانی نیشانەی گەشەسەندنی تاكی‌و شارستانی ئەوە.

٤ــ ژن تاكێكی خاوەن لێهاتوویی شاراوەی تایبەتە كە بۆ گەشەپێدانی دەبێ تێبكۆشێ.

٥ـ دڕدۆنگی جیاوازی رەگەزی، تا ئاستی وێرانی‌و تێكشكاوی تۆێشەی تاڵی مێژووە، بەڵام شتێكی نەگۆڕ نیە.

٦ــ ژنان دەبێ هاوكات لەگەڵ لای‌لایی، ئەم هزرە گەورەیە بەرنە نێومێشكی كچ‌و كوڕەكانیان‌و بیكەن بە شتێكی دەروونی. چونكە بنەمای كەسایەتی مرۆڤ لە داوێنی دایكەوە دادەڕێژرێ.

## ب: ئامرازو شێوەكانی گەیشتن به ویست‌و ئامانجەكان

"ویرجینیاستێر" خاوەنی كتێبی "آدمسازی"و خاوەن بۆچوون لە پەروەردەو راهێنان، شێوەكانی گەیشتن بە ویست‌و ئامانج بە سێ شێوە دابەش دەكا:

١ـ شێوەی بەڵگەهێنانەوەی زانستی‌و جیددی

٢ـ باس‌و بەربەرەكانی سرووشتی‌و لۆژیكی

٣ـ شێوەی توندوتیژی

مرۆڤ ئەوكاتەی كە خۆی لە بەندی كۆمەڵدا دیبەوە، بەناچار هاوكات لەگەڵ ئەوە تێكۆشا كە شوناس‌و كەسایەتی تاكی خۆی بپارێزێ، بەشێك لە ویست‌و بەرژەوەندییەكانی خۆی لەو رێگایەدا فیدا كرد، تاكو بە ژیانی هێمن‌و ئارامی خۆی درێژە بداو لە كۆمەڵدا قبووڵی بكەن. خەباتی سروشتی‌و برێ جاریش ناسروشتی لە پێناو پاراستنی بەرژەوەندی‌و سەپاندنی ئیرادە لە لایەك‌و بەرخۆدانی هاوجۆرەكان لە لایەكی دیكەوە دەبووە هۆی پێكدادان‌و لە ئاكامدا بە بەكارهێنانی ئامرازە هەڵبژاردەكان. ئەم شێوە رێگەی خۆی لە بنەماڵەو لە كۆمەڵدا دەپێوی تا لە ئاكامدا بوو بە رەوشت‌و شێوەی كۆمەڵ پەسەند. بەڵام تاك لەهەر شێوەیەك دا تەیار بە ئامرازگەلی كارامە بۆ گەیشتن بە ئامانج دەبوو. فەرهەنگ، كۆمەڵگاو جۆری راهێنان لە چۆنیەتی شێوەو ئامرازەكان كاریگەرییان هەبوە. كۆمەڵگایەك وەك یونانی‌كۆن لە گەڵ كۆمەڵگاگەلێك وەك ئۆستراليا، سوودان جیاوازیگەلێكیان هەبووە كە بەرهەمی كۆمەڵ‌و فەرهەنگی تایبەتی ئەوان بووە. بەڵام لە نێو كۆمەڵگا هاوجۆرەكان كەسایەتی ـ رادەی خوێندەواری‌و زانیاری كۆمەڵایەتی ـ هزرو هەڵسوكەوتی نێونجی ـ ئاوەڵابوونی دەرگاكانی متمانەو باوەڕ ـ هیوا بە داهاتوو و هەستی بەستراوە كۆمەڵایەتییەكان‌و ... هۆكارگەلێكن كە لە هەڵبژاردنی جۆری شێوەو ئامرازی گەیشتن بە ئامانج كاریگەرن.

بەداخەوە جۆری ئەم شێوەو ئامرازانە لە كۆمەڵگا كۆنەپەرست‌و ناشارستانییەكان تا رادەیەك لە كۆمەڵگای خۆمان، پتر رەنگی توندوتیژییان پێوەدیارەو لە شكڵی ئاساییدا پتر لە باس‌و هەڵچوونی سروشتی ـ كۆن‌و ئاسایی كەڵك وەردەگیرێ. لە كاتێكدا كە لە كۆمەڵگا مودێڕنەكاندا لە سەلماندنی عەقلانی ـ زانستی‌و شارستانی كەڵك وەردەگرن.

هەرچەند لە دۆخێكی رێژەیی‌دا، ژنانی ناوچە زیاتر لە پیاوان، لە هەڵكەوتوویی تایبەت‌و كێشەخولقێن پەنادەبنە بەر ئامرازگەلی توندو تیژی‌و شێوەگەلی وەك: بوڵەبۆڵكردن، لاساری، شەڕو پێك هەڵپرژان، ئازاردان، جنێودان، دۆعای‌شەڕكردن، گریان‌و ... ئامرازگەلی ئاسایی ژنانی ناوچە بە مەبەستی گەیشتن بە ئامانج‌و ویستەكانیان. هێندێك جار دەبینرێ كە ئەم شێوانە تا رادەیەك توند دەبن كە تا رادەی خۆكوژی‌و خۆ ئازاردان دەردەكەون. رەنگە هێشتا ژنانی ناوچە بەو قۆناخە لە گەشەی شارستانی نەگەیشتبن كە بە ئامرازی بەڵگەهێنانەوەی زانستی‌و عەقڵی تەیار بن یان ئەوەی كە مەیدانێك لە لایەن رەگەزی باڵادەستەوە بۆ ئەوان نەهاتۆتە ئاراوە، لە هەر شێوەیەكدا كەمكاری ژنان چاوپۆشی لێناكرێ، چما ژنان لە بیری بەدەست هێنانی خۆڕایی بەرهەم لە كۆمەڵگای تاودراوی ئەمڕۆژین، یان ئەوەیكە تێكۆشانی ئەوان لە رادەی هەڵگرتنی گەنم نەبووە، بە كێڵانی كوڵەش هاوكات كوڵەش‌و گەنم بە دەست ناهێنن‌و خۆیان بە رەنج خەسار دەبیننەوە. بە وتەی دیكارت" بۆ بەدەستهێنانی كوڵەش دەبێ گەنم بكێڵین، ئەو كەسەی كە گەنم بكێڵێ بە كوڵەش و گەنم دەگا لە كاتێكدا ئەوەی كە كوڵەش دەكێڵێ نە بە گەنم دەگا نە بە كوڵەش."

ژنانی ناوچە بە هۆی دۆخی بەستراوەیی كۆمەڵایەتی، هێشتا فێری شێوەگەلی بەرخۆدانی زانستی‌و بنەمایی نەبوون‌و كەڵكی لێوەرناگرن، بەم بۆنەیەوە هەوڵەكانیان جۆرێك لە نێوچوون‌و لە كۆتایی‌دا ئاكامێكی نادادپەروەرانەی لێدەكەوێتەوە، لە كاتێكدا دەبێ لەگەڵ باوەڕ هەبوون بە توانەوە، بە بەرخۆدان بۆ چارەنووسێكی عادیلانە بگەڕێن. هەروەك سێناتێكور، ئەدیبی فەڕانسەیی سەدەی نۆزدەهەم دەڵێ:"مرۆڤ تێدا دەچێ، رەنگە وابێ، لێگەڕێن بە بەرخۆدانەوە لە نێوبچین‌و ئەگەر لە نێوچوون لە چاوەڕوانی ئێمەدایە، با چارەنووسێكی عادیلانە دەستەبەر بكەین."

بەداخەوە لە پێناو گەیشتن بە بەختەوەری تەنانەت دایكان خوازیاری گوێڕایەڵی كچان‌و ئەم گوێڕایەڵی‌یە بە نیشانەی ئەخلاق، عاقڵ بوون‌و ئەدەب مانا دەكەنەوەو ئەمە بۆ كچان‌و كوڕان دەروونی دەكەنەوە، بێ‌گوێدان بەوەی كە وەك بێرتراندراسیل دەڵێ:" گوێڕایەڵی منداڵ یان تاقەتدار رادەهێنێ یان شۆڕشی، بەڵام بنەماڵە وەك یەكەمین ناوەندی فێركاری‌و زۆر گرینگ، فێركردنی زانیارییەكان بۆ كچان لەسەروی بەرنامەكانیدایەو ئەمە بە شێوەیەكی ئاسایی‌و رۆژانە دەرهاتووە. لێرەدایە كە گوێڕایەڵی كچ بە درێژایی ژیانی بە شێوەیەكی ئاسایی دەرهاتووەو قبووڵ دەكرێ." بە وتەی فرۆم"ئێمە مل دەدەین چوونكە خوومان پێ‌گرتوە."

بەم بۆنەیەوە كە ژنان بوونەتە كۆمەڵێك مرۆڤی كۆیلەو هاوكات لەگەڵ رەزامەندی لەسەر دۆخەكە بە رەگەزی بەرانبەر مەیدانی پاوانخوازی‌و كەڵكی خراپ وەرگرتن دەدەن. بە قەولی ئەم وتە بە ناوبانگە "پاوانخوازێك بوونی نیە، تەنیا كۆیلەكان بوونیان هەیە."

كومەڵە هۆكاری وتراوو هۆكارگەلی دیكە پێكەوە، ژن جۆرێك رادەهێنن كە ژن خۆی لە بیربكات‌و چارەنووسی خۆی دەداتە دەستی كەسانی دیكەو چاوەڕوانی ئەوەی هەیە كە كەسانی دیكە بەختەوەریی بۆ دەستبەر بكەن. رەنگە ئێوە بووكگەلی زۆر بناسن كە لە ئاخاوتن‌و ئارەزوەكانیاندا وا دەردەكەوێ چاوەڕوانن كە زاوا بەختەوەریان بكا. تەنانەت بنەماڵەو بە تایبەت دایكی بووك زۆرجار ئەوە دووپات دەكاتەوە كە بووك بەختەوەر بكا یان كۆمەڵگا جۆرێك دەڕوانێ بۆ ژنانی تەڵاق دراو كە گوایا پیاوەكە بە تەڵاق دانی ئەو، ئەوی بەدبەخت كردوە. ئەم نموونانە نیشانەی ئەو بیرۆكەیەن كە ژن هاوسەنگی پیاو دانانێ‌و وەك هەمان "زەعیفە" ناوی لێدەبا. "مستەفا رەحیمی" لە كتێبی تراژێدی هێز لەم بوارەدا دەڵێ: "خۆلەبیركردن‌و لە هەركارێكدا دەستی دەسەڵاتی ئەوی دیكە دیتن، هۆی تەمەڵی زەین‌و گەڕانەوە بۆ دۆخی سەرەتاییە." كۆمەڵگای سەرەتایی‌یە كە هەر شتێك تۆزێ كێشەی بۆ ساز بكا، بە رووحی شەیتانی‌یەوە نیسبەتی دەدا.

ئایا كۆمەڵگای ئێمە هێشتا لەو دۆخەدایە یان لە بیرمانی ئێمە هێشتا لە ژێركاریگەری ئەو بیركردنەوە سەرەتایی‌یانەیە؟ ئەگەر وایە رێگەی دەربازبوون كامەیە؟

بەڵێ، ژن دەبێ وەك تاكێك، بەر لە هەر شتێك خۆی لێكۆڵەری كێشەكانی بێ‌و لە پێناوی دۆزینەوەی ریشەی ئەم قەیرانە بەدڵنیایی‌یەوە دەبێ لە خۆیانەوە دەست پێبكەن‌و خۆیان بخەنەبەر رەخنە. نە ئەوەیكە شتەكان بخەنە ئەستۆی رەگەزی بەرانبەرەوەو هیچ بەرپرسایەتییەك وەئەستۆ نەگرن‌و چاوەڕوانی دەركەوتنی قارەمانێكی رۆستەم ئاسا بن تا بەرەو بەهەشتێكی بەختەوەری رێنوێنیان بكا. جیهانی ئەمڕۆ شێوەیەكی جیددی، تەسمیلی ئیرادەی كۆمەڵ، جوڵانەوەو زانیارییەو لە بەندی قارەمانە رۆستەم ئاساكان دەربازبووە. ئێمە دەبێ ئەم وتەیەی "بیرتولدبرێشت" شانۆنووسی ئاڵمانی لە بەرچاوبگرین كە دەڵێ:"وای بۆ نەتەوەیەك كە پێویستی بە قارەمانە."

ئیزنم بدەن لە كۆتایی وتارەكەدا بۆ سەرەتاكەی بگەڕێمەوەو سەرلەنوێ بڵێم: ئەوەی كە ژنانی وڵاتی ئێمە لەگەڵ كێشەی جۆراوجۆر بەرەو روون، شاراوە نیە، هەروەها بەوە ئاماژە دەكەم كە تا كاتێك ژنانی كۆمەڵگا بە بەختەوەری نەگەن، كۆمەڵگا خۆشی بە خۆیەوە نابینێ. ئەم شتە گرینگە بە لای‌لایی وتن‌و نووسینی تراژێدی‌نامەو مەزڵووم نوێنی بەرهەم نایەت، بەڵكوو بڕیارێكی قورس‌و قایم، رەخنەیەكی جیددی‌و لە ئاكامدا شۆڕشێكی دەروونی دەوێ. چونكە بە وتەی جۆرج ئورول"تا گۆڕانێكی بنەمایی‌و مانادار لە دڵەكاندا نەیەتەدی، هەموو شۆڕشەكان بە لارێدا دەكێشرێن"

سەرچاوە: ماڵپەڕی "اخبار روز"



**ژن دەبێ وەك تاكێك، بەر لە هەر شتێك خۆی لێكۆڵەری كێشەكانی بێ‌و لە پێناوی دۆزینەوەی ریشەی ئەم قەیرانە بەدڵنیاییەوە دەبێ لە خۆیانەوە دەست پێبكەن‌و خۆیان بخەنەبەر رەخنە. نە ئەوەیكە شتەكان بخەنە ئەستۆی رەگەزی بەرانبەرەوەو هیچ بەرپرسایەتییەك وەئەستۆ نەگرن**

**بۆ هاوكاریی زیاتری نێوان هێزە دێموكرات‌و پێشكەوتووەكانی ئێران تێبكۆشین**

# KURDISTAN

Organ of the Central Committee of Democratic Party of Iranian Kurdistan

No: 455   19 Feb  2007

ڕۆژنامەی "کوردستان"و ماڵپەڕەکانی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران،
لە تۆڕی جیهانیی ئینتێرنێتدا:

www.kurdistanmedia.com    http://www.pdk-iran.org

e- mail:    e- mail:

info@kurdistanmedia.com    pdkiran@club-internet.fr


## بەڕێوەچوونی فستیڤاڵی منداڵانی کوردستانی ڕۆژهەڵات



لــە ڕێکــەوتی ۱۲ی ڕێبەنــدانی ۱۳۸۵ی هــەتاوی، دنیــای منــداڵان وەك ناوەنــدی بەڕێوەبــەریی ســێهەمین فــستیڤاڵی وەرزشــی ـ زانیاریی منداڵانی کوردستانی ڕۆژهەڵات، بەپێی ڕەواڵی ساڵانەی خۆی و لـەکاتی پشـووی نیـوەی ساڵدا فستیڤاڵی زانیاری و فەرهەنگیو وەرزشی، بە بەشداریی ژمارەیـەکی بەرچاو لـە منـداڵانی کەمپەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێـران بەڕێوە چوو. ئـەم فـستیڤاڵە ۷ ڕۆژی خایانـد و لەلایـەن بـەڕێزان دوکتـور ئـاوات، دوکتـورای ئورتوپێـدیی نەخۆشـخانەی ئـازادی و پـەرویز مەراغـەیی، وەرزشـکاری دێرینـی حیزبەکـەمان کرایەوە.

لــە قوتابخانــەی ئــازادی لــە ڕێکــەوتی ۸۵/۱۱/۱٤ کێبـەرکێی زانیـاری بـەڕێوە چـوو، هەروەها لە ڕێکـەوتی ۸۵/۱۱/۱۷ لـە ناوەنـدی ۱ی کوردستانیش، کێبەرکێی زانیاری و چیرۆك و نەققاشی بەڕێوە چوو.

بواره وەرزشییەکان لەم فستیڤاڵەدا بریتی بوون لە:

۱ـ وەرزشە بچووکەکانی تایبەت لە ساوایانی ڕەوزە.

۲ـ ڕاکردنی خێرایی ٦۰ میتریی سەرەتایی.

۳ـ ڕیزگۆڵی سەرەتایی.



٤ـ هاویشتنی قورسایی ۲ کیلویی سەرەتایی.

٥ـ هاویشتنی قورسایی ٤ کیلویی ناوەندی.

شایانی ئاماژە پێکردنە کە ئەم فستیڤاڵە لـە ڕێکـەوتی ۸۵/۱۱/۱۹ دا کۆتـایی بـە کارەکـانی خۆی هێنا.

## خەڵاتی ڕێکخراوی لێبوردنی نێونەتەوەیی لە فیستیڤاڵی فیلمی بێرلین

فیستیڤاڵی فیلمی بێرلین کە لە ڕۆژی پێـنج شـەممۆ هەشتی فێوریە دەستی بە کار کرد تا ڕۆژی یەکشـەممۆ ۱۸ی فێوریــە درێــژە هەیــە. ڕێکخــراوی لێبــوردنی نێونەتەوەیی کە گەورەترین ڕێکخراوی داکۆکیکـەر لـە مافەکانی مرۆڤ لە جیهانە وەڤدێکی داوەرانی هەیە کە فیلمێکیان لەو فیستیڤاڵە وەك باشـترین فـیلم لەسـەر مەسـەلەی مـافی مـرۆڤ هەڵبـژاردوە. یـەکێك لـە ئەندامانی ئەو وەڤدە خاتوو کریستیانە پاول ئەکتـەری ئاڵمانییە. کریستیانە لەو باوەڕەدایە کـە هێنـدێك لـە وێنەکاندا دەتوانێ مرۆڤەکان لە کەمتەر خـەمی دەربێنـێ. کریسـتیانە دەڵـێ: "فیلمگەلێك کە چاك بەرهەم هـاتبێتن، دەتـــوانن تێگەیشـــتنی مرۆڤـــەکان بەرامبەر بـە بوارگـەلی جۆراوجـۆر وەك مافی مرۆڤ بەرنەسەرێ. بڕێ جار فـیلم دەتوانێ بینەرەکانی وەها بهـەژێنێ کـە بڕیـار بـدەن بـۆ مافـە مرۆڤییـەکان، کەسـانێك کـە مافـەکانیان ژێرپـێنراوە تێبکۆشن."

خەڵاتی فیلمی ڕێکخـراوی لێـوردنی نێونەتەوەیی ڕۆژی ۱۷ی فێوریـە (۲۸ی ڕێبەنـدان) دەدرێ، کـە نرخـی ۲۵۰۰ یۆرۆوە. ساڵی ڕابردوو ئەم خەڵاتە درا بە "شکۆفە نێرگێز". ئەم خەڵاتە، جیا لـە




فێسـتیڤاڵی بێـرلین لـە فیسـتیڤاڵگەلی ئامسـتردامو ڕوتێردامـی هولەنـد، کوپێنهاگی دانمارکو لوسئانجلیس بە باشترین فیلمەکانی ئەو بوارە دەدرێ.

سەرچاوە: "دویچە وێلە"

## دژکردەوەی دەوڵەتی فەڕانسە بە فیلمێکی کاندیدای خەڵاتی ئۆسکار



بە بڵاوکردنەوەی فیلمی " ڕۆژانی پڕشکۆ" کە لـە بـارەی ئـەو سـەربازە موسـڵمانە فەڕانسـەیی‌یانەیە کـە لـە شـەڕی دووهـەمی جیهانی بەشدار بوونو خزمەتەکـەیان لـە ئەرتەشـی فەڕانسـە بـێ پاداش ماوەتەوە. ئەم فیلمە بوو بە هـۆی ئـەوە کـە پاداشی ئەو سەربازانە لەلایەن دەوڵەتەوە بدرێتەوە.

ڕۆژی ۲٤ی فێوریە فیلمی "دیز ئاو گلۆری" یـان ڕۆژانی پڕشکۆ لە ڕێورەسمی خەڵاتە سینەمایی‌یەکانی "سـێزار" کـە هاوتـەرازی فەرانسـەیی خەڵاتـەکانی ئۆسکار دەژمێردرێ، کاندیدای وەرگرتنی ۹ خەڵاتـە لە خشتەی جۆراوجۆری باشترین فیلمـەکانی سـاڵدا. ئەم فیلمە کـە یـەکێك لـە ٥ کاندیـدای وەرگرتنـی خەڵاتی ئوسـکاری ئەمسـاڵە لـە خشـتەی باشـترین فیلمـە بیانییەکانـە. فیلمەکـە داستانی سـەربازانی موسوڵمان لـە کلونییـەکانی فەرانسـە لـە ئافریقـای باکوورە کە لە سەردەمی شەڕی دووهەمی جیهانی لە پێنـــاوی ئـــازادی فەرانســـە خۆیانیـــان خســـتە مەترســـییەوە، بـــەڵام دەوڵـــەتی فەرانســـە وەك شارومەندی پلـە دوو هەڵسـوکەوتی لەگـەڵیان کرد. بە درێژایی نیوسەدەی ڕابـردوو فەرانسـە بـە دانـی لانیکـەم مووچـە خانەنشـینی بـەو سەربازانە، هەڵسوکەوتی ناشایستی لەگـەڵیان کردوە.

جێگای ئاماژەیە کە بڵاوکردنەوەی فیلمێك کە تا ئەو ڕادەیە بتوانێ یاسای وڵاتێك بگۆڕێ بێ‌وێنەیـە. ئـەم فیلمـە بـە ڕوونکردنـەوەی برگەگــەلی نــاڕوونی مێــژووی هاوچــەرخی فەرانســـە، بـــوو بـــەهۆی بەدەســـتهێنانی شانازیگەلی نوێ بـۆ کەمایەتییـەکانی وڵاتـی فەرانسـە لەوانـە جیلـی نـوێی موسـوڵمانی ئافریقایی دانیشتووی ئەو وڵاتە.

سەرچاوە: "رادیو فردا"

## بۆ یەکەم جار ژنێك بوو بە بەرپرسی زانستگای هاروارد

"دروگیلپین فاوسێت" وەك یەکەمین ژن، لە مێژووی ۳۷۱ ساڵەی زانستگای هاروارد، بوو بە بەرپرسـی ئـەو زانسـتگایە. خـاتوو "فاوسـێت"کـە مامۆسـتا ی مێـژووی ئـەو زانستگایەیە، ئێستا ناوەندێکی لێکۆڵینەوە بە زیاتر لە ۸۰ کـارگێڕو ۱۷ میلیـۆن دۆلار بوودجە بەڕێوە دەبا. ئەگەرچی ڕکەبەرەکانی هاروارد وەك "MIT"و"کەمبریج" تا ئێستا بەرپرسی ژنیان هەبووە، بەڵام لە زانستگای "هاروارد" ئەمە ڕووداوێکی مێژوویی‌یە.

بەپێی نووسینی سایتی بوستون، "کارول ئێسمیت" بەرپرسـی کـالێجی "ئێسـمیت" دەڵێ ئاوەها هەڵبژاردنێك سەنبولی پێشکەوتنی ژنان بۆ بەدەستەوەگرتنی بانترین پلەی ڕێبەرایەتییە. زانستگای هـاروارد کـە سـاڵانێکی زۆرە وەك باشترین زانستگای جیهان هەڵدەبژێردرێ بوودجەیەکی نێزیك بە سـێ میلیـارد دۆلارو ۲٤ هەزار کارگێڕی هەیە. خاتوو فاوسێت کە پسپۆڕی باشووی ئەمریکایە تا ئێستا لەمەڕ هەڵبژاردنیەوە هیچ لێدوانێکی نەداوە.




منبع: "رادیو فردا"



قەیرانی کۆمەڵایەتیو ئابووری لە ئێرانی ژێر دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامیدا ؟!

بەر لەماڵاوایی

## کوردو شۆڕشی ئێران

دیار

ژێستی مۆدێرنیزەکردنی ئێران لە لایەکو بەڕێوەبردنی دیکتاتۆرییەکی توند لە دژی گەلانی ئێـرانو ڕۆڵـە مـافخوازەکـانی لـەلایـەکی دیکـە، هەلومەرجی وڵاتی بەرەو بەرپاکردنی شۆڕشێکی گەورەو کەم وێنە لە دژی ڕێژیمی پاشایەتی لە ئێراندا ڕاکێشا، کە بەشـدارانی شـۆڕش لـەهـەمـوو بیروبۆچوونو چینو توێژەکانی وڵات کـە هـەرکامـەیان بـە لێکدانـەوەی تایبەت بەخۆیەوە لـەو شۆڕشـەدا بـەشـدارییان کردبـوو، پیـك هـاتبوو. لەسەرەتادا دروشمی سەرەکیی گەلانی ئێران بریتی بوو لە سەربـەخـۆیی‌و ئازادی کە لە ڕەوتی بەرەوپێشچوونی شۆڕشدا لە لایەك بەهۆی نـەبـوونی یەکگرتـوویی‌و بـەرنامـەیـەکـی ڕوون لـە لایـەن ڕێکخـراوە سیاسـی‌یـە سێکولارەکانو، لەلایەکی دیکەوە "ئینسجام"و یـەکگرتـوویی ئاخونـدە شیعەکان کە لەنێو توێژی مەزهـەبـی‌و دواکـەوتـوودا نفـوزێکی زۆریـان هەبوو، پارەیەکی زۆریان لە بـەردەسـتدا بـوو، لـە هـەمـوان گـرینگتر دەسەڵاتیان بەسەر مزگەوتەکاندا کـە شـوێنی کۆبوونـەوەی خـەڵـك بـوو هەبوو،و مزگەوتەکانیان بۆ هاندانو ڕێکخستن بەکار هێناو بـەم چـەشـنە توانییان بەرەبەرە بە دروشمەکان ڕەنگو ڕووی مەزهـەبـی بـدەنو دروشمـی "سەربەخۆیی‌و ئازادی، کۆمـاری ئیسـلامی"شـیان لــێ زیـادکردو لـە زۆربەی ڕێپێوانەکاندا ئـەم دروشمانـە سـەربـەخـۆیی، ئـازادی، کۆمـاری ئیسلامی‌و هەروەها "نە شـرقی نـە غربـی" کۆمـاری ئیسـلامی بـەرز دەکرایەوە.

ئەم دروشمگەلە لەو کاتەدا کە فەزای چەپ (ئیسلامی‌و سۆسیالیستی) بەسەر کۆمەڵگای ئێراندا زاڵ بووو، لێکدانەوەی سەربەخـۆیی بـە واتـای ئەوە کە ڕێژیمی پاشایەتـی بـەسـتراوە بـە ئـەمریکـاو ڕۆژئاوایـە، لێـك دەدرایەوەو وایان دەنواند کـە ئـەوان خوازیـاری حکومـەتـێکن کـە بـە هیچکام لەو دوو بلووکە بەستراوە نەبێ، لەکاتێکـدا ئـەمـە بێجگـە لـە دروشمێکی عەوام خەڵەتێنو بێ نێوەڕۆك شتێکی دیکـە نـەبـوو. ئیسـتا پاش ۲۸ ساڵ تێپەڕبوون بەسەر شۆڕشی گەلانی ئێراندا، کاتێك چـاو لـە بـارودۆخی ئێـران دەکـەیـن، زیـاتر لـە پێشـوو بـێ نێـوەرۆکیـی ئـەم دروشمگەلەمان بۆ دەردەکەوێ، لانی‌کەم لە قۆناغیکدا ئێران ڕۆژئـاوایی‌و ڕۆژهەڵاتی بوو.

کورد یەکێك لەو گەلانە بوو کە زیاتر لە هـەمـوان لـەلایـەن ڕێـژیمی پاشایەتییەوە زوڵمی لێ کرابووو ڕۆڵەکانی شەهید کرابوون، زیندانەکـانی ڕێژیمی پاشایەتی لە ڕۆڵە شوڕشگێڕەکانی کورد ئاخێندرابوون، بۆیە کورد شانبەشانی گەلانی دیکەی ئێرانو تەنانەت لە پێش لـەوان دەسـتی دایـە خەبات، بەو هیوایە ڕێژیمێك بێتە سەرکار کە مافی گەلانـی ئێـرانو یـەك لەوان گەلی کورد دابین بکا.

شۆڕشی گەلانی ئێران لە ۲۲ی ڕێبـەنـدانی سـاڵی ٥۷ی هـەتـاوی‌دا سەرکەوت. هەر لە ڕۆژو مانگەکانی سەرەتای سەرکەوتنی شۆڕشـدا بـوو کە خومەینی‌و داروودەستەکەی لە نەورۆزی سـاڵی ٥۸دا شـاری سـنەیـان وەبەر گولەو تۆپ داو، بە سەدان کەسیان شـەهیـدو برینـدار کـردو بـەم چەشنە تەنیا ٤۰ ڕۆژ پاش سەرکەوتـنی شـۆڕش نیـازی خراپـی خۆیـان دەرحەق بە خەڵکی کوردستان نیشان دا.

لە ریفراندۆمی ڕێژیم بۆ دیاریکردنی سیستمی نیزامـی داهـاتوو کـە لە۱۰ی خاکەلێوەی ٥۸ لە پرسـیارێکی کۆمـاری ئیسـلامی "بـەڵـی"و "نا"دا بەڕێوەدەچوو، حیزبی دێموکراتی کوردسـتانی ئێـران ڕای‌گـەیانـد بەهۆی نوێبوونی ئەم سیستمەو ڕوون نەبوونی ناوەرۆکی لـە ریفراندۆمـدا بەشداری ناکاو لە ڕاگەیـنـدراوێكدا داوای لـە خـەڵکـی کوردسـتان کـرد بەشداری لەو ریفراندۆمەدا نەکەن.

پـاش ۲۸ سـاڵ دەسـەڵاتـداریێتی ڕێـژیمو دەرکـەوتـنی نـاوەڕۆکـی دواکەوتوانەو دژی ئینسانی ئەو ڕێژیمـە، گرینگـی ئـەم بڕیـارەی حیزبـی دێموکرات زیاتر لە پێشوو دەردەکەوێو نیشان دەدا کە حیزبی دێموکرات لە بڕیارەکانی‌دا واقعبینو نەترسە، ئـەم بڕیـارەی کاتێـك دەرکردبـوو کـە کەشوهەوایەکی پۆپۆلیستی بەسەر وڵاتـدا زاڵ بـووو زۆربـەی ڕێکخـراوە سیاسییەکان ڕایان‌گەیاندبوو کە لەو ریفراندۆمەدا بەشداری دەکەن.

ڕێژیمی ئیسلامی پاش بەڕێوەبردنـی ریفرانـدۆم، بـۆ مـەجلیسـی یاسـادانان هەڵبژاردنی کردو کە لەم بارەشەوە د. قاسملوو وەك نوێنەری پارێزگای ورمێ بـۆ مەجلیسی خوبرەگان ڕێگای پێ نەدرا لەو مەجلیسەدا بەشداری بکا، هـەر لـەو کاتەشدا لە ۲۸ی گەلاوێژی ٥۸ خومەینی فەرمانی جیهادی دژی گەلـی کـوردو ڕۆڵە شۆڕشگێڕەکانی تەنیا بەتاوانی مافخوازییەوە دەرکرد. گەلی کـوردیش بـە ڕێبەریی حیزبە شۆڕشگێڕەکەی لە بەرامبەر هێرشی سوپای جـەهـلو نـەزانـی‌دا دەستی دایە بەرگری لە مافو ئازادییەکانی، بەرگرییـەك کـە تـا ئێسـتاش لـە شکڵو شێوازی جۆراوجۆردا بەردەوامە.

کۆماری ئیسلامی بۆ بەچۆکداهێنانی گەلەکەمـان لـە سـەرکـوت، تـیرۆری ڕێبەران، وێرانکردنی گوندەکانو ئاخنینی زیندانـەکـانی لـە ڕۆڵـە خـەبـاتگێڕو ئازاکانی گەلەکەمان، خۆی نەپاراستووەو بۆ بەچۆکداهێنانی بزووتنەوەی خەڵکی کوردستانو ڕێبەرایەتییە وشیارو ئاگاکەی واتە حیزبی دێـموکراتی کوردسـتانی ئێران، لە هیچ پیلانێك خۆی نەپاراستووە کە بەخۆشییەوە لەو نیـازە خراپـەیـدا سەرنەکەوتووەو ئیستا ڕێژیم لە قەیرانێکـی زۆر قـووڵی نێوخـۆیی‌و دەرەوەیـی‌دا دەژیو خەباتی خەڵکی کوردستانیش ڕۆژ لەدوای ڕۆژ ڕوو لە گەشەکردنەو تا دێ لە هەوڵەکانی بەرەوپێش دەچێ کە نوێترین سـەرکـەوتـنی، وەرگیرانـی حیزبـی دێموکرات بە ئەندام لە ڕێکخراوی نـەتـەوە بـێ‌نوێنـەرەکـان کـە ڕێکخراوێکـی سەربەخۆیە.

❊❊❊